# ئەندۆرا

شانۆنامەیەک لە دوازدە وێنەدا



سەرپەرشتیاری زنجیرەی شانۆی جیهانی

**دانا ڕەئووف**

ماکس فریش

# ئەندۆرا

## شانۆنامەیەک لە دوازدە وێنەدا

وەرگێڕان لە ئەڵمانییەوە

کەریم پەڕەنگ

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق



هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

ماکس فریش
ئەندۆرا
وەرگێڕان لە ئەڵمانییەوە: کەریم پەڕەنگ
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٠٧٣
چاپی یەکەم ٢٠١٠
تیرێژ ٦٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٢٤٨٠ – ٢٠١٠
نەخشاندنی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
ڕازاندنەوەی بەرگ: مریەم موتەقییان
هەڵەگری: فەرهاد ئەکبەری. بۆکان نووری

# پێشەکی

## ژیاننامەیەکی کورتی تەمەنێکی درێژ

مەبەستی ئێمە نییە لەم پێشەکییە کورتەدا ژیاننامەیەکی درێژی ماکس فریش ڕیز بکەین، بگرە ئەوەندەی بکرێ ڕووناکی بخەینە سەر چەند وێستگەیەکی ژیان و بەرهەمەکانی تا کەمۆکەیەک و ئەوەندەی لە توانای پێشەکییەکدا بێ، بە خوێنەری کوردی بناسێنین و هەوڵی ڕاڤەکردنی شانۆنامەی "ئەندۆرا" بدەین، هەتا خوێنەری کورد بتوانێ وێنایەکی نووسەر و کار و بەرهەمەکانی بکا.

ماکس فریش یەکێکە لە پێشڕەوانی شانۆی ئەڵمانیزمان و جێ دەستی نەک هەر لەسەر شانۆ، بگرە بە سەر سەرجەمی ئەدەبی ئەڵمانیی سەدەی بیستەمەوە دیارە.

ماکس فریش لە ساڵی ١٩١١دا لە زیوریخ لەدایک بووە و لە ساڵی ١٩٨١دا لە هەمان شار کۆچی دواییی کردووە. ئەگەر مرۆڤ بیەوێ فریش وەکو نووسەرێک بە خوێنەر بناسێنێ، تووشی ئاستەنگێکی گەورە دەبێ. فریش بە درێژاییی ژیانی تاکڕەو و دوورەپەرێز بووە، لەگەڵ ئەوەیشدا کە دوو جار ژنی هێناوە و پێوەندییەکی بەرفراوانی لەگەڵ چەندان ژندا هەبووە و هاوڕێیەتیی زۆر نووسەرو داهێنەری کردووە، بەڵام هەردەم هەستی بە دابڕان و جودایییەک کردووە. تەنانەت باسی پێوەندیی خۆی لەگەڵ دایک و باوکیدا وەکو



پێوەندییەکی دوورەپەرێز دەکا و لە گەڵیاندا هەستی بە نامۆیی کردووە.

فریش هەر زوو کەڵکەڵەی سەفەر دەکەوێتە سەری و ساڵانێکی زۆری تەمەنی بە سەفەر دەگوزەرێنێ و زۆر جار جێگەی ژیانی دەگۆڕێ (نەک هەر لە ناو سویسرادا، بگرە بە هەموو دنیادا) و بە سەرتاپای دنیادا سەفەر دەکا. جارێک ئاوها وەسفی گرنگیی سەفەر دەکا:

(ئەو وێنانەی لە کاتی سەفەردا دەیانبینم بۆ نووسین دەموورووژێنن. ترسێک بۆ خۆجێگیرکردن یان جێگیربوونی دەچێتە سەر. کە مرۆڤ سەفەر بکا، ئەو هەلەی بۆ دەڕەخسێ لە نوێوە دەست پێ بکا. لە ڕاستیدا ئەوە خودی سەفەر خۆی نییە، بگرە جێگۆڕینە. شوناسنامە گۆڕین زۆر لەمە گرنگترە. مرۆڤ دەڕوا بۆ ئەوەی هەردەم ئەم "ڕوانگە گوندەکی"یەی نەبێ. پەرچەکردارەکانی لەبارەی ئەم "بۆگەنەی ئێرە وەڕەسی دەکەن").

کارە زۆرەکانی پێشانی دەدەن، فریش چەند کارا نووسیویەتی و چەند زۆرنووس بووە. کە لاو بوو نە خۆی نە هیچ کەسی تر پێشبینیی ئەوەی نەکردووە، ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەم نووسەرە مەزنەی لێ دەردەچێ، چونکە پاش دواناوەندی دەستی بە خوێندنی زمان و ئەدەبی ئەڵمانی کردووە و پاش ساڵێک دەستی لێی هەڵگرتووە. ئەمجا وەکو ڕۆژنامەوان کاری کردووە و پاشان دەستی بە خوێندنی بیناسازیی کردووە. لەگەڵ ئەوەیشدا وەکو ئەندازیار سەرکەوتنی باشی وەدەست هێناوە، بەڵام هەر زوو واز لە کارەکەی وەکو ئەندازیار دەهێنێ. بەمەیش ژیانی بۆرژوازییانەی سویسرا بەجێ دەهێڵێ و بە تەواوی خۆی بۆ کاری نووسین تەرخان دەکا.

ئەو هەموو خەڵاتە ئەدەبییانەی پێی دەدرێ، نرخاندنی بەرزی کارە

ئەدەبییەکانی دەسەلمێنن. چەند سیاسەتمەدارێکی ئەو کاتەیش ڕێزێکی زۆری لێ دەگرن. لەگەڵ هەموو ئەمانەیشدا فریش هەموو کات گومانی لە توانای خۆی کردووە و کارەکانی خۆی بە دڵ نەبووە و لە هەمبەر داهێنانەکانی خۆیدا بەگومان بووە، ڕەخنەی لە خۆی گرتووە. هەموو کات وتوویەتی: "من حەڤدە جار عەقڵانیتر لەوەی هەڵسوکەوت بکەم، قسە دەکەم. ئەمەش وەڕەسم دەکا.". جگە لەوە دانی بەوەدا ناوە لە چەندان دیاردەی داهێنانەکانی دوای بڵاوبوونەوەیان، بە ئاگایی تێیانی ڕوانیوە. لەبارەی ڕۆمانی "شتیلەر"، کە لە پڕ پێی بە ناوبانگ بوو و تێمای سەرەکیی ئەو ڕۆمانەش گەڕان بە دوای شوناسنامەدا بوو فریش دەنووسێ: "بەڵام ئەو کاتە، لە کاتی "شتیلەر"دا لەبەر شاگەشکەبوون نووسین بەهیچ شێوەیەک حسێبی عەقڵانیم بۆ گرفتی شوناسنامە نەکردبوو."

## ئەدەب وەکو تێراپی

نووسین یارمەتیی فریشی دا بە سەر پێوەندییە ئاڵۆزەکان و ژیاندا زاڵ بێ. جارێکیان فریش نووسینی وەکو "خۆپاراستن" ناوزەد کردووە، چونکە مرۆڤ بەبێ نووسین لەگەڵ خودی خۆیدا دەرنابا– لەگەڵ ئەوانی تریشدا بەهەمان شێوە. بۆیە نووسینی هەردەم وەکو پڕکردنەوەی بۆشایی بۆ ئافرەت و هاوڕێ سەیر کردووە و وەکو تێراپییەک بۆ دڵتەنگی و خەمۆکی و دوورەپەرێزی، تێی ڕوانیوە.

## لە لانەی خۆ هەڵگەڕاوە

ماکس فریش بە درێژاییی ژیانی بە دیدێکی ڕەخنەگرانەوە لە سویسرای ڕوانیوە. "ئەندۆرا" بۆ فریش بە پلەی یەکەم کارێک نییە، کە



لە ڕێیەوە ڕەخنە لە ئەڵمانەکان دەگرێ، بگرە ڕەخنەیە لە بەرامبەر هەڵوێست و ڕەفتاری سویسرا لە کاتی حوکمی نازیەتدا. هەردەم و دووبارە هەڵوێستی لە بەرامبەر دیدی وڵاتەکەی دەربڕیوە، لەگەڵ ئەوەیشدا هەموو کات بۆ سویسرا گەڕاوەتەوە. ڕاستەوخۆ و ڕووبەڕوو و لە هەمان کاتدا بە دیدێکی ڕەخنە لە خۆگرانە جارێکیان بەم جۆرە پەنجەی خستووەتە سەر شتەکان: "ئەوە ڕاستە کە من ناتوانم تەحەمولی ئەم هەرچی و پەرچییانە بکەم، لەبەرئەوەی مرۆڤ خۆیشی ئەو خەوشانەی تێدایە، ئەمە هاوپێوەندە بە جۆرە قێز لە خۆبوونەوەیەک."

## تێما بنەڕەتییەکانی کار و بەرهەمی فریش

کار و بەرهەمە فرەکانی فریش لە دەوری چەند تێمایەک دەخولێنەوە. دەتوانین بەشێوەیەکی سەرەکی ئاماژە بۆ تێمای گەڕان بە دوای شوناسنامەی مرۆڤدا بکەین. من کێم؟ مرۆڤبوون لە چیدایە؟ فریش لە چەندان کاریدا و لە زۆر ئاستی جیاوازدا خۆی بۆ ئەم پرسیارانە تەرخان کردووە.

وەکو دووەم خاڵی بەرهەمی فریش، دەتوانین پێوەندیی ژن و پیاو دیاری بکەین. پێوەندیی فریش خۆی بە ژنەوە هەموو کات ئاڵۆز بووە. لە کارە ئەدەبییەکاندا دەتوانین سەرنجی ئەوە بدەین، کە زۆربەی جار ژنان باشتر و زووتر جێی خۆیان دەکەنەوە و خۆیان لەگەڵ دەوروبەردا دەگونجێنن و پیاوان وەکو بوونەوەرێک نمایش دەکرێن کە توانای پێوەندی بەستن و دەرس وەرگرتنیان نییە.

تێمایەکی سەرەکیی تر لە نووسینەکانی فریشدا، مرۆڤ و دەستەڵاتی دەوڵەتە. لێرەدا فریش بە ئاشکرا وەکو ڕەشبین

دەردەکەوێ: لە کارەکانیدا لەبارەی ئەم تێمایە، مرۆڤ بەبێ هێز و هیچ لە باردا نەبوو دەردەخا و هەموو کاتیش لە ململانێی تاک لەگەڵ دەستەڵاتدا بە دۆڕاوی دەخاتە ڕوو. ئەم ڕەشبینییە لە ئاست هەوڵدان بۆ گۆڕینی پێوەندیی تاک لەگەڵ دەستەڵاتدا، وەکو هێڵێک زۆر لە داهێنانەکانی فریشی نەخشاندووە.

## پشتینەیەکی کورتی مێژوویی ئەندۆرا

"ئەندری" کارەکتەری "ئەندۆرا" لاوێکە، بە منداڵی مامۆستای یەکێک لە قوتابخانەکانی ئەندۆرا هەڵگیراوەتەوە. ئەم منداڵە لە ژنێکی ڕەشی وڵاتی ڕەشەکانی ئەوبەرەوەیە، ئەندۆراییەکان دوژمنی خوێنخۆری ئەوانن و خۆیان لەوان زۆر بە باشتر و تەواوتر دێتە بەرچاو. بۆ ئەوەی منداڵەکە پەراوێز نەخرێ و بۆ پەردەپۆشکردنی ئەم ڕاستییە، مامۆستا هەر لە سەرەتاوە بانگەشەی ئەوە دەکا، ئەمە منداڵێکی جوولەکەیە لە دەستی ڕەشەکانی ئەوبەرەوەی ڕزگار کردووە، بەڵام لە ڕاستیدا "ئەندری" جوولەکە نییە، بگرە منداڵی ژنێکی ڕەشی سینۆرا ناو و مامۆستایە. دانیشتوانی ئەندۆرا بە مامەڵەکردنیان لەگەڵ ئەندری وەکو جوویەک و پێشداوەرییەکانیان بەرامبەر جووەکان، ئەندری ناچار دەکەن، شوناسنامەی جوو وەربگرێ و خۆی بخاتە ئەو چوارچێوەیەوە، ئەمەش خاڵی دەستپێکی ڕووداوەکان یان باشتر بڵێین کارەساتەکانی شانۆنامەی "ئەندۆرا"یە.

فریش ویستویەتی پێش هەموو شتێک مۆدێلێک بهێنێتە سەر شانۆ کە دیاردەیەکی سەروو کات دەربخا. بەڵام ڕووداوی مێژوویی کۆنکریتی لە بەرچاو گرتبوو. واتە ئەگەرچی بە سەرجەمی شانۆنامەکەوە ئاماژە بۆ سەردەمی نازییەکان هەیە، بەڵام ئەم



دیاردەیە دەکرێ لە هەموو کاتێک و لە هەموو شوێنێکدا بێتە ئاراوە.

فریش کار لە وێنای کلێشەیی جوولەکە دەکا، کە سەرەتاکانی دەگەڕێتەوە بۆ چاخەکانی ناوەڕاست. لەگەڵ ئەوەیشدا، ئێرە جێی تۆژینەوەیەکی تێروتەسەلی مێژووی دژە جوولەکە و چەوساندنەوەیان نابێتەوە، بەڵام بۆ باشتر تێگەیشتن لە شانۆنامەی ئەندۆرا پێویست دەکا ئاماژە بە چەند ڕەهەندێکی ئەم حوکمە پێشوەختییانە بکەین.

لە چاخەکانی ناوەڕاستەوە هەتا سەردەمی نوێ، پیشەی دەستی و کشتوکاڵ لە جوولەکە قەدەغە بوو؛ ناچار کرابوون ڕوو بکەنە بواری پارە بە قەرزدان، کە بەهۆی قەدەغەکردنی سووخۆریی لە ئینجیلدا، بەگوناه لە قەڵەم دراوە و لە مەسیحییەکان حەرامە. لە هەمان کاتدا دەرەبەگەکان بۆ کەفالەت داوای ڕێژەیەکی زۆر پارەیان دەکرد. ئەمە جوولەکەکانی ناچار دەکرد داوای سوویەکی زۆر بکەن و بۆ وەرگرتنەوەی قەرزەکان دڵڕەقانە و نامرۆڤانە ڕەفتار بکەن. قەرزدارەکان لە پشتینەی هۆی ئەم ڕەفتارە تێ نەدەگەیشتن، بگرە وەکو چاوچنۆک و پوولەکی سەیری جوولەکەکانیان دەکرد؛ بەهۆی ئەمەوە قێزەون بوون و زۆرجار ڕاوەدوو دەنران. بە هەمان شێوە لە "ئەندۆرا" پیشەی کاری دەستی لە ئەندری قەدەغە دەکرێ، دارتاشەکە ناچاری دەکا ببێتە فرۆشیار، ئەمە لە قازانجی دارتاشەکە خۆیدایە، بەڵام سەرکۆنەی ئەندری بەوە دەکات کە پووڵەکییە.

ئەوە ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە کە جوولەکەکان لە هونەر و زانستدا، لە سەدەی نۆزدە و بیستدا، سەردەست بوون، کە پڕوپاگەندەی دژە جوولەکە مانای خراپی پێ لێک درایەوە لەلایەن دژە جوولەکەکانەوە تاکتیکێکی زیرەکانە بوو، ئەگینا دانپێدانان دەبوو بە سەردەستیی جوولەکە لەو بوارانەدا. لەبەرئەوە بانگەشەی ئەوە دەکرا

که جوولەکەکان لە ڕکابەریدا لە زانکۆکان ساختەکار و فێڵبازن. لەم پشتینەوە دەبێ مرۆڤ لە قسەکانی دوکتۆری نێو ئەم شانۆنامەیە بڕوانێ. هۆی ڕاستەقینە شتێکی ترە: لەبەرئەوەی لە کاتی شۆڕشی پیشەسازیدا پیشە ڕۆشنبیرییەکان لە پەرەسەندندا بوون جوولەکەکان هێشتا هەر کاری ئاساییان لێ قەدەخە بوو، زۆرجار ڕێگەی خوێندنی بەرزیان دەگرتە بەر. ئەمە بەهۆی بەهای بەرزی فێربوون و ئەقڵی پەروەردەی جوولەکە پشتگیریی دەکرا.

که لە ئەندۆرادا "ڕەشەکان" بەشێوەیەکی سیستەماتیک جوولەکە دەکوژن، لە ڕاستیدا مەبەستی فریش ئەڵمانیای نازییە ئەمە مشتومڕ هەڵناگرێ. بەڵام لە سەرجەمی شانۆنامەکەدا نازییەت لە پێشەوەی مەبەست نییە.

فریش بە درێژاییی ژیان و لە زۆربەی کارەکانیدا ڕەخنەی لە مادەپەرستی، هەلپەرستیی سیاسی و ڕەتکردنەوەی بێگانە لە سویسرا کردووە. لە پاش شەڕ سویسرییەکان ستایشی خۆیان بەوە دەکرد کە پەناهەندەیان وەرگرتووە، بەڵام لە ڕاستیدا بێدەنگ بوون: زۆرجار پەناهەندەی نایاساییی جوولەکە ڕادەستی ئەڵمانیا کراوەتەوە، یاساییەکانیان خستووەتە ئۆردووگای کاری قورسەوە. لە ساڵی ١٩٤٢دا جاڕی ئەوەیان دا کە کەشتییەکە پڕە و جێگەی کەسی تری تێدا نابێتەوە، لەگەڵ ئەوەیشدا کە هەموو سویسرا ٩٦٠٠ پەناهەندەی ئەڵمانی تێدا بوو. لە ساڵی ١٩٤٤ بەدواوە کاتێ لەوەدا بوو جوولەکە لە ئەڵمانیا نەمێنێ، وەکو پەناهەندەی سیاسی ناو دانیان بە جوولەکەدا ئامادە بوون وەریان بگرن. وتارە شۆڕشگێڕانەکانی دوکتۆر لە "ئەندۆرا"دا لەگەڵ ئەو وێنە کلێشەییانەدا وێک دێنەوە کە سویسرا لەبارەی خۆی هەیەتی.



ئەگەر لێرەدا ئاماژە بۆ پشتینەی مێژوویی سەرهەڵدانی ئەندۆرا بکەین، دەبێ ئەوە بە بیری خوێنەر بهێنینەوە، کە لە نێوان یەکەم پاکنووسی شانۆنامەکە و یەکەم نمایشیدا پازدە ساڵ بە سەرچوون. فریش هەموو کات دەستکاریی شانۆنامەکەی کردووە و شتی لێ گۆڕیوە. لە ماوەی ئەم پازدە ساڵەدا گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی و کولتووری گەورە لە ئەوروپا هاتوونەتە ئاراوە. شانۆنامەکەی فریش لە کاتێکدا بڵاو دەکرێتەوە کە لە نائاگاییی زۆربەی مرۆڤەکاندا، سامناکیی شەڕی دووەمی جیهانی و تاوانە قێزەونەکانی نازییەکان بە سەرچوون. لە ساڵانی پەنجاکانی سەدەی بیستەمدا زۆربەی خەڵک سەرقاڵی ئەوە بوون خۆیان لە ئاستەنگ و تەنگژیی و بەدییەکانی تەنگەتاویی قورتار بکەن و پشکیان لە گەشە و پێشکەوتنە ئابوورییەکاندا هەبێ، نەک خەریکی بە خۆدا چوونەوەیەکی ڕەخنەییانەی ڕابردوو بن.

ئەوروپا لەو کاتەدا چەقی کێشمەکێشی نێوان زلهێزەکان و هاوپەیمانەکانی بووە. "شەڕی سارد" بڕیاری سیاسەتی جیهانی دەدا و سەروەر بوو. لە ئەڵمانیا لەلایەکەوە ئاوەدانکردنەوەی وڵات و گەشەی ئابووری لەلایەکی ترەوە چاکسازیی سیاسی باڵی بە سەر وڵاتدا کێشابوو. ڕێک لەم سەروبەندەدا ئەستێرەی ماکس فریش وەکو نووسەر لە دنیای ئەدەبدا لە هەڵکشاندا بوو. کاتێ ئەندۆرا لە ساڵی ١٩٦٢دا لە شانۆکانی ئەڵمانیا نمایش دەکرێ، ماکس فریش ئیتر بۆ خوێنەران و جەماوەری شانۆی ئەڵمانی نەناسراو نییە. لە ساڵی ١٩٥٤دا بەهۆی ڕۆمانی شتیلەر و پاشان مرۆڤی داهێنەرەوە ناوودەنگیان لە ئەڵمانیا پتر کردبوو. ئەم نووسەرە سویسرییە بۆ ئەڵمانەکان وەکو ئەقڵ و ڕوحێکی ڕەخنەگرانە و لە هەمان کاتدا

ناوابەستە دەرکەوت و ڕێی داهێنان و بەخششی خۆی گرتبووە بەر. ڕەنگ بێ، بتوانین سەرکەوتنی فریش لەو کاتەدا بەوە ڕوون بکەینەوە کە ڕوحی ڕەخنەگرانەی لە پاڵ تیمای سەرەکیتری، وەکو حوکمی پێشدەست و وێنا دروستکردن کاری تێدا کراوە.

ئەوەیش پتر ڕۆڵی لە سەرکەوتنی ئەندۆرادا هەبوو ئەوە بوو کە ڕەوشی سیاسی، کۆمەلایەتی و ئەقڵیی کۆمەڵگەی ئەڵمانی لە ساڵانی شەستەکاندا بە کاوەخۆ لە گۆڕاندا بوو. ئایا فریش بەو مەبەستەی گەیشت کە هەموو تاکێک لە خۆی ڕابمێنێ و بیر لە هاوتاوانیی خۆی بکاتەوە؟ ئەمە پرسیارێکی ترە و ڕەنگبێ ئەم پێشەکییە کورتە جێگەی ئەم ڕاڤەیەی تێدا نەبێتەوە. بەلام لە ئەڵمانیای ڕۆئاوا سەدای داواکاریی ڕووبەڕووبوونەوەی ڕابردووی نازییەت هەردەم بەرزتر دەبووەوە. بزووتنەوەی وەچەی ٦٨ وەچەی باوکانی لەگەڵ پرسیاری گوناهباری و هاوتاوانی لە هۆلۆکاوسدا ڕووبەڕوو کردەوە. ئەگەر لەم گۆشەنیگایەوە سەیری ئەندۆرا بکەین، بۆمان دەردەکەوێ ماکس فریش پێش سەردەم کەوتبوو.

## "ئەندۆرا" وەکو مۆدێلێک

لە پێشەکیی ئەندۆرادا ماکس فریش جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەم شانۆنامەیە تەنیا مۆدێلێکە. فریش دەیەوێ لە ئەندۆرادا پەردە لەسەر پرۆسیسی سەرهەڵدانی دەروونی و کۆمەڵایەتیی حوکمی پێشوەخت هەڵداتەوە و ڕووناکی بخاتە سەر و کاری تێدا بکا.

حوکمی پێشوەخت بەوە سەر هەڵدەدا کە مرۆڤ خەسڵەتە نەرێنییەکانی خۆی چەپەر دەکا و بۆ ئەوانی تری دەگوازێتەوە. ئەمجا دەتوانن لەم نێچیرانەدا پەنجەنومای بکەن و ڕاویان بنێن. فریش لە



ڕێی دژەسامێتییەوە کار لەم پرۆسێسەدا دەکا، بەلام ئەمە بۆ ئەو تەنیا نموونەیەکە.

ئەو وێنانەی مرۆڤ بۆ ئەوانی تری چێ دەکا، دەبنە هۆی ئەوەی، کە لە ڕەوتی کاتدا ئەوانی تر ئەم وێنانە وەربگرن و خۆیانی لەگەڵدا بگونجێنن و بە باڵای خۆیاندا بیبڕن و بە پێودانگی ئەو کەسایەتییە ڕەفتار بکەن. لە کاتی حوکمی پێشوەختی نەرێنیدا بۆ پەرەپێدانی کەسایەتی ئەنجامی کارەساتباریان لێ دەکەوێتەوە. جگە لەوە حوکمی پێشوەخت لە کەشێکی پڕ لە ترسدا خێرا دەگۆڕێتە سەر کاری توندوتیژی.

حوکمی پێشوەخت دەستەخوشکی نەزانییە، مرۆڤ ئەنجامگیرەی بۆ بڕیارێک لە هەمبەر شتێکدا دەکا کە هیچ زانیارییەکی لەبارەی نییە.

لەم شانۆنامەیەدا فریش دەیەوێ پێمان بڵێ: هەموو ئەوانەی حوکمی پێشوەخت لەگەڵ خۆیاندا هەڵدەگرن، هاوگوناهبارن. کە گەیشتە ئەوەی کاری توندوتیژیی دژی قوربانییەکانی حوکمی پێشوەخت ئەنجام بدرێ، دەبێ مرۆڤ گوناهەکەی خۆی ببینێ. بەلام لەبەرئەوەی ئەم کردەیە پڕ ئازارە، زۆرجار دەچەپێنرێ. فریش ئەمە لە شێوەی زمانحاڵی نێوان وێنەکانی دراماکەدا بەرجەستە دەکا. لەمانەدا فیگورەکانی دراماکە لە ئاوڕدانەوە لە ڕابردوو و لێپرسراویەتیی خۆیان بەیان دەکەن. هەموو لەم بوارەدا نسکۆیان هێناوە؛ فریش بەشێوە و تەکنیکی جیاواز چەپاندن، گوناه نمایش دەکا.

ئەندری کوڕێکی لاوە، بەهەڵە بە جوولەکەی دەزانن. ڕووبەڕووبوونەوەی بەردەوامی لەگەڵ حوکمی پێشوەختی دژەسامیدا

دەیگەیەننە ئەوەی بەڕاستی هەست بەوە بکا کە جوولەکەیە. کاتێ "ڕەشەکان"، دەوڵەتێکی دراوسێی دژەسامیی ئەندۆرا داگیر دەکەن، چارەنووسی ئەندری ڕوون و ئاشکرایە.

لە ڕاستیدا ئەندری منداڵی ناشەرعیی کان و ژنێکی "ڕەش"ی سینۆرا ناوە. بەڵام لەبەرئەوەی هەریەکەیان ترسیان لە هاووڵاتییەکانیان هەیە، نە سینۆرا و نە کان، دان بەوەدا دەنێن کە منداڵی ئەوانە. کان دەڵێ: ئەمە منداڵێکی جوولەکەیە کە لە دەستی ڕەشەکانی قورتار کردووە؛ لە هەمان کاتدا دەیەوێ لە ڕێی ئاشکرابوونی ڕاستییەوە ببێتە دەرسێک بۆ ئەندۆراییەکان. پلانێک، کە سەرناگرێ. بەم جۆرە ئەندری وەکو جوولەکەیەک گەورە دەبێ و هەموو کات ڕووبەڕووی پێشداوەرییەکانی دەوروبەر دەبێتەوە. لە سەرەتاوە بەهیچ جۆرێک خەسڵەتی بە ناو جوولەکە پیشان نادا. لەبەرئەوەی بەرگەی پاڵەپەستۆی بەردەوامی دوژمنایەتیکردن ناگرێ، شوناسنامەی "جوولەکە" وەردەگرێ. ئەمەش پتر بەوە دنەی دەدرێ، کە کان ڕازی نابێ باربلینی کچی ببێ بە هاوسەری ئەندری. لەبەرئەوەی ئەندری ڕاستییەکە نازانێ (ئەو و باربلین لە باوکەوە خوشک و بران)، بێگومان ئەندری لەو بڕوایەدایە، کە کان لەبەرئەوە ئەو ڕەت دەکاتەوە و ئامادە نییە بیکا بە هاوسەری باربلینی کچی لەبەرئەوەی ئەندری جوولەکەیە. بارودۆخەکە دەتەقێتەوە، کاتێ ڕەشەکان بۆ ئەندۆرا هەڵمەت دەهێنن داگیری دەکەن. ئەو بەهانەیەی: گوایە ئەندری سێنۆرا (دایکی) لە کاتی سەردانی ئەندۆرادا کوشتووە. ئەندۆراییەکان زوو خۆ بەدەستەوە دەدەن. لەگەڵ ئەوەشدا کان لەم سەروبەندەدا ڕاستیی لەبارەی ئەسڵی ئەندری بەیان کردووە، ئەندری لە "پشکنینی جوولەکەدا" وەکو جوولەکە پێناس دەکرێ و دەکوژرێ. وەکو هیچ ڕووی



نەدابێ لە ئاستی تراجیدیایەکی هێندە گەورەدا ئەندۆراییەکان بێ باکانە دەگەڕێنەوە سەر ژیانی ڕۆژانەی خۆیان و لە دواییشدا دان بە تاوانی خۆیاندا نانێن.

گومان لە خۆکردن لە ناوەوە ئەندری دەکرۆژێ و ناخی کرمێ دەکا و لە توانای خۆیدا نابینێ ڕووبەڕووی حوکمی پێشوەخت و ترسنۆکیی بێ. لە مەنەلۆگێکی درێژدا ئەندری ڕقی بێ سنووری خۆی بەرامبەر ئەندۆراییەکان دەردەبڕێ. کاتێ سەربازەکە بە دزییەوە دەچێتە ژوورەکەی باربلینەوە و زۆرگیری دەکا، لەم کاتەدا تەنیا لە خاڵێکدا ئەندری خۆی لەگەڵ وێنەی جوولەکەدا گونجاندووە، کە لەم سەروبەندەدا بە ڕاستی تەنیا بیر لەوە دەکاتەوە، پارەیەکی زۆر کۆ بکاتەوە و لەگەڵ باربلیندا کۆچ بکا و لە هەر شوێنێک بێ بەبێ حوکمی پێشوەخت بتوانێ درێژە بە ژیانی بدا. لە وێنەی حەوتەمدا یەکسەر ئەو پرسیارە لە خۆی دەکا کە ئایا بە ڕاستی لە ئەندۆراییەکان جیاوازە. دەست بە ژماردنی حوکمە پێشوەختەکان دژی خۆی دەکا. بەڵام قەشەکە نەک هەر ناتوانێ لە ترس و دڵەڕاوکێکانی ڕزگا بکا، بگرە پێناسەی بە ناو جوولەکەی ئەوەندەی تر بەهێزتر دەکا: قەشەکە لێرەدا حوکمی پێشوەختی خۆی بەرامبەر جوولەکە دەردەبڕێ، بۆ نموونە کە ئەندری شپرزە و شڵەژاو و ڕاونراو دەردەکەوێ یان ئەندری لەوانی تر زیرەکترە. گوایە ئەمانە خەسڵەت و ڕەفتاری جوولەکانەن جوولەکەن. بەم قسانە و گوزارشتی سەرزەنشتکارانەی ترەوە گوایە دەیەوێ ورەی کوڕە لاوەکە بەرز بکاتەوە، بەڵام لە ڕاستیدا تەنیا پێچەوانەی ئەمە لە ناخی ئەندریدا دەڕوێنێ. ئەندری بە کەللەڕەقییەوە جەخت لەوە دەکا، نایەوێ بە جۆرێکی تر بێ و گازندەی ئەوە دەکا، کە کان بۆیە باربلینی ناداتێ،

لەبەرئەوەی ئەم جوولەکەیە. کاتێ لە وەڵامی ئەمەدا قەشەکە سەرکۆنەی ئەوەی دەکا، کە زۆر هەستناسکە، هەستناسکیش گوایە سیفەتێکی تایبەتە بە جوولەکەکان، ئەندری ورەی دەڕووخێ. بە دڕدۆنگییەوە دەڵێ، کە کەس ناتوانێ خۆشی بوێ، لەبەرئەوەی کە ئەم تەنانەت خۆیشی خۆی خۆش ناوێ. قەشەکە سەری ئەم بیرۆکانە وەردەگرێ و داوا لە ئەندری دەکا، جیاوازبوونی، واتە، بوونی وەکو جوولەکە قبووڵ بکا؛ بەمە قەشەکە ئازایەتی دەنوێنێ. بەبێ ئەوەی ئەندری وەڵامی قەشەکە بداتەوە، ژوورەکەی بەجێ دەهێڵێ. وەکو دواتر بۆمان دەردەکەوێ، ئەندری شوناسنامەی جوولەکەی وەرگرتووە. قەشەکە لە کاتی شایەدیداندا تاقە کەسێکە کە لە مردنی ئەندریدا هاوبەرپرسیارە، لە بەر ئەوەی ئەویش حوکمی پێشوەختی هەبووە.

شانۆنامەی ئەندۆرا لە نێوان سالانی ١٩٥٨ هەتا ١٩٦١ دا نووسراوە و بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٦١دا لە خانەی نواندنی سویسرادا نمایش کراوە؛ بۆ چاپکردنی لە ساڵی ١٩٦١دا فریش بە دەقەکەدا چووەتەوە و دەستکاریی کردووە. فریش لە یاداشتنامەکانیدا بەبێ پەردە وڵاتی بچووکی سویسرای قەدپاڵی چیای ئەلپ لەگەڵ دەوڵەتۆکەی ئەندۆرای پیرێنی بە تەنز دەچوێنێ. بۆ ئەوەی پەردە لەسەر تەنگەتیلەییی ئەقڵ، ناوچەگەرێتی، نەریتگەرایی، ترسنۆکی پەردە لەسەر لا بدا و تیشکی بخاتە سەر. ئەمە پاڵنەری خۆبەزلزانیشی دەچێتە سەر: ئەندۆراییەکان خۆیان بە جۆرێکی تر دەبینن، واتە خۆیان لەوانی تر بە باشتر دەزانن.

لەگەڵ ئەم پشتینەیەشدا هەڵەیە ئەگەر ئێمە ئەندۆرای خەیاڵیی شانۆنانەمەکە بە سویسرا بچوێنین، وەکو ئەوەی ماکس فریش شانۆنامەکەی بۆ بە ڕابردوو و بەخۆدا چوونەوەی سویسرا نووسیبێ.





پتر فریش ئەزموونە مێژووییەکانی بۆ ئەوە بەکار هێناوە بە فراوانکردنی تێمای وێنە مۆدێلێک بۆ هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ گرووپێکی جیاواز ساز بکا: ئەندۆراییەکان، کە خۆیان بەجۆرێکی تر، واتە زۆر باشتر لە ڕەشە بەدەکانی وڵاتی دراوسێ دەزانن، بە کلێشە چەقبەستووکانی خۆیانەوە، کە حوکمێکی دەستەجەمعیی پێشوەختە، تووشی ئەندری دەبن، ئەمە دەبێتە هۆی کوشتنی ئەندری. ئەم مۆدێلە (وەکو ئەزموون بۆمان دەسەلمێنێ) وابەستەی قۆناخێکی مێژوویی دیاریکراو یان شوێنێکی دیاریکراو نییە، بگرە شیمانەی ڕوودانی لە هەموو کاتێک و لە هەموو شوێنێکدا هەیە.

بەهۆی ئەو حوکمە دەستەجەمعییەی بەرامبەر ڕەشەکان سەروەرەکان کوڕەکەی وەکو منداڵێکی جوولەکەی قورتارکراو لە قەڵەم دەدا و بەمەیش لەو بڕوایەدایە مز(امتیاز)ێک دەداتە خۆی و ئەندری، بەڵام لە دواییدا بەهۆی حوکمی پێشوەختی دژە جوولەکەییی ئەندۆراییەکانەوە بە زیان بۆیان دەگەڕێتەوە، بەهۆی نەفرەتکردنی ئەندۆراییەکان لە ڕەشەکان لە کاتی سەردانیدا بۆ ئەندۆرا دایکی ئەندری دەکوژرێ، ئەمەش دەبێتە هۆی هێرشی ڕەشەکان و لە ئەنجامدا ئەندری دەبێتە قۆچی قوربانی.

یەکێکی کە نە بە ڕەچەڵەک، نە بە نەژاد نە بە خوێن جوولەکەیە، هێندە بە گوێیدا دەخوێنرێ، کە خەسڵەتی جوولەکەی هەیە، هەتا ئەو شوناسنامە چاوەڕوانکراوە وەردەگرێ و هەست دەکا جوولەکەیە و "جیاوازبوونی لەوانی تر" قبووڵ دەکا. کە لە شانۆنامەکەدا ڕەچەڵەکی ڕاستەقینەی ئەندری لە کاتی ژیاندا و نەک لە پاش مەرگی بۆ خۆی و ئەوانی تر ڕوون دەکرێتەوە و ڕاستییان پێ دەوترێ، بەڵام نە خودی خۆی و نە ئەوانی تر بڕوا دەکەن تێمای ڕۆڵ بە تۆپزی بە سەردا

سەپاندن، لێرەدا قووڵتر دەکاتەوە.

زۆرجار سەرکۆنەی ماکس فریش بەوە کراوە کە شانۆنامەکەی بۆ چارەنووسی جوولەکەیەکی ڕاستەقینە تەرخان نەکردووە، کە گوایە هەندێ لە بینەران هەمان پەرچەکرداریان بەرامبەر نامۆیەک دەبێ وەکو ئەندۆراییەکان، کە ئەوەندە دان بە ڕەفتاری چەوتیاندا دەنێن، کە بە هەڵە ناجوولەکەیەکیان لەناو بردووە؛ واتە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ جوولەکەیەکی ڕاستەقینەدا بەو جۆرە نەدەبوو. فریش بە زۆر شێوە بەرپەرچی ئەم پەرچەکردارەی داوەتەوە، لەلایەکەوە بەو بەناو پاساوەی ئەندۆراییەکان، کە نابنە مایەی خۆشحاڵی، لەلایەکی ترەوە بە نمایشکردنی حوکمی دەستەجەمعیی دژی ڕەشپێستەکان، کە بەهەمان شێوە بێ گوناهێک دەبێتە قوربانی، بەڵام ئەم جارەیان بە ڕاستی قوربانییەکە سەر بە گرووپە قێزەونەکەیە.

## بینای دەقەکە

لەگەڵ ئەوەیشدا شانۆنامەکانی ماکس فریش کەشێکی شانۆی مۆدێرنیان لە خۆ گرتووە، بەڵام بینای شانۆنامەی ئەندۆرا ڕەوشی درامای کلاسیکی لە خۆ گرتووە.

شانۆنامەی ئەندۆرا چنینێکی هەتا بڵێی ساکاری هەیە، بەڵام نهێنیی سەرنجڕاکێشیی شانۆنامەکە لەم ساکارییەدایە. وەکو زۆر لە شانۆنامە کلاسیکییەکان سەرەتا و لووتکە و کۆتاییی هەیە. ڕووداوەکان کرۆنۆلۆجین. وێنەی یەکەم و گوتەی شایەدی یەکەم سەرەتایەکن بۆ شانۆنامە، واتە لە خزمەتی پێناساندنی کارەکتەرە سەرەکییەکان و کێشمەکێش و خاڵی قورساییی تێماکاندان. وێنەکانی دواتر ڕووداوی هەڵچوویان لە خۆ گرتووە: وزەی ململانێ



هەڵدەکشێ، پاڵەپەستۆی دەوروبەر لەسەر ئەندری هەردەم لە زیادبووندایە؛ بەڵام ئەندری هێشتا لە دژی دەجەنگێ. لە وێنەکانی ٧ و ٩ دا وەرچەرخانێک ڕوو دەدا، وەرچەرخانێکی بنەبڕکەر: ئەندری شوناسنامەی جوولەکەیەک وەردەگرێ. دەرکەوتنی سێنۆرا وەکو چرکەساتێکی دواخراو دەردەکەوێ، لەوانەیە ڕێ بە کارەساتە چاوەڕوانکراوەکە بگرێ، چونکە ئێستا دەکرێ ڕووناکی بخرێتە سەر بنەچەی ئەندری. بەڵام درەنگە، چونکە گەشەی ناخی ئەندری زۆر پەرەی سەندووە و ڕووداوێکی دەرەکی (کوشتنی سێنۆرا) بۆ یەکجاری ئومێدی کۆتاییەکی باش لەناو دەبا. ئەم بنەمایە لە زۆر درامای کلاسیکیدا دەبینرێتەوە. وێنەکانی دوایی– ڕووداوی نەویبوون بە هەنگاوی خێرا پاڵ بەرەو کارەسات دەنێن. لە وێنەی دوازدەدا چرکەساتی خاوکەر کەم دەردەکەون و بێ کاریگەری دەمێننەوە.

من کێم؟ ئەمە ئەو پرسیارەیە کە ماکس فریش بە شانۆنامەی ئەندۆرا و لە کەسایەتیی ئەندریدا هەوڵی وەڵامدانەوەی دەدا. ئەندۆرا باسی شوناسنامە دەکا، ئەو شوناسنامەیەی کە مرۆڤ هەڵگریەتی یان دەیەوێ هەڵگری بێ و ئەو شوناسنامەیەی مرۆڤ نییەتی و نایەوێ هەڵگری بێ، بەڵام بە سەریدا دەسەپێنرێ. ئەندۆرا تیشک دەخاتە سەر پەراوێزخستنی مرۆڤ و دوورەپەرێزکردن هەتا کوشتنی بە یەکجارەکی. لایەنێکی تری بایەخی ماکس فریش شەنوکەوکردنی سەرهەڵدان و گەشەکردنی پێشداوەریی دەستەجەمعی و ئەو زەمینەیەیە کە لە سەری دەڕەخسێ. پاش ڕوودانی کارەساتیش (کوژرانی ئەندری) بەشدارەکان ئامادە نین دان بە گوناهەکانیاندا بنێن و خۆیان پاک بکەنەوە. داننەنان بە گوناه و هەوڵنەدان بۆ خۆقورتارکردن لەم خەوشە تاوانی تر و گەورەتری لێ دەکەوێتەوە.

## ژانر و شانۆی مەلحەمی

ئەگەرچی فریش بەشێوە شانۆنامەیەکی مۆدێرنی بەرهەم هێناوە، بەڵام لە زۆر لایەنەوە جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ شانۆی مەلحەمی برێشتدا هەیە، ئێمە لێرەدا مەبەستمان نییە پۆلێنکردنێک بەسەر شانۆنامەی ئەندۆرادا بسەپێنین، بەڵام حەز دەکەین پەنجەنومای خاڵە هاوبەش و جیاوازەکانی شانۆی فریش لەگەڵ شانۆی برێختدا بکەین. ڕەچاوکردنی تەکنیکی نامۆکردن یەکێکە لە خاڵە سەرنجڕاکێشەکانی شانۆی فریش، لەگەڵ ئەوەشدا کە جیاوازیی لەگەڵ تەکنیکی نامۆبوونی شانۆی برێختدا هەیە.

برێشت بە توندی خۆی بە مارکسیزمەوە وا بەستە کردووە و گەشبینیی گەشەسەندن بەجێ دەهێنێ: بە پێودانگی ئەم ئایدۆلۆجیایە مێژوو بۆ کەناری بارودۆخێکی ئایدیالی کۆمۆنیستیمان دەبات. داهێنەر دەبێ ئەم دیدە ئەرێنییە بە خوێنەر (بینەر) بگەیەنێ، بەوەی پێشانی دەدا، مرۆڤ چۆن دەتوانێ بنەمای نەرێنی کۆمەڵگە بگۆڕێ (وەکو نموونەیەکی سەرمەشق سەیری "بازنەی تەباشیری قەوقاز" بکە). بەپێچەوانەوە فریش ئایدۆلۆجیا وەکو دژە ژیان ڕەت دەکاتەوە، بۆ ئەو ئایدۆلۆجیا وێنا ڕۆنانە، لە جیاتی ئەوە داوای هێشتنەوەی تاقگەرایی زیندوو دەکا. لە هەمان کاتدا بۆ ئەو گۆڕینی سیستەم یارمەتیدەر نییە، بگرە گۆڕینی ئاگاییە. خوێنەران (بینەران) دەبێ بزانن خۆیان چۆن ڕەفتار دەکەن یان دەبێ ڕەفتار بکەن. سێیەم ئەوەیە کە فریش لە دڵەوە گەشبین نییە، بگرە واقیعبینە.

فریش دراماکەی بە ترووسکەیەکی ئومێد کۆتایی پێ ناهێنێ، بگرە دەبێ بەو قیژەیە کۆتایی بێ، مرۆڤ چەند ناشیرین مامەڵەی مرۆڤ



دەکا. فیگەرەکان ناگۆڕێن، ئێمە ئەمە ڕاستەوخۆ ئەمەمان پاش نمایشی جوولەکە (کۆتایی وێنەی ١٢) یان لە کاتی شایەتیدانیاندا بۆ دەردەکەوێ.

جیاوازییەکی تر، ڕۆڵی بینەرانە. بۆ برێشت دەبێ بینەران چاودێر بن، کە پێوەندییە نمایشکراوەکان زانستییانە ڕاڤە بکەن. بۆ ئەمە دەبێ بە تەرزی کردەی جیاواز (ئەوەی ئێفێکتی نامۆبوونی پێ دەوترێ) هەوڵ بۆ ئەوە بدرێ، کە خۆیان لە وەهمی ڕووداوی شانۆدا ون نەکەن. فریشیش ئەم ئەفێکتانە بەکار دەهێنێ، بەڵام نەک بەو شێوە ڕادیکاڵە؛ ئەوە هەوڵی وروژاندنی هەست و سۆزی بینەران دەدا، بۆ ئەوەی پشتگیریی پرۆسێسی مەعریفە بکەن.

بەڵام بینەران بۆ فریش دادوەر نین. ئەم دەیەوێ بەوە ئەم کارە مەیسەر بکا، کە شایەدەکان ڕاستەوخۆ بۆ بینەران قسە ناکەن. بینەرانیش دەبێ پتر شایەد بن، لەبەرئەوەی بۆ فریش ئەوانیش تاوانکاری شاراوەن:

"خۆ تاوانبارەکان لە شانۆدا دانیشتوون. ئەوانەی دەڵێن، نەیانویستووە. ئەوانەی تاوانبار بوون، بەڵام خۆیان بە هاوتاوانبار نازانن. دەبێ ڕاچڵەکێن، دەبێ کە شانۆگەرییەکەیان بینی، شەو بێدار بمێننەوە."

ئەفێکتی نامۆبوون ڕێگە لەوە دەگرێ بینەران زۆر لە ڕووداودا ڕۆچن. ئەگەرچی فریش وەکو برێشت، گۆرانی و لافیتە بەکار ناهێنێ و بۆ ئەو ناچیزەن. بەڵام فریش ڕێ لەوە دەگرێ تەوژم تەنیا بخرێتە سەر ڕەوتی بەرەو کۆتایی چوون بەهۆی شایەتیدانی شایەدەکانەوە، هەر پاش یەکەم وێنە کۆتاییی ئەندری دەزانرێ؛ چەقی قورسایی دەخرێتە سەر ئەوەی چۆن کۆتاییی دێت، واتە دژوازیی (تناقض) نێوان قسە، ڕەفتار

و بوونی ئەندۆراییییەکان. زۆر دیمەن بابەتی پێشدادوەریی دەگێڕنەوە، واتە لەناو بازنەی کرژیی دەرەوەی ڕووداوەکاندا بینا نەکراون و دەتوانرێ بە ئاسانی پاش و پێشیان پێ بکرێ.

لابردنی یەکەی کلاسیکی کات لەم شانۆنامەیەدا لە شانۆی مەلحەمی نزیک دەکاتەوە. فریش ئێستای بینەران بە ڕابردووی ڕووداوەوە دەبەستێتەوە.

ڤیەننا ٢٠١٠/٣/٣

ئەندۆرای ئەم شانۆنامەیە هیچ پێوەندییەکی بەو دەوڵەتە ڕاستەقینەیەوە نییە، کە ناوی ئەندۆرایە، مەبەستیش دەوڵەتێکی بچووکی ڕاستەقینەی تر نییە؛ ئەندۆرا ناوێکە بۆ مۆدێلێک.

ماکس فریش

---

١- سەرچاوەکان:

Max frisch, Andorra, Text und Kommentar, Suhrkamp Frankfurt a. M 1999
Bänziger, Hans, Erläuterungen und Dokumente, Reclam, Stuttgart, 1995.
Geist, Alexander, Andorra, mentor, München 2009.



کەسەکان

ئەندری
باربلین
مامۆستاکە
دایکەکە
خانمەکە
قەشەکە
سەربازەکە
ساقییەکە
دارتاشەکە
پزیشکەکە
خەلفەکە
کەسێک

کەسە بێدەنگەکان

گەلحۆیەک
سەربازەکان لە یەکپۆشیی ڕەشدا
پشکنەری جوولەکە
گەلی ئەندۆرا

## وێنەی یەکەم

(لە بەردەم خانوویەکی ئەندۆراییدا، باربلین، شووره بەرز و باریکەکە بەفڵچەیەک، کە بە سەر گۆچانێکی درێژەوەیە سپی دەکات. سەربازێکی ئەندۆرایی، جلێکی سەوزی زەیتوونیی لە بەردایە، پشتی بەشوورەکەوە داوە).

**باربلین:** ئەگەر تۆ بە درێژاییی کاتەکە بە دەمی داچەقاوەوە سەیری پووزم نەکەی، دەتوانی ببینی من چی دەکەم. من دیوارەکە سپی دەکەم. لەبەرئەوەی سبەینێ ڕۆژی گیۆرگی پیرۆزە[٢]، لەوانەیە لە بیرت چووبێتەوە. من خانووەکەی باوکم سپی دەکەم. ئەی ئێوەی سەرباز چی دەکەن؟ بە بێکاری بە کۆلانانددا دەسووڕێنەوە، پەنجەکەڵەتان دەخەنە توێی پانتۆڵەکانتانەوە و کاتێک ژنێک خۆی دادەچەمێنێتەوە بە تیلەی چاو سەیری درزی بلوزەکانیان دەکەن.

(سەربازەکە پێ دەکەنێ).

من دەزگیراندارم.

**سەرباز:** دەزگیراندار؟

(٢) گیۆرگی پیرۆز ئەژدیهاکوژە و لەلای ئەندۆراییییەکان بەرز ڕادەگیرێ. بەوە دەچێ ڕۆژی گیۆرگ جەژنی نەتەوەیی بێ لەلای ئەندۆراییییەکان. (و)



**باربلین:**

هەردەم وەکو پیاوە بچووکەکەی میشلا[٣] پێ مەکەنە.

**سەرباز:** قەمووره؟

**باربلین:** بۆچی؟

**سەرباز:** لەبەرئەوەی تۆ ناتوانی پێشانی بدەی.

**باربلین:** وازم لێ بێنە!

**سەرباز:** یان بنی پێی تەختە؟

**باربلین:** بۆچی دەبێ بنی پێی تەخت بێ؟

**سەرباز:** بەهەرحاڵ سەما لەگەڵ تۆدا ناکا.

(باربلین بۆیە دەکا).

ڕەنگبێ فریشتە بێ!

(سەربازەکە پێ دەکەنێ)

کە من هێشتا نەمبینیوە.

**باربلین:** من دەزگیراندارم!

**سەرباز:** بەڵام من هیچ ئەڵقە نابینم.

**باربلین:** من دەزگیراندارم. (باربلین فڵچەکە بە سەتڵەکەدا دەکا)

بەشێوەیەکی گشتییش– حەزم لە چارەی تۆ نییە.

(لە پێشی شانۆوە، لەلای ڕاستەوە، ئۆرکەستریۆنێک[٤] دانراوە.

(٣) میشلا کارگەی تایە دروستکردنە، لە ڕێکلامێکدا کۆمەڵێک تایەیان بەسەر یەکدا کەڵەکە کردووە و فیگۆرێکیان لێ دروست کردووە. (و)

(٤) سندووقێکی مۆسیقایە، پارە یان میتاڵێکی تێ دەکرێ و مۆسیقا لێ دەدا. (و)

له کاتێکدا باربلین بۆیه دەکا دارتاشەکە، کە پیاوێکی قەڵەوە و
له پشتی ئەویشەوە ئەندری جلی وەکو شاگردی ئاشپەزی لەبەر
کردووە، دەردەکەون)

**دارتاش:** گۆچانەکەم لە کوێیە؟

**ئەندری:** لێرەیە، جەنابی وەستا.

**دارتاش:** ئەم بەخشیشانە هەردەم گێچەڵن، هەر لەگەڵ مرۆڤ
کیسەکەی هەڵدەگرێتەوە.

(ئەندری گۆچانەکەی دەداتێ و بەخشیش وەردەگرێ، کە
دەیخاتە ئۆرکستریۆنەکەوە دەنگی مۆسیقا بەرز دەبێتەوە، لە
کاتێکدا دارتاشەکە لە پێشەوە بە سەر شانۆکەدا پیاسە دەکا،
نیازی نییە خۆی لابدا، باربلین دەبێ سەتڵە بۆیەکەی بۆ لا بدا.
ئەندری قاپێک وشک دەکاتەوە، هاوکات بە دەم مۆسیقاکەوە
سەما دەکا، ئەمجا ون دەبێ و مۆسیقاکەش لەگەڵیدا
دەوەستێ)

**باربلین:** تۆ هێشتا هەر لێرە وەستاوی؟

**سەرباز:** مۆڵەتم هەیە.

**باربلین:** چیی تر هەیە دەتەوێ بیزانیت؟

**سەرباز:** کێ دەبێتە مێردت.

(باربلین بۆیە دەکا)

هەموو خانووەکانی باوکیان سپی دەکەن لەبەرئەوەی سبەی
ڕۆژی گیۆرگی پیرۆزە و قەشەکە بە هەموو کۆڵانەکاندا ڕادەکا،
لەبەرئەوەی سبەی ڕۆژی گیۆرگی پیرۆزە: خانووەکانی باوکتان



سپی بکەن، کچە پاکیزەکان، بۆ ئەوەی ئەندۆرایەکی سپیمان
هەبێ، کچە پاکیزەکان، ئەندۆرایەکی وەکو بەفر سپی.

**باربلین:** قەشە، ئەمجا ئەمەیان کێیە؟

**سەرباز:** تۆ پاکیزەی؟

(سەربازەکە پێ دەکەنێ)

دە باشە تۆ حەزت لە من نییە.

**باربلین:** نەخێر.

**سەرباز:** گەلێک کەس وایان گوت، بەڵام هەر دەستگیرم کردن، ئەگەر
پووز و قژیانم بە دڵ بێ.

(باربلین زمانی لێ دەردەهێنێ)

ئەگەر زمانە سوورەکەشیانم بەدڵ بێ.

(سەربازەکە جگەرەیەک دەردەهێنێ و سەیری سەرەوەی
خانووەکە دەکا)

ژوورەکەی تۆ لە کوێیە؟

(قەشەیەک دەردەکەوێ، پاسکیلێک پاڵ دەنێ)

**قەشە:** باربلین، ئەوەم بە دڵە. بەڵام ئاوها بە دڵمە. ئەندۆرایەکی
سپیمان دەبێ. هەی کچە پاکیزەکان، ئەندۆرایەکی وەکو بەفر
سپی، تەنیا ئەگەر ئەمشەو کلاوەبارانێک نەبارێ.

(سەربازەکە پێ دەکەنێ)

باوکت لە ماڵەوە نییە؟

**سەرباز:** تەنیا ئەگەر ئەمشەو کلاوەبارانێک نەبارێ! لەبەرئەوەی
کڵێساکەی سپی نییە، وەکو بە ڕووکەش خۆی دەردەخا، ئەمە

دەرکەوت کە لەبەرئەوەی کڵێساکەی تەنیا بە گڵ دروست کراوە، گڵیش سوورە، ئەگەر کڵاوەبارانێک بباریێ، بۆیەکەتان بۆ دەهێنێتە خواریێ، وەکو مالۆسێکتان لە سەر بۆیە سپییەکەی کڵێسا وەکو بەفر سپییەکەتان سەربڕیبێ.

(سەربازەکە دەستی درێژ دەکا بۆ ئەوەی بزانێ باران دەباریێ)

بەس بێتو شەو کڵاوەبارانێک نەباریێ!

(سەربازەکە پێ دەکەنێ و دەڕوا)

**قەشە:** ئەمە لێرە چی دەکا؟

**باربلین:** خاوەن شکۆ، ئەوە ڕاستە کە خەڵکی دەیڵێن؟ ڕەشەکانی ئەوبەر بە سەرماندا دەدەن، لەبەرئەوەی ئێرەیی بە خانووە سپییەکانمان دەبەن. بەیانییەک، زوو سەعات چوار، بە هەزاران زرێپۆشەوە دێن، کە ڕاست و چەپ بە ناو کێڵگەکانمادا دەڕۆن و بە پەڕەشووت وەکو کوللەی بۆر لە ئاسمانەوە دادەبارێن.

**قەشە:** کێ وا دەڵێ؟

**باربلین:** پایدار، سەربازەکە.

(باربلین فڵچەکە بە سەتڵەکەدا دەکا)

باوکم لە ماڵەوە نییە.

**قەشە:** دەبوو بە بیرمدا بێ کە لە ماڵەوە نییە.

(وچان)

بۆ لەم دواییانەدا هێندە زۆر دەخواتەوە؟ ئەمجا جنێو بە هەموو دنیا دەدا. لە بیری دەچێتەوە ئەو کێیە. بۆچی قسەی وا دەکا؟



**باربلین:** من نازانم، باوکم لە مەیخانەدا چی قسەیەک دەکا.

**قەشە:** تارمایی دەبینێ. ئەمانەی ئێرە هەموو لەو ڕەشانەی ئەوبەرەوە پڕ بوونە. وەکو کاتی کوشتنی منداڵەکانیان لە بەیت لەحم کردبێ[٥] و ئەو کاتە جلوبەرگیان بۆ پەناهەندەکان کۆ نەکردبێتەوە؟ دەڵێ ئێمە لە ڕەشەکانی ئەوبەرەوە باشتر نین. بۆچی بە درێژاییی کاتەکە وا دەڵێ؟ خەڵکەکە پێی بریندار دەبن، من ئەمەم پێ سەیر نییە. مامۆستایەک نابێ وا قسە بکا. بۆ بڕوا بە هەموو دەنگۆیەک دەکا، کە لە مەیخانەکە گوێی لێ دەبێ؟

(وچان)

هیچ کەسێ ڕاوەدووی ئەندری ئێوە نانێ–

(باربلین ڕادەمێنێ و گوێ دەگرێ)

– هەتا ئێستا کەس پەنجەیەکی بە ئەندری ئێوەوە نەداوە.

(باربلین درێژە بەبۆیەکردن دەدا)

دەبینم، کارەکەت بە ڕێکوپێکی دەکەی، تۆ چیی تر منداڵ نیت، تۆ وەکو کچێکی گەورە کار دەکەی.

**باربلین:** ئێ خۆ تەمەنم نۆزدەیە.

**قەشە:** هێشتا مارەت نەبڕاوە؟

(باربلین بێدەنگ دەبێ)

هیوادارم، ئەو پایدەرە بەختی لای تۆ نەبێ.

(٥) بەپێی چیرۆکی ئینجیل هێرۆدەسی سەرداری دەوڵەتی جوولەکە هەموو منداڵەکانی بەیتلەحمی کوشت. (و)

**باربلین:** نەخێر!

**قەشە:** چاوی شەهوەتخوازیی پێوەیە.

(وچان)

ترساندتی؟ بۆ ئەوەی خۆی گرینگ بکا، بۆچی دەبێ بە سەرماندا بدەن؟ پێدەشتەکانمان تەنگن، کێڵگەکانمان بەردین و لێژن، زەیتوونەکانیشمان لە زەیتوونی  شوێنی تر ئاودارتر نین. گوایە چییان لە ئێمە دەوێ؟ ئەوەی جۆی ئێمەی دەوێ، دەبێ بە داس بیدورێتەوە و لە هەموو هەنگاوێکیشدا داچەمێتەوە. ئەندۆرا وڵاتێکی جوانە، بەڵام وڵاتێکی هەژارە. وڵاتێکی ئاشتیخوازە، وڵاتێکی لاوازە، وڵاتێکی ئیماندارە، هێندە لە خوا دەترسین، لێی دەترسین، کچم، وا نییە؟

(باربلین بۆیە دەکا)

وا نییە؟

**باربلین:** ئەی ئەگەر لەگەڵ ئەوەشدا ئەوان بێن؟

(زەنگێکی کڵێسا، کورت و یەکنەوا لێ دەدا)

**قەشە:** باربلین، بەیانی یەکتر دەبینین، بە باوکت بڵێ، لە ڕۆژی گیۆرگی پیرۆزدا حەز ناکەم بە مەستی بیبینم.

(قەشە سواری پاسکیلەکەی دەبێ)

یان باشترە هیچی پێ نەڵێی، ئەگینا زۆر تووڕە دەبێ، بەڵام ئاگەداری بە.

(قەشەکە بەبێدەنگی دەڕوا)

**باربلین:** خاوەن شکۆ، ئەی ئەگەر لەگەڵ ئەوەشدا بێن؟



(لە پێشەوە لەلای دەستە ڕاستەوە، لەلای ئۆرکسریۆنەکە، کەسێک دەردەکەوێ، لە دوایەوە ئەندری جلوبەرگی شاگردی ئاشپەزخانەی لەبەردایە)

**کەسێک:** شەپقەکەم کوانێ؟

**ئەندری:** بەڕێزم، لێرەیە.

**کەسێک:** ئێوارەیەکی گەرم و شێدارە، وا بزانم لێزمەبارانێک بە ڕێوەیە...

(ئەندری شەپقەکەی دەداتێ و بەخشیشێک وەردەگرێ، کە دەیخاتە ئۆرکستریۆنەکەوە، بەڵام هێشتا پەنجە بە دوگمەکەدا نانێ، بگرە فیکە لێ دەدا و لەسەر قەوان هەڵبژێرەکە دەگەڕێ، لە کاتێکدا کەسەکە لە پێشەوە بە ناو دیمەنەکەدا دەڕوا، لە بەردەم باربلیندا دەوەستێ، کە بۆیە دەکا و هەست ناکا، کە قەشە ڕۆیشتووە)

**باربلین:** خاوەن شکۆ، ئەوە ڕاستە کە خەڵکی دەیڵێن؟ دەڵێن: ئەگەر ڕەشەکان بێن، هەر کەسێکی جوو بێ یەکسەر دەیبەن. دەیبەستن بە ستوونێکەوە، دەڵێن، گوللە بە پشتەملێوە دەنێن. ئەمە ڕاستە یان هەر دەنگۆیە؟ دەڵێن ئەگەر ژنی هەبێ، ئەوا قژی ژنەکەی وەکو سەگی گول کوڵکی هەڵدەپاچن.

**کەسێک:** ئەم قسانە چین دەیانکەی؟

(باربلین وەردەسووڕێتەوە و دادەچڵەکێ)

**کەسێک:** ئێوارەت باش.

**باربلین:** ئێوارەت باش.

**کەسێک:** ئەمڕۆ ئێوارە خۆشە.

(باربلین سەتڵەکە هەڵدەگرێ)

بەڵام گەرم و شێدارە.

**باربلین:** بەڵێ.

**کەسێک:** شتێک لە هەوادا هەیە.

**باربلین:** مەبەستت لەمە چییە؟

**کەسێک:** لێزمەبارانێک. وەکو هەموو شتێک چاوەڕوانی بایەک بێ، گەڵا و پەردە و تەپوتۆز. لەگەڵ ئەوەشدا من هەور بە ئاسمانەوە نابینم، بەڵام مرۆڤ هەستی پێ دەکا. کپییەکی وا گەرم. مێشوولەکانیش هەستی پێ دەکەن. کپییەکی وا تەمەڵ و وشک. وا بزانم، لێزمەبارانێک بەڕێوەیە، لێزمە بارانێکی قورس، بۆ وڵات زۆر باشە...

(باربلین دەچێتە ناو خانووەکەوە، کەسەکە درێژە بە پیاسە دەدا، ئەندری ئۆرکستریۆنەکە دەخاتە کار، هەمان قەوانی پێشوو، بە دەم قاپ وشکردنەوەوە دیار نامێنێ. گۆڕەپانەکەی ئەندۆرا دەبینرێ. دارتاشەکە و مامۆستاکە لە بەردەم مەیخانەکەدا دانیشتوونە. مۆسیقاکە تەواو بووە)

**مامۆستا:** ئەوە کوڕەکەی منە.

**دارتاش:** وتم: ٥٠ پاوەند.

**مامۆستا:** مەبەستم کوڕەکەمە کە هەڵم گرتووەتەوە.

**دارتاش:** وتم: ٥٠ پاوەند.

(دارتاشەکە بە پارەیەکی ئاسن لەسەر مێزەکە دەدا)



دەبێ بڕۆم.

(دارتاشەکە جارێکی تر لەسەر مێزەکە دەدا)

بۆچی دەیەوێ ببێتە دارتاش؟ بوونە دارتاش ئەوەندە ئاسان نییە، ئەگەر یەکێک لە خوێنیدا نەبێ. لە کوێوە لە خوێنیدا بێ؟ من تەنیا مەبەستم ئەوەیە. بۆچی نابێتە دەڵاڵ؟ بۆ نموونە. بۆ ناچێ بۆ بۆرسە؟ من تەنیا مەبەستم ئەوەیە...

**مامۆستا:** ئەم ستوونە لە کوێوە هاتووە؟

**دارتاش:** نازانم، مەبەستتان چییە؟

**مامۆستا:** ئا ئەوە.

**دارتاش:** ئێوە ڕەنگتان زەرد هەڵگەڕاوە.

**مامۆستا:** من باسی ستوونێک دەکەم.

**دارتاش:** من هیچ ستوونێک نابینم.

**مامۆستا:** لەوێ.

(دارتاشەکە دەبێ ئاوڕ بداتەوە)

ئەوە ستوونێکە یان ستوونێک نییە؟

**دارتاش:** بۆچی دەبێ ئەوە ستوونێک نەبێ؟

**مامۆستا:** دوێنێ هێشتا ئەو ستوونە لەوێ نەبوو.

(دارتاشەکە پێ دەکەنێ)

ئەوە هیی ئەوە نییە پێی پێ بکەنی، پرادەر، ئێوە باش دەزانن من مەبەستم چییە.

**دارتاش:** ئێوە تارمایی دەبینن.

**مامۆستا:** ئەو ستوونە بۆ چی دانراوە؟

(دارتاشەکە بە پارە وردەکە لەسەر مێزەکە دەدا)

من سەرخۆش نیم، ئەو شتە لەوێ دەبینم و باسی ئەو شتە دەکەم کە دەیبینم، ئێوەش هەمووتان دەیبینن.

**دارتاش:** من دەبێ بڕۆم.

(دارتاشەکە پارەیەکی وردە فڕێ دەداتە سەر مێزەکە و هەڵدەستێتە سەرپێ)

وتم: ٥٠ پاوەند.

**مامۆستا:** ئەمە دوا قسەتانە؟

**دارتاش:** من ناوم پرادەرە.

**مامۆستا:** ٥٠ پاوەند؟

**دارتاش:** من مامەڵە ناکەم.

**مامۆستا:** من دەزانم ئێوە پیاوێکی ناسکن... پرادەر، ئەمە سوورخۆرییە. ٥٠ پاوەند بۆ شاگردی دارتاش، ئەمە سوودخۆرییە. ئەمە

قسەی قۆڕە، پرادەر، ئێوە ئەمە باش دەزانن. من مامۆستام، من مووچەیەکی خاکیانەم هەیە، من وەکو وەستای دارتاشی سامانم نییە، من ٥٠ پاوەندم نییە، زۆر ڕاست و ڕەوان، من نیمە.

**دارتاش:** دە هیچ.

**مامۆستا:** پرادەر–

**دارتاش:** من وتم: ٥٠ پاوەند

(دارتاشەکە دەڕوا)



**مامۆستا:** ئەگەر ڕاستی بڵێم، سەرتان سوڕ دەمێنێ. من ئەم گەلە ناچار دەکەم بچێتە بەردەم ئاوێنەکەی، پێکەنینەکەی بە ڕوویەوە جام دەبێ.

(ساقییەکە دێت)

**ساقی:** چیتان هەبوو؟

**مامۆستا:** من برەندییەکم دەوێ.

**ساقی:** گیروگرفتتان هەیە؟

**مامۆستا:** ٥٠ پاوەند بۆ شاگردییەک.

**ساقی:** گوێم لێ بوو.

**مامۆستا:** ئەو پارەیە پەیدا دەکەم.

(مامۆستاکە پێ دەکەنێ)

ئەگەر یەکێک لە خوێنیدا نەبێ.

(ساقی بە پارچە پەڕۆیەک سەر مێزکی بچووک دەسڕێتەوە)

هێشتا لەگەڵ خوێنی خۆتدا ناسیاوی پەیدا دەکەی.

**ساقی:** مرۆڤ نابێ لە هاوولاتییەکانی خۆی تووڕە بێ، ئەمە مێشک تێک دەدا و هاوولاتییەکانیش ناگۆڕێ. بێگومان ئەمە سوودخۆرییە! ئەندۆراییەکان خەڵکی خۆشن، بەڵام ئەگەر مەسەلە پارە بێ، ئەوا ئەوان وەکو جوولەکە وان، من هەردەم ئەوەم وتووە.

(ساقی دەیەوێ بڕوا)

**مامۆستا:** ئێوە هەموو لە کوێوە دەزانن جوولەکە چۆنە؟

**ساقی:** کان.

**مامۆستا:** بە ڕاستی لە کوێوە؟

**ساقی:** من هیچم دژی ئەندرییەکەی تۆ نییە. تۆ بە چیم دەزانی؟ ئەگینا وەکو شاگردی مەتبەخ وەرم نەدەگرت. بۆ بە چاوی گومانەوە سەیرم دەکەی؟ من شایەدم هەیە. لە هەموو دەرفەتێکدا نەموتووە، ئەندری ناوازەیە؟

**مامۆستا:** با باسی ئەوە نەکەین!

**ساقی:** ناوازەیەکی ڕاستەقینەیە.

(زرنگەی زەنگ دێت)

**مامۆستا:** کێ ئەو ستوونەی لەوێ داناوە؟

**ساقی:** لە کوێ؟

**مامۆستا:** من هەموو کات سەرخۆش نیم، وەکو خاوەن شکۆیان مەبەستیانە. ستوون ستوونە. یەکێک دای ناوە. لە دوێنێوە بۆ ئەمڕۆ. ستوون خۆی لە زەوییەوە ناڕوێ.

**ساقی:** نازانم.

**مامۆستا:** بۆچی مەبەستێک بەکار دەهێنرێت؟

**ساقی:** لەوانەیە فەرمانگەی بیناسازی دای نابێ، نازانم، فەرمانگەی جادەوبان، دەبێ باجەکان بۆ شوێنێک بڕۆن، لەوانەیە بینا بکرێ، لەوانەیە ڕێگە گورینێک، هەرگیز نازانرێ، لەوانەیە جۆگاکاری بێ.

**مامۆستا:** لەوانەیە.

**ساقی:** یان تەلەفۆن.

**مامۆستا:** یان لەوانەیە ئەوەش نەبێ.



**ساقی:** من نازانم، تۆ چیتە.

**مامۆستا:** ئەی ئەو پەتەی بۆچی پێوەیە؟

**ساقی:** من چووزانم.

**مامۆستا:** من تارمایی نابینم، من شێت نیم، من ستوونێک دەبینم، کە بۆ هەموو شتێک دەگونجێ.

**ساقی:** قەیدی چییە.

(ساقییەکە دەچێتە مەیخانەکەوە. مامۆستا بە تەنیا دەمێنێتەوە. دیسان زرینگەی زەنگ دێ. قەشەکە جبەی نوێژی لە بەردایە بە هەنگاوی خێرا بە سەر گۆڕەپانەکەدا دەڕوا، چەند هەرزەکارێکی کلێسەی بە داوەوەیە، کە دەفری بخوورەکانیان بۆن و بەرامەیەکی خەست بەجێ دەهێڵن. ساقییەکە بە مەیەکەوە دێ)

**ساقی:** ٥٠ پاوەندی دەوێ؟

**مامۆستا:** پەیای دەکەم.

**ساقی:** بەڵام چۆن؟

**مامۆستا:** هەرچی چۆنێک بێ.

(مامۆستا پێکەکە هەڵدەدا)

زەویوزار فرۆشتن بێ.

(ساقی لەلای مامۆستاوە دادەنیشێ)

هەرچی چۆنێک بێ...

**ساقی:** چەندێ زەوی و زارت هەیە؟

**مامۆستا:** بۆچی؟

**ساقی:** من هەموو کاتێک زەویوزار دەکڕم. ئەگەر زۆر گران نەبێ!
مەبەستم ئەوەیە: ئەگەر تۆ پارەت زۆر پێویست بێ.
(دەنگەدەنگ لەناو مەیخانەکەوە دێت)
ئەوا دێم.
(ساقییەکە مەچەکی مامۆستا دەگرێ)
کان، بە هێمنی بیری لێ بکەرەوە، بەڵام لە ٥٠ پاوەند زیاتر ناتوانم بدەم–
(ساقی دەڕوا)
**مامۆستا:** «ئەندۆراییەکان خەڵکی میهرەبانن، بەڵام ئەگەر شتێکی پێوەست بە پارە بێ، وەکو جوو وان.»
(مامۆستا جارێکی تر بادە بەتاڵەکە هەڵدەدا، لە کاتێکدا باربلین جلوبەرگی نمایشی ئاینی لە بەردایە و دێتە تەنیشتییەوە)
**باربلین:** باوکە؟
**مامۆستا:** بۆچی لەگەڵ نمایشەکەدا نیت؟
**باربلین:** بابە، تۆ پەیمانت دا، لە ڕۆژی گیۆرگی پیرۆزدا هیچ نەخۆیتەوە–
(مامۆستا پارەیەکی وردە دەخاتە سەر مێزەکە)
**باربلین:** لێرەوە تێ دەپەڕن.
**مامۆستا:** ٥٠ پاوەند بۆ شاگردییەک!
(ئێستا دەنگی بەرز و زیقن دەبیسترێ، لێدانی زەنگ، لە پشتەوە نمایشە ئاینییەکە تێ دەپەڕێ، باربلین دەچێتە سەر



چۆک، مامۆستا بە دانیشتن دەمێنێتەوە. خەڵکی هاتوونەتە گۆڕەپانەکە، هەموو چوونەتە سەر چۆک، بەسەر خەڵکەکەوە ئاڵا دەبینرێ، وێنەی مریەم هەڵگیراوە، هاوشان بە نێزەی چەقێنراوەوە. هەموو لە هەوادا خاچ دەکێشن، مامۆستا هەڵدەستێ و دەچێتەوە مەیخانەکەوە. نمایشەکە لەسەرخۆ و درێژ و جوانە؛ گۆرانییە زیقنەکە دوور دەکەوێتەوە و نامێنێ. دەنگی زەنگەکە دەمێنێ. ئەندری لە مەیخانەکەوە دێتە دەرێ، لە کاتێکدا خەڵکەکە دوای نمایشەکە دەکەون، ئەندری خۆی دوور دەگرێ؛ بە چرپەوە دەڵێ):
**ئەندری:** باربلین!
(باربلین لە هەوادا خاچ دەکێشێ)
گوێت لێ نییە؟
(باربلین هەڵدەستێ)
باربلین؟!
**باربلین:** چیت دەوێ؟
**ئەندری:** دەبمە دارتاش.
(باربلین لە دوای دواوەی نمایشەکەوەیە، ئەندری بەتەنیایە)
ئەمڕۆ هەتاوەکە لەنێو درەختەکانەوە ڕەنگی سەوز دەداتەوە.
ئەمڕۆ زەنگەکان بۆ منیش لێ دەدەن.
(بەرکۆشەکەی دەکاتەوە)
دواتر هەموو کات بیر دەکەمەوە، کە من ئێستا کەیف خۆشیم دەربڕیوە. بەڵام من هەر بەرکۆشەکەم دادەکەنم، من سەرم سوڕ

دەمێنێ، چەند بێدەنگە. مرۆڤ دەیەوێ ناوی خۆی وەکو کڵاو فڕێ بداتە ناو باوە، بەڵام من تەنیا لێرە وەستاوم و بەرکۆشەکەم لوول دەکەم. ئاسوودەیی ئاوهایە. هەرگیز لە بیرم ناچێتەوە، ئێستا چۆن لێرە وەستاوم...

(لە مەیخانەکەوە هەراوهوریا بەرز دەبێتەوە)

باربلین، ئێمە هاوسەرکاری دەکەین.

(ئەندری دەڕوا)

**ساقی:** بڕۆ دەرەوە! بە تەواوەتی سەرخۆشە، ئەمجا هەر چەنە دەدا.

دەڵێم بڕۆ دەرەوە!

(سەربازەکە بە تەپڵێکەوە لە کاتی چوونە دەرەوەدا پێی هەڵدەکەوێ)

ئیتر تاقە یەک دڵۆپت نادەمێ.

**سەرباز:** من سەربازم.

**ساقی:** دیارە.

**سەرباز:** ناوم پایدارە.

**ساقی:** دەزانین.

**سەرباز:** کەواتە.

**ساقی:** زەلام، واز لەم هەراوهوریایە بێنە.

**سەرباز:** لە کوێیە؟

**ساقی:** پایدار هیچ سوودی نییە، ئەگەر کچێک نەیەوێ، ئیتر نایەوێ.

تەپڵەکەت هەڵگرە! تۆ سەرخۆشی. بیر لە ناوبانگی سوپا بکەوە!



(ساقی دەچێتە مەیخانەکەوە)

**سەرباز:** ترسنۆک! ئەمانە شایانی ئەوە نین، کە من بۆیان بجەنگێم. نەخێر. بەڵام من دەجەنگێم، ئەمە مسۆگەرە. هەتا دوا پیاو، ئەمە مسۆگەرە، مردن خۆشترە لە ژێردەستی، لەبەرئەوەیە دەڵێم: کەواتە– من سەربازم و حەزم لە باربلینە...

(ئەندری دێتە ژوورێ، کە خەریکی لەبەرکردنی چاکەتەکەیەتی)

**سەرباز:** لە کوێیە؟

**ئەندری:** کێ؟

**سەرباز:** خوشکەکەت؟

**ئەندری:** من خوشکم نییە.

**سەرباز:** باربلین لە کوێیە؟

**ئەندری:** بۆچی؟

**سەرباز:** من مۆڵەتم هەیە و حەزم لە باربلینە...

(ئەندری چاکەتەکەی لەبەر کردووە و دەیەوێ بڕوا، سەربازەکە پێی دەخاتە بەرپێی، ئەندری دەکەوێ و سەربازەکە پێ دەکەنێ)

سەرباز داهۆڵ نییە. تێ گەیشتی؟ سووک و ئاسان بە تەکمدا بڕۆی. من سەربازم، ئەمە مسۆگەرە، تۆیش جوولەکەی.

(ئەندری بە بێدەنگی هەڵدەستێتەوە)

یان لەوانەیە جوولەکە نەبیت؟

(ئەندری بێدەنگە)

بەڵام تۆ بەختت هەیە، وەکو بڵێی بەختێکی نەعلەتیت هەیە، هەموو جوولەکەیەک وەکو تۆ بەختی نییە، واتە تۆ دەتوانی خۆت

خۆشەویست بکەی.

(ئەندری پانتۆڵەکەی پاک دەکاتەوە)

من دەڵێم: خۆت خۆشەویست کە!

**ئەندری:** لای کێ؟

**سەرباز:** لای سووپا.

**ئەندری:** تۆ بۆنی برەندیت لێ دێ.

**سەرباز:** چی دەڵێی؟

**ئەندری:** هیچ.

**سەرباز:** من بۆگەنم لێ دێ؟

**ئەندری:** لە حەوت هەنگاو بەپێچەوانەی باوە بۆگەنت لێ دێت.

**سەرباز:** ئاگەدار بە چی دەڵێی.

(سەربازەکە هەوڵ دەدا بۆنی هەناسەی خۆی بکا)

من بۆنی هیچ ناکەم.

(ئەندری پێ دەکەنێ)

ئەمە هیی ئەوە نییە پێی پێ بکەنی، ئەگەر مرۆڤ جوولەکە بێت ئەوە شتێک نییە تۆ پێی پێ کەنێی تۆ جوولەکەیت و دەبێ خۆت خۆشەویست بکەی.

**ئەندری:** بۆچی؟

**سەرباز:** (هاوار دەکا):

«ئەگەر یەکێک خۆشەویستیی ئەوی هەبێ

ئەگەر یەکێک سەرباز بێ، سەرباز،



ئەمە واتە ژیانی سەرباز،

بە زەوقەوە

تەنوورەکەی هەڵدەرەوە-»

وەکو ئاغا ئەبڵەق مەبە!

«ئەگەر یەکێک خۆشەویستیی ئەوی هەبێ و

ئەگەر یەکێک سەرباز بێ، سەرباز.»

**ئەندری:** ئێستا دەتوانم بڕۆم؟

**سەرباز:** گەورەم!

**ئەندری:** من گەورە نیم.

**سەرباز:** دە شاگردی متبەخی.

**ئەندری:** بووم.

**سەرباز:** یەکێکی ئاوها کە تەنانەت ناتوانێ ببێت بە سەربازیش.

**ئەندری:** دەزانی ئەوە چییە؟

**سەرباز:** پارە؟

**ئەندری:** مووچەکەمە. من ئێستا دەبمە دارتاش.

**سەرباز:** شەیتان بە لەعنەت بی!

**ئەندری:** بۆچی؟

**سەرباز:** من دەڵێم: شەیتان بە لەعنەت بی!

(سەربازەکە پارەکەی لە دەست دەخاتە سەر زەوییەکە و پێ دەکەنێ)

ها!

(ئەندری زەق زەق تەماشای سەربازەکە دەکا)

جوولەکە تەنیا بیر لە پارە دەکاتەوە.

(ئەندری بە زەحمەت بە سەر خۆیدا زاڵ دەبێ، ئەمجا دادەچەمێتەوە و پارە وردەکانی سەر جادەکە کۆ دەکاتەوە)

کەواتە تۆ ناتەوێ خۆت خۆشەویست بکەی؟

**ئەندری:** نەخێر.

**سەرباز:** ئەمە مسۆگەرە؟

**ئەندری:** بەڵێ.

**سەرباز:** ئەی ئێمە دەبێ بۆ خەڵکی وەکو تۆ بجەنگێین؟ هەتا دوا پیاو، دەزانی ئەمە مانای چییە، بەتالیۆنێک بەرامبەر دوازدە بەتالیۆن، ئەمە واتە، مەرگ باشترە لە ژێردەستی، ئەمە مسۆگەرە، بەڵام بۆ تۆ نا.

**ئەندری:** چی مسۆگەرە؟

**سەرباز:** ئەندۆرایی ترسنۆک نییە. با بە پەڕەشووتەکانیانەوە وەکو کوللە لە ئاسمانەوە دابەزن، ناتوانن تێ پەڕن، بەو خوایە، لای من نە. ئەمە مسۆگەرە. لای من نە. پەنجەی پەشیمانی دەگەزن!

**ئەندری:** کێ پەنجەی پەشیمانی دەگەزێ؟

**سەرباز:** لای من نەء.

(گەلحۆیەک دێتە لایانەوە کە تەنیا دەتوانێ بە تەوسەوە زەردەخەنە بکا و سەر بلەقێنێ. سەربازەکە بۆ ئەو قسە ناکا، بگرە بۆ ئاپۆرەیەکی گریمانەیی)

جارێکی تر گوێتان لەوە بوو؟ دەڵێ، ئێمە دەترسین. لەبەرئەوەی



خۆی دەترسێ! دەڵێ، ئێمە هەتا دوا پیاو خەبات ناکەین، ئێمە لەبەر باڵادەستییان نامرین، ئێمە وەکو سەگ کلکمان دەکەینە ناو گەڵمانەوە، پیسایی بە خۆماندا دەکەین، کە هەتا پێڵاوەکانمان دێت، دەوێرێ ئەمە بڵێ: لە بەردەم من بیڵێ، لە بەردەم سوپادا بیڵێ.

**ئەندری:** من یەک وشەم نەوتووە.

**سەرباز:** من دەپرسم، گوێتان لێی بوو؟

(گەلحۆکە سەر دەلەقێنێ و بە تەوسەوە زەردەخەنە دەکا)

ئەندۆرایی ناترسێ!

**ئەندری:** ئەمەت گوت.

**سەرباز:** بەڵام تۆ دەترسی!

(ئەندری هیچ ناڵێ)

لەبەرئەوەی ترسنۆکی.

**ئەندری:** لەبەر چی ترسنۆکم؟

**سەرباز:** لەبەرئەوەی جوولەکەی.

(گەلحۆکە سەر دەلەقێنێ و بە تەوسەوە زەردەخەنە دەکا)

ئێستا دەڕۆم.

**ئەندری:** بەڵام نەک بۆ لای باربلین!

**سەرباز:** چەند گوێی سوور هەڵگەڕاوە!

**ئەندری:** باربلین دەزگیرانی منە.

(سەربازەکە پێ دەکەنێ)

ئەمە ڕاستییە.

**سەرباز:** (هاوار دەکا)

«بە زەوقەوە
بۆ ناو تەنوورە و
تەنوورە بەرز بکەرەوە و
بە زەوقەوە و
بە زەوقەوە–»

**ئەندری:** دە لاچۆ!

**سەرباز:** وتی دەزگیران!

**ئەندری:** باربلین پشتت تێ دەکا.

**سەرباز:** ئەمجا لە دواوە دەیگرم!

**ئەندری:** تۆ ئاژەڵی.

**سەرباز:** چی دەڵێی؟

**ئەندری:** ئاژەڵ.

**سەرباز:** جارێکی تر بیڵێ. چۆن هەڵدەلەرزێ! جارێکی تر بیڵێ. بەڵام بە دەنگی بەرز بۆ ئەوەی هەموو گۆڕەپانەکە گوێی لێ بێ. جارێکی تر بیڵێ.

(ئەندری دەڕوا)

چیی وت؟

(گەلحۆکە سەر دەلەقێنێ و بە تەوسەوە زەردەخەنە دەکا)

ئاژەڵ؟ من ئاژەڵم؟

(گەلحۆکە سەر دەلەقێنێ و بە تەوسەوە زەردەخەنە دەکا)

خۆی لای من خۆشەویست ناکا.



## پێشەوەی شانۆ

(ساقی، ئێستا بەبێ بەرکۆشە، دەچێتە لای کابینەی شایەتییەوە)

**ساقی:** من دانی پێدا دەنێم: ئێمە لەم مەسەلەیەدا هەموو بە هەڵەدا چووبووین. ئەو کاتە. بێگومان لەو بڕوایەدا بووم، کە هەموو لەو کاتەدا لە سەرەتاوە لەو بڕوایەدا بوون. ئەو خۆیشی لەو بڕوایەدا بوو. هەتا دوا چرکەسات. منداڵە جوولەکەیەک، کە مامۆستاکەمان لە دەستی ڕەشەکانی ئەوبەرەوەی ڕزگار کردبوو، هەموو کات وایان گێڕاوەتەوە، ئێمەش زۆر بە باشمان دەزانی، کە مامۆستاکە وەکو کوڕی خۆی مشووری دەخوا. بەهەرحاڵ من ئەمەم زۆر بە نایاب زانی. ئایا من بردمە سەر ستوونەکە؟ کەس لە ئێمە نەیدەتوانی بزانێ، کە ئەندری بە ڕاستی کوڕی خۆیەتی، کوڕی مامۆستاکەمان. کاتێ لای من شاگرد متبەخ بوو، خراپ مامەڵەم کرد؟ تاوانی من نییە، کە شتەکە دوایی وای لێ هات. ئەمە هەموو شتێکە کە من دوای ساڵ و ڕۆژ دەتوانم بیڵێم. من تاوانم نییە.

## دیمەنی دووەم

(ئەندری و باربلین لە بەردەم ژوورەکەی باربلیندا)

**باربلین:** ئەندری، خەوتوویت؟

**ئەندری:** نەخێر.

**باربلین:** بۆچی ماچم ناکەی؟

**ئەندری:** من بە خەبەرم، باربلین، بیر دەکەمەوە.

**باربلین:** بە درێژاییی شەو.

**ئەندری:** ئایا ئەوە ڕاستە، کە ئەوانی تر دەیڵێن.

(باربلین لەسەر ئەژنۆی ئەندری دانیشتبوو، ئێستا ڕاست دەبێتەوە و دادەنیشێ و قژی دەکاتەوە)

**ئەندری:** لەو بڕوایەدای کە حەقیانە؟

**باربلین:** جارێکی تر دەست پێ مەکەرەوە.

**ئەندری:** لەوانەیە حەقیان بێ.

(باربلین خۆی بە قژەکەیەوە خەریک دەکا)

لەوانەیە حەقیان بێ...

**باربلین:** تۆ قژەکەی منت تێک دا.

**ئەندری:** دەڵێن خەڵکانی وەکو من هیچ هەستێکیان نییە.

**باربلین:** کێ وا دەڵێ؟



**ئەندری:** هەندێ کەس.

**باربلین:** ئێستا سەیری بلووزەکەم کە.

**ئەندری:** هەموو.

**باربلین:** دای کەنم؟

(باربلین بلووزەکەی دادەکەنێ)

**ئەندری:** دەڵێن خەڵکی هاوشێوەی من بە ئالۆشن، بەڵام هەستیان نییە. دەزانی...

**باربلین:** ئەندری تۆ زۆر بیر دەکەیتەوە.

(باربلین جارێکی تر لەسەر ئەژنۆی ئەندری دادەنیشێتەوە)

**ئەندری:** باربلین، من حەزم لە قژەکەتە. قژە سوورەکەت، قژە سووکە گەرمە تاڵەکەت، من دەمرم ئەگەر قژەکەتم لە دەست بچێ.

(ئەندری قژەکەی باربلین ماچ دەکا)

ئەی تۆ بۆچی نانوویت؟

(باربلین گوێ هەڵدەخا)

ئەوە چی بوو؟

**باربلین:** پشیلەکە بوو.

(ئەندری گوێ دەگرێ)

من بینیم.

**ئەندری:** ئەوە پشیلەکە بوو؟

**باربلین:** خۆ هەموویان خەوتوونە...

(باربلین جارێکی تر دەچێتە سەر ڕانی ئەندری

ماچم کە!

(ئەندری پێ دەکەنێ)

بەچی پێ دەکەنی؟

**ئەندری:** دەبێ من سوپاسگوازار بم.

**باربلین:** من نازانم تۆ باسی چی دەکەی.

**ئەندری:** باسی باوکت دەکەم. منی لە مردن ڕزگار کرد، زۆر بێ ئەمەکییە لە منەوە، کە لاسی کچەکەی بدەم. من پێ دەکەنم، بەڵام بۆ پێکەنین نییە، ئەگەر مرۆڤ هەموو کات منەتباری ئەو مرۆڤە بێ، کە لە ژیاندا ماویەتەوە.

(وچان)

لەوانەیە لەبەرئەوە بێ کە من دڵم خۆش نییە.

(باربلین ماچی دەکا)

باربلین، تۆ زۆر دڵنیای لەوەی کە منت دەوێ؟

**باربلین:** بۆچی هەموو کات ئەمە دەپرسی.

**ئەندری:** ئەوانی تر دڵیان شادمانترن.

**باربلین:** ئەوانی تر!

**ئەندری:** لەوانەیە حەقیان بێ. لەوانەیە ترسنۆک بم، ئەگینا هەنووکە دەچووم بۆ لای باوکت و پێم دەگوت ئێمە مارەبڕین. تۆ پێت وایە من ترسنۆک بم؟

(لە دوورەوە هەراوزەنا دەبیسترێ)

هێشتا هەر هەراوهوریا دەکەن.

(هەراو هوریاکە نامێنێ)



**باربلین:** ئیتر لە ماڵ دەرناچم، بۆ ئەوەی وازم لێ بهێنن. ئەندری، من بیر لە تۆ دەکەمەوە، بە درێژاییی ڕۆژ، کە تۆ لە کار بی و ئێستا لێرەی و ئێمە بە تەنیاین. من دەمەوێ کە تۆ بیر لە من بکەیتەوە، ئەندری، نەک لە کەسی تر. گوێت لێیە؟ تەنیا لە من و لە خۆمان، ئەندری من دەمەوێ تۆ سەربەرز بی، ئاسوودە و سەربەرز، لەبەرئەوەی من تۆم پێش هەموو ئەوانی تر خۆش دەوێ.

**ئەندری:** دەترسم لەوەی سەربەرز بم.

**باربلین:** ئێستا ماچێکم دەوێ.

(ئەندری ماچێکی دەکات)

ماچی زۆر زۆر!

(ئەندری بیر دەکاتەوە)

من بیر لەوانی تر ناکەمەوە، کاتێک تۆ لە ئامێزم دەگری و ماچم دەکەی، بڕوام پێ بکە، بیر لەوان ناکەمەوە.

**ئەندری:** بەڵام من بیریان لێ دەکەمەوە.

**باربلین:** تۆ بە درێژاییی کات بیر لەوانی تر دەکەیتەوە.

**ئەندری:** جارێکی تر پێیان خستە بەرپێم.

(سەعاتی بورجێک لێ دەدا)

من نازانم بۆ چی لە هەموو ئەوانی تر جیاوازم. پێم بڵێ. بۆچی؟ من تێ ناگەم...

(سەعاتی بورجێکی تر لێ دەدا)

ئێستا دیسان سەعات سێیە.

**باربلین:** با بخەوین!

**ئەندری:** من وەڕەست دەکەم.

(باربلین بێدەنگە)

مۆمەکە بکوژێنمەوە؟ ... تۆ دەتوانی بخەوی، من سەعات حەوت بێدارت دەکەمەوە.

(وچان)

ئەمە بیر و بڕوای پڕوپووچ نییە، نەخێر، ئەمە لە ئارادایە، مرۆڤگەلێک، کە نەفرەتیان لێ کراوە، مرۆڤ دەتوانێ بەو جۆرەیان لەگەڵ بکا کە دەیەوێ، تەنیا نیگایان بکرێ بەسە، لەپڕ بەو جۆرەیان لێ دێ کە ئەوان دەیانەوێ. ئەمە بەدناکە. هەموو کەسێک لە ناخیدایە، کەس نایەوێ هەیبێ، ئەی بۆ کوێ بچێ؟ بۆ ناو هەوا؟ لە هەوادایە، بەڵام زۆر لەوێ نامێنێتەوە، دەبێ بچێتە ناو مرۆڤەوە، بۆ ئەوەی بتوانێ ڕۆژێک بیانگرێ و بیانکوژێ...

(ئەندری دەست دەداتە مۆمەکە)

سەربازێک دەناسی ناوی پایدارە؟

(باربلین بە خەواڵوویی بڵەبڵم دەکا)

حەزی لێتە.

**باربلین:** ئەو!

**ئەندری:** من وام زانی خەوتوویتە.

(ئەندری فوو لە مۆمەکە دەکا)



## پێشەوەی شانۆ

(دارتاشەکە دەچێتە لای کابینەی شایەتییەوە)

**دارتاش:** من دانی پێدا دەنێم: ئەو ٥٠ پاوەندەی شاگردییەکە لەبەرئەوە بوو، کە من ئەوم لە دارتاشخانەکەمدا نەدەویست، من دەشمزانی، تەنیا کێشەی لێ دەبێتەوە. بۆ نەیدەویست ببێتە فرۆشیار؟ من وا بیرم کردەوە، کە حەزی لە فرۆشیارییە. کەس نەیدەتوانی بزانێ، کە ئەو هەو نییە. من تەنیا دەتوانم بڵێم، کە لە بناخەدا مەبەستم لەگەڵی باش بوو. من گوناهم نییە، کە شتەکە دواتر وای لێ هات.

## وێنەی سێیەم

(دەنگی مشارێکی داربڕینەوە دەبیسترێ، وەرشەی دارتاشی، ئەندری و خەلفەیەک، هەر یەکەیان کورسییەکی تەواو کردووە و بە دەستییەوەیە)

**ئەندری:** وەک هێرشبەری دەستی چەپیش یاریم کردووە، ئەگەر کەسی تر ئارەزووی لێ نەبووایە. بێگومان من دەمەوێ ئەگەر تیپەکەتان وەرم بگرێ.

**خەلفە:** پێڵاوی تۆپێنت هەیە؟

**ئەندری:** نەء.

**خەلفە:** بەڵام پێویستت پێی دەبێ.

**ئەندری:** بە چەندە؟

**خەلفە:** جووتێکی کۆنم هەیە، پێتیان دەفرۆشم، جگە لەوەیش بێگومان پێویستت بە شۆرت و فانیلەیەکی وەرزشی زەرد و، ئەمە ڕوونە و هەروەها گۆرەویی زەرد.

**ئەندری:** وەکو هێرشبەری دەستە ڕاست باشترم، بەڵام ئەگەر ئێوە هێرشبەرێکی دەستە چەپتان پێویست بێ، تۆپ لە کۆڕنەوە دەگەینمە ناو گۆڵ.

(ئەندری دەستەکانی لە یەک دەسووێ)

فێدری، ئەمە نایابە، ئەگەر سەر بگرێ.



**خەلفە:** بۆچی دەبێ سەر نەگرێ؟

**ئەندری:** ئەمە شتێکی نایابە.

**خەلفە:** من کاپتنم و تۆ هاوڕێمی.

**ئەندری:** دەست بە مەشق دەکەم.

**شاگرد:** بەڵام دەستەکانت لە یەک مەسووە، ئەگینا هەموو بینەران پێت پێ دەکەنن.

(ئەندری دەستی دەخاتە ناو گیرفانی پانتۆڵەکەیەوە)

جگەرەت هەیە؟ بێنە دەی. بە من ناوەڕێ! ئەگینا لە زایەڵەی خۆی دەترسێ، یان هەتا ئێستا گوێت لێ بووە بە من بوەڕێ؟

(شاگردەکە جگەرەیەک دەخاتە نێوان لێوەکانی)

**ئەندری:** فێدری، چەند خۆشە تۆ هاوڕێمی.

**خەلفە:** یەکەم کورسیتە؟

**ئەندری:** پێت چۆنە؟

(خەلفەکە دەست دەداتە کورسییەکەی ئەندری و هەوڵ دەدا قاچێکی لێ بکاتەوە، ئەندری پێ دەکەنێ)

ئەوانە بۆ دەرهێنان نین.

**خەلفە:** ئەو ئاوها دەکا.

**ئەندری:** هەوڵ بدە!

(خەلفەکە بەبێ ئاکام هەوڵ دەدا)

هات.

**خەلفە:** بەختت هەیە.

**ئەندری:** هەموو کورسییەکی ڕاستەقینە بە زمانە بە یەکەوە بەستراوە.

ئەوە چ پێوەندییەکی بە بەختەوە هەیە؟ تەنیا ئەو شتەی بە کەتیرە بە یەکەوە بەسترابێ لە یەک دەبێتەوە.

(دارتاشەکە دەردەکەوێ)

**دارتاش:** ... بۆ ئەم بەڕێزانە بنووسە من ناوم پرادەرە. کورسییەکی پرادەر ناشکێ، ئەمە هەموو منداڵێک دەیزانێ، کورسیی پرادەر کورسیی پرادەرە. بەشێوەیەکی گشتی: پارە دراو، پارە دراوە. بە تەنیا وشەیەک: من مامەڵە ناکەم.

(بە هەردووکیان):

مۆڵەتتان هەیە؟

(خەلفەکە چاپووکانە دەڕوا)

کێ جارێکی تر لێرە جگەرەی کێشاوە؟

(ئەندری بێدەنگە)

ئێ خۆ بۆنی دەکەم

(ئەندری بێدەنگە)

ئەگەر تۆ بە لای کەمەوە بەجەرگ بوویتایە–

**ئەندری:** ئەمڕۆ شەمووە.

**دارتاش:** ئەمە چ پێوەندییەکی بەوەوە هەیە؟

**ئەندری:** لەبەر تاقیکردنەوەی لێهاتوویی شاگردیم. ئێوە وتتان: لە دوا شەمووی ئەم مانگەدا. ئەوە یەکەم کورسیمە.

(دارتاشەکە کورسییەک هەڵدەگرێ)

وەستا ئەوەیان نا، ئەوی تریان!

**دارتاش:** بوونە دارتاش ئاسان نییە، ئەگەر یەکێک لە خوێنیدا نەبێ.



ئاسان نییە. لە کوێوە لە خوێنتدا بێ. بەڵام ئەمەم یەکسەر بە باوکت گوت. بۆچی نابیتە فرۆشیار؟ ئەگەر یەکێک لە گەڵ تەختەداردا گەورە نەبووبێ، دەبینی بە داری ئێمە. لە داری ئورزی لبنان بە زیاد بێ، کورم، بەڵام لای ئێمە بە داربەڕووی ئەندۆرا کار دەکرێ.

**ئەندری:** ئەوە سوورەچنارە.

**دارتاش:** دەتەوێ من فێر بکەی؟

**ئەندری:** وام زانی دەتەوێ تاقیم بکەیتەوە.

(دارتاشەکە دەیەوێ قاچێکی لێ بکاتەوە)

بەڵام وەستا، ئەوە هیی من نییە!

**دارتاش:** لە–

(دارتاشەکە یەکەم قاچی کورسییەکە لێ دەکاتەوە)

چیم وت؟

(دارتاشەکە سێ قاچەکەی تری کورسییەکە دەردەهێنێ)

–وەکو قاچی بۆق، وەکو قاچی بۆق. شتێکی وا قۆڕ دەبێ بنێردرێ بۆ فرۆشتن. کورسییەکی پرادەر، دەزانی ئەوە یانی چی؟ –لە،

(دارتاشەکە پارچەکانی کورسییەکە فڕێ دەداتە بەر پێی)

سەیری کە!

**ئەندری:** ئێوە بە هەڵەدا چوون.

**دارتاش:** ئەوەتا– ئەوە کورسییە!

(دارتاشەکە لەسەر کورسییەکەی تر دادەنیشێ)

سەد کیلۆ، بە داخەوە، سەد کیلۆم، بەڵام ئەگەر کورسییەکی ڕاستەقینە بێ، جیڕە جیڕ ناکا، ئەگەر پیاوێکی ڕاستەقینە لە سەری دانیشێ و نەلەقێ. ئەمە جیڕە جیڕ دەکا؟

**ئەندری:** نەخێر.

**دارتاش:** دەلەقێ؟

**ئەندری:** نەخێر.

**دارتاش:** دەی جا چی!

**ئەندری:** ئەوە هیی منە.

**دارتاش:** –ئەی کێ ئەم شتە قۆڕەی دروست کردووە؟

**ئەندری:** خۆ من یەکسەر پێم وتن.

**دارتاش:** فێدری! فێدری!

(دەنگی مەکینەی داربڕینەوەکە نامێنێ)

جگە لە کێشمەکێش زیاتر هیچی ترم لەگەڵ تۆدا نییە، لە جیاتی سوپاس، کە مرۆڤ هاوشێوەی تۆ لە دووکانەکەیدا وەربگرێ، من مەزەندەم کرد.

(خەلفەکە دێ)

فێدری تۆ خەلفەی یان چیت؟

**خەلفە:** من–

**دارتاش:** لە کەیەوە لەلای پرادەر و کوڕەکەی کار دەکەی؟

**خەلفە:** پێنج ساڵە.

**دارتاش:** تۆ کام کورسییەت دروست کردووە. سەیری کە. ئەمە یان ئەمەی تریان؟ وەڵام بدەرەوە.



(خەلفەکە لە پارچە دارەکان ورد دەبێتەوە)

ڕێک و ڕاست وەڵامم بدەرەوە.

**خەلفە:** من...

**دارتاش:** بە زمانە بە یەکتەوە نووساند یان نا؟

**خەلفە:** هەموو کورسییەکی ڕاستەقینە بە زمانە بە یەکەوە نووسێنراوە...

**دارتاش:** گوێت لێیە؟

**خەلفە:** تەنیا ئەو شتەی بە کەتیرە بە یەکەوە نووسێنرابێ لە یەک دەبێتەوە...

**دارتاش:** تۆ دەتوانی بڕۆی.

(خەلفەکە دڵی دادەخورپێ)

مەبەستم ئەوەیە بڕۆ بۆ وەرشەکە.

(خەلفەکە خێرا دەڕوا)

با ئەمەت بۆ ببێتە دەرس. بەڵام من دەمزانی تۆ بۆ کارخانە نابی.

(دارتاشەکە دادەنیشێ و پایپەکەی پڕ دەکا)

حەیفێ بۆ تەختەدارەکە.

(ئەندرێ قسە ناکا)

ئەوە بەرە بۆ سووتاندن.

**ئەندری:** نەخێر.

(دارتاشەکە پایپەکە دادەگیرسێنێ)

ئەمە نامەردییە.

(دارتاشەکە پایپەکە دادەگیرسێنێ)

... ئەوەی وتم نایگێڕمەوە. ئێوە لەسەر کورسییەکەی من دانیشتوون، پێتان دەڵێم ئێوە درۆ دەکەن، بەو جۆرەی بۆتان بگونجێ و پایپەکەتان دادەگیرسێنن. ئێوە، بەڵێ، ئێوە! من لە ئێوە دەترسم، بەڵێ، هەڵدەلەرزم. لەبەر چی لای ئێوە مافم نییە؟ من گەنجم، وام بیر کردەوە: من دەبێ خاکەڕا بم. سوودی نییە، ئێوە هیچ حیسابێک بۆ بەڵگە ناکەن. ئێوە لەسەر کورسییەکەی من دانیشتوون. بەڵام ئەوەتان بە لاوە گرینگ نییە؟ من هەرچی بکەم، هەردەم دژی منی دەکەنەوە، لاقرتێش کۆتایی نایەت. لەوە زیاتر ناتوانم بێدەنگ بم، ناخم دەکرۆژێ. گوێ دەگرن؟ مژ لە پایپەکەت دەدەی و منیش بەرەو ڕوو پێتان دەڵێم: ئێوە درۆ دەکەن. خۆتان باش دەزانن ئێوە چەند نامەردن. ئێوە زۆر نامەردن. ئێوە لەسەر ئەو کورسییە دانیشتوونە کە من کردوومە و پایپەکەتان دادەگرسێنن. من چی زیانم لێ داوی؟ ئێوە ناتانەوێ من لێهاتوو بم. بۆ گاڵتەم پێ دەکەی؟ ئێوە لەسەر کورسییەکەم دانیشوون. هەموو گاڵتەم پێ دەکەن و ڕادەبوێرن و واز ناهێنن. لەبەر چی ئێوە لە ڕاستی بە هێزترن. ئێوە باش دەزانن کامە ڕاستە، ئێوە لە سەری دانیشتوون–

(دارتاشەکە پایپەکەی داگیرساندووە)

شەرم ناکەن–

**دارتاش:** ئەوەندە چەنە مەدە.

**ئەندری:** وەکو بۆقێک دانیشتوون!

**دارتاش:** یەکەم ئێرە شوورەی نزا نییە.



(خەلفەکە و دووانی تر بە هۆی تریقانەوەیان خۆیان ئاشکرا دەکەن)

هەموو تیپە دووگۆڵییەکەتان دەرکەم؟

(شاگردەکە و ئەوانی تر دیار نامێنن)

یەکەم ئێرە شوورەی نزاکردن نییە، دووەم من یەک وشەم نەوتووە، کە من لەبەرئەوە دەرت دەکەم. هیچ وشەیەک. من کارێکی ترم بۆ تۆ هەیە. بەرکۆشەکەت داکەنە! پێشانت دەدەم چۆن داواکاریی دەنووسی. گوێ دەگری، کە وەستاکەت قسە دەکا؟ بۆ هەموو داواکارییەکی بە هۆی سەودا و مامەڵەوە دەیهێنی، نیو پاوەندت دەست دەکەوێ. با بڵێین: پاوەندێکی تەواو بۆ سێ داواکاری. پاوەندێکی تەواو! ئەمە ئەوەیە کە هاوشێوەکانت لە خوێنیاندایە، بڕوام پێ بکە، هەموو پیاوێک دەبێ ئەوە بکا کە لە خوێنیایەتی. تۆ دەتوانی پارەت دەست کەوێ ئەندری، پارە، پارەیەکی زۆر...

(ئەندری جووڵە ناکا)

ڕێککەوتین؟

(دارتاشەکە هەڵدەستێتە سەر پێ و بە سەر شانی ئەندریدا دەدا)

من مەبەستم لەگەڵتدا باشە.

(دارتاشەکە دەڕوا، مرۆڤ گوێی لە دەنگی مشاری داربڕینەوەکە دەبێ)

**ئەندری:** بەڵام من ویستم ببم بە دارتاش...

(خەلفەکە قەمسەڵەی ماتۆڕسواریی لەبەرە، دەچێتە لای کابینەی شایەتییەکەوە)

**خەلفە:** من دانی پێدا دەنێم: کورسییەکەی من بوو نەک کورسییەکەی ئەو. ئەو کاتە. من ویستم لە دواییدا قسەی لەگەڵدا بکەم، بەڵام ئەو بە جۆرێک بوو کە مرۆڤ ئیتر نەیدەتوانی قسەی لەگەڵدا بکا. دوای ئەوە حەزیشم لە چارەی نەمابوو، دانی پێدا دەنێم. هەتا ڕۆژباشیشی بە کەس نەدەگوت. خۆ من ناڵێم با گۆڕی گیانی بێ چیی بە سەرهات، بەڵام خەتای خۆی بوو، ئەگینا هەرگیز ئەو شتە ڕووی نەدەدا. کاتێ جارێکی تر بۆ تۆپتۆپانێ لێمان پرسی، خۆی لە ئێمە بە باشتر دەزانی. گوناهی من نییە کە دواتر هاتن بردیان.



## وێنەی چوارەم

(ژوورێک لەلای مامۆستا. ئەندری دانیشتووە و دوکتۆر دەیپشکنێ، کەوچکێکی لە دەمدایە، دایکی لە تەنیشتییەوەیە)

**ئەندری:** ئئئئەندۆررا.

**دوکتۆر:** بەڵام بە دەنگی بەرزتر، هاوڕێ، زۆر بەرزتر!

**ئەندری:** ئئئئئئئئەندۆررا.

**دوکتۆر:** کەوچکێکی درێژترتان نییە؟

(دایک دەچێتە دەرەوە)

تەمەنت چەندە؟

**ئەندری:** بیست.

(دوکتۆر چروتێک دادەگیرسێنێ)

من هەتا ئێستا هەرگیز نەخۆش نەکەوتووم.

**دوکتۆر:** تۆ کوڕێکی تۆکمەی، دەبینم، کوڕێکی سەلار، کوڕێکی ساغ، ئەمەم بە دڵە، عەقڵێکی ساغ لە جەستەیەکی ساغدایە، ئەگەر بزانی ئەمە مانای چییە.

**ئەندری:** نەخێر.

**دوکتۆر:** ئیشت چییە؟

**ئەندری:** ویستم ببم بە دارتاش–

**دوکتۆر:** چاوتم پێ پیشان دە!

(دوکتۆرەکە زەڕەبینێک لە گیرفانی یەلەکەکەی دەردەهێنێ و
چاوی دەپشکنێ)

چاوەکەی ترت!

**ئەندری:** ئەوە چییە – ڤایرۆس؟

**دوکتۆر:** من پێش بیست ساڵ باوکتم دەناسی، هەر نەمزانی کە کوڕی هەیە. ئەم یەکانە! وامان ناو نابوو. هەموو کات بە کەللەڕەقیی! ئەو کاتە لەسەر زاران بوو، مامۆستایەکی گەنج، کە کتێبەکانی قوتابخانە دەدڕێنێ، ویستی کتێبی تری هەبێ، بەڵام کاتێ کتێبی تریان پێی نەدا، منداڵە ئەندۆرابییەکانی فێر کرد، لاپەڕە لاپەڕە ئەو شوێنانە بە قەڵەمێکی سوور خەت لێ بدەن کە لە کتێبی قوتابخانەکانی ئەندۆرادا ڕاست نین. نەیانتوانی بەرپەرچی بدەنەوە. پیاوێک بوو. کەس نەیدەزانی لە ڕاستیدا چیی دەوێ. پیاوێکی بە جەرگ بوو. خانمەکان بۆی شێت و شەیدا بووبوون–

(دایکەکە بە کەوچکێکی درێژترەوە دێتە ژوورەوە)

کوڕەکەتانم بە دڵە.

(درێژە بە پشکنین دەدا)

دارتاشی پیشەیەکی خۆشە، پیشەیەکی ئەندۆرییە، لە هیچ شوێنێک لە دنیادا دارتاشی باشی وەکو دارتاشی ئەندۆرا بوونی نییە، ئەمە ناسراوە.

**ئەندری:** ئئئئئئئئئەندۆررا!

**دوکتۆر:** جارێکی تر.





**ئەندری:** ئئئئئئئئئەندۆررا!

**دایک:** دوکتۆر، چییە، نەخۆشییەکەی دژوارە؟

**دوکتۆر:** دوکتۆری چی! من ناوم فێرەرە.

(دوکتۆر پاڵەپەستۆی خوێنی دەپێوێ)

ئەگەر بە وردی سەیری بکەی من پرۆفیسۆرم، بەڵام من تایتڵ بە هەند وەرناگرم، خانم. وەکو دەڵێن ئەندۆرایی سادە و ساکارە، ئەمەش ڕاستە. ئەندۆرایی سەری دانانەوێنێ. دەمتوانی چەندان تایتڵی ترم هەبێ. ئەندۆرا کۆمارە، ئەمەم لە هەموو دنیا پێ وتوون: ئەندۆرا بکەنە سەرمەشق! لەلای ئێمە هەموو کەسێک ئەوەیە کە هەیە. لەو بڕوایەدای لەبەر چی لە پاش بیست ساڵ گەڕامەوە؟

(دوکتۆرەکە بێدەنگ دەبێ، بۆ ئەوەی لێدانی دڵی بژمێرێ)

ها.

**دایک:** پرۆفیسۆر، وەزعی خراپە؟

**دوکتۆر:** خانم، ئەگەر یەکێک وەکو من دنیای دیبێ، ئەوسا دەزانێ، وڵات چی دەگەیەنێ! ئێرە جێگەمە، بە تایتڵەوە یان بەبێ تایتڵ، من ڕەگوڕیشەم لێرەدایە.

(ئەندری دەکۆکێ)

لە کەیەوە دەکۆکێ؟

**ئەندری:** چرووتەکەت، پرۆفیسۆر، چرووتەکەت!

**دوکتۆر:** ئەندۆرا وڵاتێکی بچووکە، بەڵام وڵاتێکی ئازادە. ئەمە لە کوێی تر هەیە؟ هیچ وڵاتێکی تری دایک لە دنیادا ناوێکی لەو

جوانتری نییە، هیچ گەلێکی سەر ڕووی زەمین وەکو ئەو ئازاد نییە– دەمت بکەرەوە، هاوڕێ، دەمت بکەرەوە!

(دوکتۆر جارێکی تر سەیری قوڕگی دەکا، ئەمجا کەوچکەکە لە دەمی دەردەهێنێ)

کەمێک هەوی کردووە.

**ئەندری:** من؟

**دوکتۆر:** سەرت دێشێ؟

**ئەندری:** نەخێر.

**دوکتۆر:** بێ خەوی؟

**ئەندری:** هەندێ جار.

**دوکتۆر:** ئەها.

**ئەندری:** بەڵام لەبەرئەوە نا.

(دوکتۆرەکە جارێکی تر کەوچکەکە بە دەمیدا دەکا)

ئەههههههه– ئەهههههههههههههندۆرا.

**دوکتۆر:** ئاوا باشە هاوڕێ، دەبێ ئاوا دەنگ بداتەوە، تاوەکو هەر جوولەکەیەک، کە گوێی لە ناوی وڵاتەکەمان دەبێ بە ناخی زەویدا بچێ.

(ئەندری خۆی ڕادەوەشێنێ)

کەوچکەکە قووت نەدەی!

**دایک:** ئەندری...

(ئەندری هەستاوەتە سەر پێ)

**دوکتۆر:** هیچ کارەساتێک ڕووی نەداوە، تۆزێک هەوی کردووە، من



خەمیم نییە، پێش هەموو ژەمە خواردنێک حەبێک –

**ئەندری:** لەبەر چی –دەبێ جوولەکە– بە ناخی زەویدا ڕۆ بچێ؟

**دوکتۆر:** دەبێ لە کوێ بێ؟

(دوکتۆر بە ناو جانتاکەیدا دەگەڕێ)

هاوڕێی لاوم، تۆ ئەوە دەپرسی، لەبەرئەوەی تۆ هەرگیز بە دنیادا نەگەڕاوی. من جوولەکە دەناسم. مرۆڤ بۆ هەر شوێنێک دەچێ، ئەو لەوێ هەڵترووشکاوە، لە هەموو کەسێ باشتر هەموو شتێک دەزانێ، ئەی تۆ، ئەندۆراییەکی ساکار، دەتوانی جانتاکەت بپێچیتەوە. خۆ وایە. خراپترین شت لە جوولەکەدا بڵندخوازییەتی. لە هەموو وڵاتەکانی دنیا لەسەر کورسیی فێرکاری دانیشتوون، من ئەزموونی ئەوەم کردووە و بۆ ئێمەمانان جگە لە وڵات هیچی تر نامێنێتەوە، من هیچ شتێکم لە دژی جوولەکە نییە. من لەگەڵ دڕندەییدا نیم. منیش جووم ڕزگار کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا کە ناتوانم بۆنیان بکەم. ئەی چۆن سوپاسیان کردم؟ لە گۆڕان نایەن. لەسەر هەموو کورسییە فێرکارییەکانی دنیا هەڵترووشکاون. لە گۆڕان نایەن.

(دوکتۆرەکە حەبەکان دەداتە ئەندری)

ئەوە حەبەکانتن!

(ئەندری وەریان ناگرێ، بگرە دەڕوا)

ئەوە لە پڕ چییەتی؟

**دایک:** ئەندری! ئەندری!

**دوکتۆر:** بە لای ڕاستدا وەرچەرخایەوە و ڕۆیشت...

**دایک:** نەدەبوو پێشووتر ئەوە بڵێی، پرۆفیسۆر، ئەوەی لەبارەی

جوولەکە وتت.

**دوکتۆر:** لەبەر چی نا؟

**دایک:** ئەندری جوولەکەیە.

(مامۆستا دێتە ژوورەوە، دەفتەری قوتابخانەی بە دەستەوەیە)

**مامۆستا:** چی ڕووی داوە؟

**دایک:** هیچ، هەڵمەچۆ، هەر هیچ ڕووی نەداوە.

**دوکتۆر:** من نەمتوانی ئەوە بزانم–

**مامۆستا:** چی؟

**دوکتۆر:** لەبەر چی کوڕەکەتان جوولەکەیە؟

(مامۆستا قسە ناکا)

من دەبێ بڵێم، سووک و سانا بە لای ڕاستدا وەرچەرخا و ڕۆیشت، من چارەسەری پزیشکیم کرد، تەنانەت دەمەتەقێم لەگەڵ کرد، بۆم ڕوون کردەوە ڤایرۆس چییە–

**مامۆستا:** من کارم هەیە.

(بێدەنگی)

**دایک:** ئەندری کوڕی هەڵگیراوەمانە.

**مامۆستا:** ئێوارەیەکی خۆش.

**دوکتۆر:** ئێوارەیەکی خۆش.

(دوکتۆر شەپقەکە و جانتاکەی هەڵدەگرێ)

من دەڕۆم.

(دوکتۆر دەڕوا)

**مامۆستا:** دیسان چی ڕووی داوە؟

**دایک:** هەڵمەچۆ!



**مامۆستا:** ئەم دەعبایە چۆن هاتووەتە ماڵەکەی منەوە؟

**دایک:** دوکتۆری گشتیی نوێیە.

(جارێکی تر دوکتۆر دێتە ژوورەوە)

**دوکتۆر:** لەگەڵ ئەوەیشدا دەبێ حەبەکان بخوا.

(دوکتۆرەکە شەپقەکەی دادەگرێ)

داوای لێبووردن دەکەم.

(دوکتۆر شەپقەکەی دەکاتەوە سەر)

من چیم وت... تەنیا لەبەرئەوەی وتم... بێگومان بە گاڵتە، لە گاڵتە تێ ناگەن، خۆ من دەڵێم، مرۆڤ هەتا ئێستا جوولەکەیەکی بینیوە لە گاڵتە تێ بگا؟ من نە... من تەنیا وتم: من جوولەکە دەناسم. مرۆڤ هێشتا مۆڵەتی ئەوەی هەیە لە ئەندۆرا ڕاستی بڵێ... (مامۆستا هیچ ناڵێ)

شەپقەکەم لە کوێیە؟

(مامۆستا دەچێتە پێشەوە بۆ لای دوکتۆر، شەپقەکەی لەسەر لا دەدا، دەرگەکە دەکاتەوە و شەپقەکەی فڕێ دەداتە دەرەوە)

**مامۆستا:** ئەوەتانێ شەپقەکەت لەوێیە!

(دوکتۆرەکە دەڕوا)

**دایک:** من پێم وتی نابێ هەڵچی. هەرگیز لەوە نابووری. تۆ لەگەڵ هەموو دنیادا شەڕ دەکەی، ئەمە شتەکە بۆ ئەندری ئاسانتر ناکا.

**مامۆستا:** با بێ.

**دایک:** ئەندری! ئەندری!

**مامۆستا:** هەر ئەومان کەم بوو. ئەو و پزیشکی گشتی! من تێ ناگەم، دنیا مەیلێکی هەیە، هەموو کات پیسترین وەرچەرخان بە خۆوە ببینێ...

(ئەندری و باربلین دەردەکەون)

ئەندری، بۆ دوا جار پێت دەڵێم، گوێ بە قسە قۆڕەکانیان مەدە. ئەندری، تۆ دەزانی من ناحەقی قبووڵ ناکەم.

**ئەندری:** بەڵێ، بابە.

**مامۆستا:** ئەگەر ئەم بەڕێزە، کە لەم دواییانەدا بوو بە پزیشکی گشتیمان، جارێکی تر کەڵبەی گەمژەی بکاتەوە، ئەم ئەکادیمییە، ئەم شەڕانییە، ئەم کوڕی قاچاخچییە- ئا منیش قاچاخچییەتیم کردووە، بەڵێ، وەکو هەموو ئەندۆراییەکی تر: بەڵام من تایتڵم نییە- ئەمجا، دەڵێم، خۆی لە پلیکانەکە دەکەوێتە خوارەوە. خودی خۆی، نەک هەر تەنیا شەپقەکەی. (بە دایک): من لێیان ناترسێم! (بە ئەندری): تۆیش، تێ دەگەی، تۆیش نابێ لێیان بترسی. ئەگەر ئێمە پشتی یەکتر بگرین، من و تۆ، وەکو دوو پیاو، ئەندری، وەکو هاوڕێ، وەکو باوک و کوڕ- یان تۆم وەکو کوڕی خۆم مامەڵە نەکردووە؟ یان کەمتەرخەمیم بەرامبەر کردووی؟ بیدە بە ڕوومدا. جیاوازتر لە کچەکەی خۆم مامەڵەم لەگەڵ کردوویت، ئەندری؟ یەکسەر بیدا بە ڕوومدا. چاوەڕوانم.

**ئەندری:** چی، بابە، چی بڵێم؟

**مامۆستا:** من ناتوانم تەحەمولی ئەوە بکەم، کە تۆ وەکو کوڕێکی کلێسا، کە دزیی کردبێ یان نازانم چی، هێندە سەلار، بوەستی



لەبەرئەوەی لە من دەترسی. هەندێ جار دەگاتە کونە لووتم، دەزانم ناحەقم. من نەمژماردووە و یاداشتم نەکردووە وەکو پەروەردەکار چەند شتم بە سەردا ڕۆیشتووە.

(دایک قاپ و قاچاخ لەسەر مێزەکە دادەنێ)

دایکت لەگەڵتدا دڵڕەق بوو؟

**دایک:** ئەو وتارانە چین دەیاندەی؟ مرۆڤ لەوانەیە وا بزانێ، لە بەردەم جەماوەردا وتار دەدەی.

**مامۆستا:** لەگەڵ ئەندریدا قسە دەکەم.

**دایک:** ئاوها.

**مامۆستا:** وەکو چۆن پیاو لەگەڵ پیاودا قسە دەکا.

**دایک:** دەتوانین نان بخۆین.

(دایک دەچێتەوە دەرەوە)

**مامۆستا:** لە ڕاستیدا ئەمە ئەوە بوو، کە ویستم پێت بڵێم.

(باربلین شتەکانیتر لەسەر میزەکە دادەنێ)

ئەم پرۆفیسۆرە، ئەگەر لە دەرەوە دەعبایەکی هێندە گەورەیە بۆچی لە دەرەوە نامێنێتەوە، کە لە هەموو زانکۆکانی دنیا نەیتوانی ببێتە دوکتۆریش؟ ئەم نیشتمانپەروەرە، کە بووەتە پزیشکی گشتیمان، لەبەرئەوەی ناتوانێ ڕستەیەک بەبێ وڵات و ئەندۆرا پێک بهێنێ. ئەی تاوانی کێیە، کە کۆششەکانی بەریان نەگرتووە، ئەی کێ، ئەگەر جوولەکە نەبێ؟ -من نامەوێ ئیتر گوێم لەم وشەیە بێ.

(دایک شۆرباکە دێنێ)

تۆیش ئەندری، نابێ ئەو وشەیە بکەوێتە سەر زمانت. تێ

گەیشتی؟ من قبووڵی ناکەم. نازانن چی دەڵێن، من نامەوێ لە کۆتاییدا بڕوا بەوە بکەی کە ئەوان دەیڵێن. بیر بکەرەوە، هیچ ئەرزشی نییە. بۆ دوا جار. تێ گەیشتی؟ بۆ دوا جار.

**دایک:** تەواو بووی؟

**مامۆستا:** هیچ ئەرزشی نییە.

**دایک:** دە نانەکەمان بۆ کەرت بکە.

(مامۆستا نانەکە دەبڕێ)

**ئەندری:** ویستم شتێکی تر بپرسم...

(دایک بە ئەسکوێ شۆربا دەکاتە قاپەکانەوە)

بەڵام ئێوە لەوانەیە بیزانن. هیچ ڕووی نەداوە، پێویست ناکا هەردەم بترسێن. من نازانم مرۆڤ شتێکی وا چۆن دەڵێ: —من دەبمە بیست و یەک و باربلین نۆزدەیە...

**مامۆستا:** ئێ؟

**ئەندری:** ئێمە دەمانەوێ هاوسەرکاری بکەین.

(مامۆستا نانەکەی لە دەست بەردەبێتە خوارەوە)

بەڵێ من هاتووم بۆ ئەوەی بپرسم— ویستم کاتێک بیکەم کە لە ئەزموونی دارتاشییەکە دەرچم، بەڵام سەر ناگرێ— ئێمە دەمانەوێ ئێستا مارەبڕین بکەین، بۆ ئەوەی ئەوانی تر بیزانن و لە هەموو شوێنێک دوای باربلین نەکەون.

**مامۆستا:** هاوسەرکاری بکەن؟

**ئەندری:** بابە، من داوای دەستی کچەکەت دەکەم.

(مامۆستا وەکو یەکێکی سزای مەرگی بە سەردا درابێ هەڵدەستێتە سەر پێ)



**دایک:** کان، من زانیم ئەمە ڕوو دەدا.

**مامۆستا:** بێدەنگ بە!

**دایک:** لەبەرئەوە پێویست ناکا نانەکەت لە دەست بکەوێتە خوارەوە.

(دایک نانەکە لە زەوی هەڵدەگرێتەوە)

یەکتریان خۆش دەوێ.

**مامۆستا:** بێدەنگ بە!

(بێدەنگی)

**ئەندری:** بەڵام بابە وایە، ئێمە یەکترمان خۆش دەوێ. زەحمەتە باسی ئەوە بکەین. هەر لە کاتی ژوورە سەوزەکەوە، کە هێشتا منداڵ بووین، باسی هاوسەرکاریمان کردووە. لە قوتابخانە شەرممان دەکرد، لەبەرئەوەی هەموو پێمان پێ دەکەنین: دەیانگوت، ئەمە نابێ، لەبەرئەوەی ئێمە خوشک و براین! جارێکیان ویستمان خۆمان ژارخوارد بکەین، لەبەرئەوەی ئێمە خوشک و براین، بە گێلاسی کێوی، بەڵام زستان بوو، گێلاسی کێوی نەبوو. ئێمەیش گریاین، هەتا دایکە هەستی پێ کرد— دایە، هەتا تۆ هاتی، تۆ دڵنەواییت کردین و وتت، کە ئێمە خوشک و برا نین. سەرجەمی ئەم بەسەرهاتەش، چۆن باوکە منی بەسەر سنووردا ڕزگار کرد، لەبەرئەوەی من جوولەکەم. لەبەرئەوە زۆر بەختەوەر بووم و لە قوتابخانە و لە هەموو شوێنێک بۆم گێڕانەوە. لەو کاتەوە لە هەمان ژوور ناخەوین، ئێخۆ ئێمە ئیتر منداڵ نەماوین.

(مامۆستا وەکو بەرد بێدەنگە)

بابە کاتی ئەوە هاتووە کە زەماوەند بکەین.

**مامۆستا:** ئەندری، ئەمە نابێ.

**دایک:** بۆچی نا؟

**مامۆستا:** لەبەرئەوەی نابێ!

**دایک:** هاوار مەکە.

**مامۆستا:** نە– نە– نە...

(باربلین لە پرمەی گریان دەدا)

**دایک:** تۆیش یەکسەر مەگری!

**باربلین:** خۆم دەکوژم.

**دایک:** قسەی هیچ مەکە!

**باربلین:** یان دەچم بۆ لای سەربازەکە، بەڵێ.

**دایک:** بەر لەعنەتی خوا بکەوی!

**باربلین:** با بکەوم.

**ئەندری:** باربلین؟

(باربلین ڕادەکاتە دەرەوە)

**مامۆستا:** ئەو وەکو مریشک وایە. وازی لێ بێنە! کچی زۆر زۆر دەدۆزیتەوە.

(ئەندری خۆی ڕادەپسکێنێ و خۆی قورتار دەکا)

ئەندری–!

**ئەندری:** باربلین شێتە.

**مامۆستا:** تۆ لێرە دەمێنیتەوە.

(ئەندری دەمێنێتەوە)

ئەندری ئەمە یەکەم نەئە کە دەبێ پێتی بڵێم.



(مامۆستا هەردوو دەستی دەخاتە سەر ڕووی)

نەخێر!

**دایک:** من لە تۆ تێ ناگەم کان. من لە تۆ تێ ناگەم. تۆ ئێرەیی دەبەی؟ باربلین نۆزدەیە، یەکێک هەر دێت. بۆ ئەندری نا، کە ئێمە دەیناسین؟ ئەمە ڕەوتی دنیایە. داڵغەی چی لێ دەدەی و سەر ڕادەوەشێنی، کە بەختێکی گەورەیە و ناتەوێ کچەکەت بدەی؟ تۆ بێدەنگ دەبی. دەتەوێ بە شووی بدەی؟ تۆ بۆ ناخی خۆت بێدەنگ دەبی، لەبەرئەوەی تۆ ئێرەیی دەبەی. کان، ئێرەیی بەم دوو گەنجە و لە ژیانیان بەوەی ئەوان بەبێ تۆ بەردەوامی بە ژیانی خۆیان دەدەن.

**مامۆستا:** تۆ چی دەزانی؟

**دایک:** من تەنیا پرسیار دەکەم.

**مامۆستا:** باربلین منداڵە–

**دایک:** هەموو باوکەکان وا دەڵێن. منداڵ! بۆ تۆ، کان، بەڵام بۆ ئەندری نا.

(مامۆستا بێدەنگە)

بۆ دەڵێی نە؟

(مامۆستا بێدەنگە)

**ئەندری:** لەبەرئەوەی من جوولەکەم.

**مامۆستا:** ئەندری–

**ئەندری:** دە بیڵێ.

**مامۆستا:** جوولەکە! جوولەکە!

**ئەندری:** ئەمە مەسەلەکەیە.

**مامۆستا:** جوولەکە! هەموو سێ وشە یەکێکیان جوولەکەیە، هیچ ڕۆژێک بە سەر ناچێ، هەر دوو وشە، هیچ ڕۆژێک بەبێ جوو بە سەر ناچێ، هیچ شەوێک بە بێ جوولەکە بەسەر ناچێ، گوێم لە جوولەکە دەبێ، کاتێ یەکێک دەپرخێنێ، جوولەکە، جوولەکە، هیچ نوکتەیەک بەبێ جوولەکە نییە، هیچ سەودا و مامەڵەیەک بەبێ جوولەکە نییە، هیچ جنێوێک بەبێ جوولەکە نییە، لەو شوێنە گوێم لە جوولەکەیە، کە جوولەکەی لێ نییە، جوولەکە و جوولەکە جارێکی تریش جوولەکە، منداڵان گەمەی جوولەکە دەکەن، کە پشت لە شوێنێک دەکەم، هەموو کەسێک لە پشتەوە باس دەکا، ئەسپەکان لە کۆڵانەکان دەحیلێنن: جوووو، جووو، جوو...

**دایک:** تۆ زیادەڕۆیی دەکەی.

**مامۆستا:** هۆی تر نییە؟!

**دایک:** دە بیانڵێ.

(مامۆستا بێدەنگ دەبێ، ئەمجا شەپقەکەی هەڵدەگرێ)

بۆ کوێ دەچی؟

**مامۆستا:** بۆ ئەو شوێنەی ئارامیمی لێ بێ.

(دەڕوا و زرمە لە دەرگەکە هەڵدەسێنێ)

**دایک:** ئێستا ئیتر هەتا نیوەشەو دەخواتەوە.

(ئەندری بە ئەسپایی دەچێتە لای دایکەوە)

ئەندری؟ – ئێستا هەموو لە یەک دابڕان.



# وێنەی پێنجەم

(گۆڕەپانی ئەندۆرا، مامۆستا بە تەنیا لە بەردەم مەیخانەکەدا دانیشتووە، ساقییەکە ئەو بادە مەیە بۆ مامۆستا دەهێنێ کە داوای کردووە، مامۆستا هێشتا وەری ناگرێ)

**ساقی:** چیی تازە هەیە؟

**مامۆستا:** مەیەکی تریش.

(ساقی دەڕوا)

«لەبەرئەوەی جوولەکەم»

(ئێستا بادەی مەیەکە هەڵدەدا)

جارێک ڕاستی دەڵێم مرۆڤ وا دەڵێ، بەڵام درۆ زەروویەکە، خوێنی ڕاستیی مژیوە. ئێستا زەرووەکە گەورە دەبێ. ئیتر لێی قورتار نابم. گەورە دەبێ و خوێنی هەیە. وەکو کوڕێکی خۆم سەیرم دەکا، کوڕەکەم، جوولەکەیەکی زیندوو... «چیی تازە هەیە؟» —من درۆم کرد و هەتا منداڵ بوو ئێوە دەستتان بە سەریدا دەهێنا، ئێستا پیاوە، ئێستا دەیەوێ ژن بێنێ، بەڵێ، خوشکەکەی خۆی– ئەمە نوێیە!... من دەزانم ئێوە لە پێشدا چۆن بیر دەکەنەوە: فریادڕەسێکی جوولەکەش منداڵەکەی خۆی بۆ جوولەکە پێ حەیفە! من زەردەخەنەی تەوساویی ئێوە دەبینم.

(کەسێک دەردەکەوێ و لە تەنیشت مامۆستاوە دادەنیشێ)

**کەسێک:** چیی تازە هەیە؟

(مامۆستا بێدەنگە)

(کەسەکە ڕۆژنامەکەی دەخاتە پێش خۆی)

**مامۆستا:** بۆچی بە لاقرتێیەوە بزەخەنە دەکەی.

**کەسێک:** دیسان هەڕەشە دەکەن.

**مامۆستا:** کێ؟

**کەسێک:** ئەوانەی ئەوبەرەوە.

(مامۆستا هەڵدەستێ، ساقییەکە دێتە دەرەوە)

**ساقی:** بۆ کوێ؟

**مامۆستا:** بۆ ئەو شوێنەی ئارامیی منی لێ بێ.

(مامۆستا دەچێتە ناو مەیخانەکەوە)

**کەسێک:** ئەوە چییەتی؟ دەمەوێ بڵێم، ئەگەر بەردەوام وا بکا. ئاخری خێر نابێ... بۆ من بیرەیەک.

(ساقییەکە دەڕوا)

لەوەتەی ئەو کوڕە گەنجە لێرە نەماوە، بەلای کەمەوە مرۆڤ دەتوانێ ڕۆژنامەکەی خۆی بخوێنێتەوە: بەبێ ئۆرکستریۆنەکەی، کە هەموو کات بەخشیشەکەی بە فیڕۆ دەدا.



## وێنەی شەشەم

(لە بەردەم ژوورەکەی باربلیندا. ئەندری بە تەنیا لە ئاستانەی دەرگەکەدا نووستوە. ڕووناکیی مۆم. سێبەرێکی گەورە لەسەر دیوارەکە دەردەکەوێ، سەربازەکەیە. ئەندری دەپرخێنێ. سەربازەکە دەترسێ و سڵ دەکاتەوە. لێدانی سەعاتی مینارەیەک، سەربازەکە دەبینێ، کە ئەندری ناجوولێتەوە، پڕکێشی دەکا و هەتا دەرگەکە دەڕوا، جارێکی تر سڵ دەکاتەوە، دەرگەکە دەکاتەوە، لێدانی سەعاتی مینارەیەکی تر، ئێستا بەسەر ئەندری خەوتوودا باز دەدا و ئەمجا، کاتێ گەیشتووەتە ئەوێ، دەچێتە ژوورە تاریکەکەوە. باربلین دەیەوێ هاوار بکا، بەڵام دەمی دەگرێ. بێدەنگی. ئەندری بێدار دەبێتەوە)

**ئەندری:** باربلین!؟...

(بێدەنگی)

ئێستا جارێکی تر دەرەوە بێدەنگە، وازیان لە خواردنەوە و هەراوهۆریاکردن هێناوە، ئێستا هەموو لە پێخەفدان.

(بێدەنگی)

باربلین خەوتووی؟ دەبێ سەعات چەند بێ؟ من خەوتبووم. سەعات چوارە؟ شەو وەکو شیر وایە، تۆ، وەکو شیری ڕوون وایە. بەم زووانە مەلەکان دەست پێ دەکەن. وەکو لافاوێکی شیر...

(تەقەتەق دێ)

بۆ دەرگەکە کلۆم دەکەی؟

(بێدەنگی)

با باوکە پیرەکەت بێتە سەرەوە، با لە ئاستانەی دەرگەی کچەکەیدا بمبینێ. چی باکمە! من واز ناهێنم، باربلین، هەموو شەوێ لە ئاستانەی دەرگەکەتدا دادەنیشم، ئەگەر ئەویش هەتا دەمرێ هەموو شەوێ لە خەفەتا مەی هەڵقوڕێنێ.

(جگەرەیەک دەردەهێنێ)

ئێستا ئەوەندە بێدارم...

(دادەنیشێ و جگەرە دەکێشێ)

ئیتر من وەکو سەگێکی دەرۆزەکەر بەملا و بەولادا دزە ناکەم. من ڕقاوی بوومە. ئیتر ناگریم. پێ دەکەنم. هەتا لەگەڵم چەپەڵتر بن، هێندە پتر لە ڕقمدا هەست بە خۆشی دەکەم. هێندە دڵنیاتر. ڕق پلان دروست دەکا. من ئێستا ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر دڵم پێ خۆشە، چونکە ئێستا پلانێکم هەیە و کەس پێی نازانێ، ئەگەر ئێستا من بە ترسەوە دەڕۆم، تەنیا وای پێشان دەدەم. ڕق دەتکا بە فێڵباز. ڕق بە فیزت دەکا. ڕۆژێک لە ڕۆژان پێیان پێشان دەدەم. لەوەتەی ڕقم لێیان دەبێتەوە، هەندێ جار دەمەوێ فیکە بکێشم و گۆرانی بڵێم، بەڵام نایکەم. ڕق بە تەحەمولت دەکا. ڕەقت دەکا. ڕقم لە وڵاتەکەیان دەبێتەوە، کە بەجێی دەهێڵین و هەموو ڕووەکانیشییان بە جێ دەهێڵین. من تەنیا یەک مرۆڤم خۆش دەوێ، ئەمەش بەسە.

(گوێ ڕادەدێرێ)

پشیلەکەش بێدارە!

(پارە وردەکان دەژمێرێ)



باربلین، ئەمڕۆ پاوەند و نیوێکم دەست کەوت، پاوەند و نیوێک بە یەک ڕۆژ. ئێستا پارە پاشەکەوت دەکەم. ئێستا ئیتر ناچمە سەر سندووقی گۆرانییەکە–

(پێ دەکەنێ)

ئەگەر بیانتوانیبا ببینن، کە چەند حەقیانە: هەموو کات پارەکەم دەژمێرم!

(گوێ ڕادەدێرێ)

ئەوە دەنگی پێی یەکێکی ترە بۆ ماڵەوە دەچێ.

(دەنگی جریوەی مەل دێت)

دوێنێ ئەو پایەدەرەم بینی، دەزانی، کە حەزی لە تۆیە، ئەوەی پێی خستە بەرپێم، ئێستا هەموو جارێ کە دەمبینێ بە تەوسەوە زەردەخەنە دەکا، بەڵام گوێی نادەمێ–

(گوێ ڕادەدەێرێ)

دێتە سەرەوە!

(دەنگی پێ لەناو ماڵەکەدا)

باربلین، ئێستا بیست و یەک پاوەندمان هەیە، بەڵام بۆ کەسی باس مەکە. ئێمە زەماوەند دەکەین. بڕوام پێ بکە، دنیایەکی دیکە هەیە، کە لەوێ کەس نامانناسێ و کەس پێ ناخاتە بەرپێم، ئێمە بۆ ئەوێ دەڕۆین باربلین، ئەوسا ئەوەندەی دەیەوێ، دەتوانێ لێرە هاتوهاوار بکا.

(مژ لە جگەرەکەی دەدا)

باشە تۆ دەرگەکەت کلیل دا.

(مامۆستا دەردەکەوێ)

**مامۆستا:** کوڕم!

**ئەندری:** من کوڕی تۆ نیم.

**مامۆستا:** ئەندری، من هاتووم بۆ ئەوەی پێش ئەوەی ڕۆژ ببێتەوە ڕاستیت پێ بڵێم...

**ئەندری:** تۆ خواردووتەتەوە.

**مامۆستا:** بە بۆنەی تۆوە، ئەندری، بە بۆنەی تۆوە.

(ئەندری پێ دەکەنێ)

کوڕم–

**ئەندری:** واز لەوە بێنە!

**مامۆستا:** دەتەوێ گوێم لێ بگری؟

**ئەندری:** خۆت بە عەموودێکی کارەباوە ڕابگرە نەک بە منەوە، من بۆنت دەکەم.

(ئەندری خۆی لە دەستی دەکاتەوە)

هەموو کاتیش مەڵێ: کوڕم! کە سەرخۆش بی.

(مامۆستا لەتر دەدا)

دڵنیا بە، کچەکەت دەرگەکەی کڵۆم کردووە.

**مامۆستا:** ئەندری–

**ئەندری:** ناتوانی بە پێوە ڕاوەستی.

**مامۆستا:** من نیگەرانم...

**ئەندری:** پێویست ناکا.

**مامۆستا:** زۆر نیگەرانم...

**ئەندری:** دایە چاوەڕوانی تۆیە و دەگری.



**مامۆستا:** حسێبم بۆ ئەوە نەکردبوو...

**ئەندری:** حسێبت بۆ چی نەکردبوو؟

**مامۆستا:** کە تۆ ناتەوێ کوڕی من بی.

(ئەندری پێ دەکەنێ)

دەبێ دانیشم.

**ئەندری:** دە من دەڕۆم.

**مامۆستا:** کەواتا ناتەوێ گوێم لێ بگری؟

(ئەندری مۆمەکە هەڵ دەگرێ)

دە باشە نە.

**ئەندری:** من سوپاسی تۆ دەکەم کە لە ژیاندام. دەزانم. ئەگەر تۆ بە لاتەوە گرینگە، دەتوانم هەموو ڕۆژێک جارێک بیڵێم: من سوپاسی تۆ دەکەم کە لە ژیاندام: تەنانەت دوو جار لە ڕۆژێکدا: من سوپاسی تۆ دەکەم کە لە ژیاندام. جارێک بەیانی، جارێک ئێوارە: من سوپاسی تۆ دەکەم کە لە ژیاندام، من سوپاسی تۆ دەکەم کە لە ژیاندام.

**مامۆستا:** ئەندری، من بە درێژاییی شەو خواردمەوە بۆ ئەوەی ڕاستیت پێ بڵێم– لە ڕادەبەدەر زۆرم خواردەوە...

**ئەندری:** منیش وام بۆ دەردەکەوێ.

**مامۆستا:** تۆ قەرزارباری منی کە لە ژیاندای...

**ئەندری:** من قەرزاربارم.

**مامۆستا:** تۆ لێم تێ ناگەی.

(ئەندری قسە ناکا)

وا لێره مەوەستێ! کە من چیرۆکی ژیانی خۆمت بۆ دەگێڕمەوە...

(کەڵەشێر دەقوقێنێ)

واتە ژیانی منت بە لاوە گرینگ نییە؟

**ئەندری:** من ژیانی خۆمم بە لاوە گرینگە.

(کەڵەشێر دەقوقێنێ)

ئێستا کەڵەشێرەکان دەقوقێن.

(مامۆستا لەتر دەدا)

وا پێشان مەدە، وەکو ئەوەی هێشتا بتوانی بیر بکەیتەوە.

**مامۆستا:** تۆ ڕقت لە من دەبێتەوە...

**ئەندری:** من سەیرت دەکەم. ئەمە هەموو شتێکە. من ڕێزم لێ گرتی. نەک لەبەرئەوەی تۆ لە مەرگ ڕزگارت کردم، بگرە لەو بڕوایەدا بووم، تۆ وەکو هەموو ئەوانی تر نیت، تۆ وەکو ئەوان بیر ناکەیتەوە، تۆ بوێریت تێدایە. من پشتم پێ بەستی. ئەوسا ئەمەم بۆ ئاشکرا بوو و ئێستا تەماشات دەکەم.

**مامۆستا:** چیت بۆ ئاشکرا بوو؟...

(ئەندری قسە ناکا)

من وەکو ئەوان بیر ناکەمەوە ئەندری، من کتێبەکانی قوتابخانەیانم دڕی، کتێبی نوێم دەویست–

**ئەندری:** ئەوە زانراوە.

**مامۆستا:** دەزانی من چیم کرد؟

**ئەندری:** ئێستا دەڕۆم.



**مامۆستا:** ئایا تۆ دەزانی من چیم کرد...

**ئەندری:** کتێبەکانی قوتابخانەت دڕاند.

**مامۆستا:** – من درۆم کرد.

(وچان)

تۆ ناتەوێ لێم تێ بگەی...

(کەڵەشێر دەقوقێنێ)

**ئەندری:** سەعات حەوت، دەبێ لە دووکان بم. کورسی دەفرۆشم، مێز دەفرۆشم، دۆلاب دەفرۆشم، دەست لە دەست دەسووم.

**مامۆستا:** بۆ دەبێ دەست لە دەست بخشێنی؟

**ئەندری:** «ئایا مرۆڤ دەتوانێ مێزێکی باشتر بدۆزێتەوە؟ ئەوە دەلەقێ؟ ئەوە جیڕە جیڕ دەکا؟ ئایا مرۆڤ دەتوانێ کورسییەکی هەرزانتر بدۆزیتەوە؟»

(مامۆستا چاوی تێ دەبڕێ)

من دەبێ دەوڵەمەند بم.

**مامۆستا:** بۆچی دەبێ دەوڵەمەند بی؟

**ئەندری:** لەبەرئەوەی من جوولەکەم.

**مامۆستا:** کوڕم–!

**ئەندری:** دیسان دەستم پێوە مەدە!

(مامۆستا لەتر دەدا)

قێزم لێت دەبێتەوە.

**مامۆستا:** ئەندری–

**ئەندری:** مەگری.

**مامۆستا:** ئەندری–

**ئەندری:** برۆ میز بکە.

**مامۆستا:** چیت وت؟

**ئەندری:** بە گریان مەی لە چاوت دەرمەهێنە، دەڵێم، ئەگەر ناتوانی ڕای گری برۆ میز بکە.

**مامۆستا:** تۆ ڕقت لێم دەبێتەوە؟

(ئەندری هیچ ناڵێ)

(مامۆستا دەڕوا)

**ئەندری:** باربلین، ئەو ڕۆیشت. من نەمویست بریندار کەم. بەڵام بارودۆخەکە هەردەم خراپتر دەبێ. گوێت لێی بوو؟ نازانێ چی دەڵێ و ئەمجا وەکو یەکێک دەردەکەوێ کە بگری... خەوتوویتە؟

(گوێ بۆ لای دەرگاکە ڕادەدێرێ)

باربلین! باربلین؟

(دەرگەکە ڕادەوەشێنێ، ئەمجا هەوڵ دەدا دەرگەکە بشکێنێ، بینێکی نوێ دەهێنێتەوە، بەڵام لەم کاتەدا دەرگەکە لە ناوەوە دەکرێتەوە: سەربازەکە لە بەر ڕووناکیی مۆمەکەدا لەناو چوارچێوەی دەرگەکەدا ڕاوەستاوە، بەپێی خاوس، قایشی پانتۆڵەکەی کراوەتەوە، سەرووی لەشی ڕووتە)

باربلین...

**سەرباز:** ون بە لە بەرچاوم.

**ئەندری:** ئەمە مەحاڵە...

**سەرباز:** لە بەرچاوم ون بە، یان دەتکەمە پەن.



## پێشەوەی شانۆ

(سەربازەکە، ئێستا جلی مەدەنیی لەبەردایە، دەچێتە لای سندووقی شایەتیدانەوە)

**سەرباز:** من دانی پێدا دەنێم: حەزم لە چارەی نەبوو. من نەمدەزانی کە ئەو ئەوە نییە، هەموو کات دەوترا، کە گوایە ئەو ئەوەیە. من هەتا ڕۆژی ئەمڕۆش لەو بڕوایەدام، کە ئەو ئەوە بوو. هەر لە سەرەتاوە حەزم لە چارەی نەبوو. بەڵام من ئەوم نەکوشت. من تەنیا ئەرکی سەر شانی خۆمم بەجێ هێنا. فەرمان فەرمانە. دەزانن چی ڕوو دەدا، کە فەرمان بەجێ نەهێنرێ! من سەرباز بووم.

## وێنەی حەوتەم

(قـەشــە و ئەنـدری لە ژووری جلوبەرگی قـەشــە و پێـویسـتـیـیـەکـانی کڵێسەدان)

**قـەشـە:** ئەندری با بـەیەکەوە قسـە بکەین. دایکت ئـەوە دەخـوازێ. زۆر خەمی تۆیەتی...

دانیشە!

(ئەندری قسە ناکا)

ئەندری دانیشە!

(ئەندری قسە ناکا)

ناتەوێ دانیشی؟

(ئەندری قسە ناکا)

تێ دەگەم. تۆ یەکەم جارە بێی بۆ ئێرە. وەکو بڵێی. لە بیرمە: جارێکیان کاتێک تۆپەکەتان کەوتە ناو کڵێساوە، تۆیان نارد، بۆ ئەوەی لە پشتی میحرابەکەوە بیهێنیتەوە.

(قەشە پێ دەکەنێ)

**ئەندری:** خاوەن شکۆ، دەبێ لەبارەی چی قسە بکەین؟

**قەشە:** دانیشە!

(ئەندری قسە ناکا)

کەواتە ناتەوێ دانیشی.



(ئەندری بێدەنگە)

دە باشە.

**ئەندری:** خاوەن شکۆ، ئەوە ڕاستە کە من لە هەمووان جیاوازم.

(وچان)

**قەشە:** ئەندری، دەمەوێ شتێکت پێ بڵێم.

**ئەندری:** دەزانم من بێ شەرمم.

**قەشە:** من لە تەنگەتاویت تێ دەگەم. بەڵام دەبێ بزانی، کە ئێمە تۆمان خۆش دەوێ، ئەندری، بەو جۆرەی کە هەی. باوکت هەموو شتێکی بۆ نەکردووی؟ بیستوومە زەویوزاری فرۆشتووە، بۆ ئەوەی تۆ ببیتە دارتاش.

**ئەندری:** بەڵام من نابمە دارتاش.

**قەشە:** بۆچی نا؟

**ئەندری:** دەوترێ، کەسانی وەکو من هەموو کات تەنیا بیر لە پارە دەکەنەوە، دارتاشەکە دەڵێ لەبەرئەوە بۆ کارخانە دەست نادەم، بگرە دەبێ ببمە فرۆشیار. خاوەن شکۆ، من دەبمە فرۆشیار.

**قەشە:** باشە.

**ئەندری:** بەڵام من دەمویست ببم بە دارتاش.

**قەشە:** بۆ دانانیشی؟

**ئەندری:** لەو بڕوایەدام خاوەن شکۆ بە هەڵەدا چووین. کەس حەزی لە من نییە. ساقییەکە بە من دەڵێ من بێ ئەدەبم، دارتاشەکەش لەو بڕوایەدایە. دوکتۆرەکە دەڵێ، من بەرزیخوازم و هاوشێوەی من بێ هەستن.

**قەشە:** دانیشە!

**ئەندری:** ئەوە ڕاستە، خاوەن شکۆ، کە من هەستم نییە؟

**قەشە:** لەوانەیە، ئەندری، تۆ جۆرە ئاشوویێکت تێدایە.

**ئەندری:** پایدەریش دەڵێ، من ترسنۆکم.

**قەشە:** لە بەرچی ترسنۆک؟

**ئەندری:** لەبەرئەوەی جوولەکەم.

**قەشە:** تۆ حەقت بە سەر پایدەرەوە چییە؟

(ئەندری هیچ ناڵێ)

ئەندری دەمەوێ شتێکت پێ بڵێم

**ئەندری:** مرۆڤ نابێ هەردەم بیر لە خۆی بکاتەوە، دەزانم. بەڵام من بە جۆرێکی تر ناتوانم، خاوەن شکۆ، هەردەم وایە. هەردەم دەبێ بیر بکەمەوە، ئایا ئەوە ڕاستە، کە ئەوانی تر لەبارەی من دەیڵێن: کە من وەکو ئەوان نیم، دڵم خۆش نییە، خۆش مەشرەب نیم، ئاسان نیم. ئەی خاوەن شکۆ ئێوەش لەو بڕوایەدان، من جۆرە ئاشوویێکم تێدایە. من تێ دەگەم، کە کەس حەزی لە چارەم نییە. من خۆشم خۆشیم بە خۆمدا نایەت، کە بیر لە خۆم دەکەمەوە.

(قەشە هەڵدەستێتە سەر پێ)

ئێستا بۆم هەیە بڕۆم؟

**قەشە:** ئێستا گوێم لێ بگرە!

**ئەندری:** چی، خاوەن شکۆ چیتان لە من دەوێ؟

**قەشە:** بۆ هێندە بەدگومانی؟



**ئەندری:** هەموو دەست دەخەنە سەر شانم.

**قەشە:** ئەندری، دەزانی تۆ چیت؟

(قەشە پێ دەکەنێ)

تۆ نایزانی، لەبەرئەوە پێتی دەڵێم.

(ئەندری سەیری دەکا)

تۆ مرۆڤێکی چاک و نایابی! بەشێوەی خۆت. مرۆڤێکی چاک و نایاب! من چاودێریم کردووی، ئەندری، لە دێرزەمانەوە–

**ئەندری:** چاودێرییت کردووم؟

**قەشە:** بێگومان.

**ئەندری:** بۆ ئێوە هەمووتان چاودێریم دەکەن؟

**قەشە:** ئەندری، لە هەموو ئەوانی تر زیاتر تۆم بەدڵە، بەڵێ، هەر لەبەرئەوەی تۆ لە هەموان جیاوازی. بۆ سەر ڕادەوەشێنی؟ تۆ لەوانی تر ژیرتری. بەڵێ! ئەمەی تۆم بەدڵە، ئەندری، من زۆر خۆشحاڵم، کە تۆ خۆت هاتوویتە و دەتوانم جارێک ئەمەت پێ بڵێم.

**ئەندری:** ئەمە ڕاست نییە.

**قەشە:** چی ڕاست نییە؟

**ئەندری:** من بەجۆرێکی تر نیم. من نامەوێ بەجۆرێکی تر بم. ئەگەر ئەم پایدەرە سێ بە قەدەر منیش بەهێز بێ، لە بەرچاو هەموو خەڵکەکە لە گۆڕەپانەکەدا تێی هەڵدەدەم، سوێندم خواردووە–

**قەشە:** کەیفی خۆتە.

**ئەندری:** سوێندم خواردووە–

**قەشە:** منیش خۆشیم پێیدا نایە.

**ئەندری:** من نامەوێ خۆم خۆشەویست کەم. من بەرگری لە خۆم دەکەم. من ترسنۆک نیم– لەوانەی تریش عاقڵتر نیم، خاوەن شکۆ، من نامەوێ بەڕێزتان وا بڵێن.

**قەشە:** ئێستا گوێم لێ دەگری؟

**ئەندری:** نەخێر.

(ئەندری خۆی ڕادەپسکێنێ)

من حەز ناکەم هەموو کات دەستتان بە سەر شانمەوە بێ...

(وچان)

**قەشە:** بە ڕاستی تۆ کارەکەمان بۆ ئاسان ناکەی.

(وچان)

بە کورتی، شیردایکت لێرە بوو. زیاتر لە چوار سەعات. ئەو ژنە باشە زۆر نابەختەوەرە. دەڵێ، بۆ خواردن ناچیتە سەر خوان، تۆ کەللەڕەقی. دەڵێ، تۆ لەو بڕوایەدا نیت کە مرۆڤ باشیی تۆی دەوێ.

**ئەندری:** هەموو باشی منیان دەوێ!

**قەشە:** بۆ پێ دەکەنی؟

**ئەندری:** خاوەن شکۆ، ئەگەر مامۆستا باشیی منی دەوێ، بۆ دەیەوێ هەموو شتێکم بداتێ، بەڵام کچەکەی خۆیم ناداتێ؟

**قەشە:** ئەمە مافێکی باوکە–

**ئەندری:** بەڵام بۆچی؟ بۆچی؟ لەبەرئەوەی جوولەکەم؟

**قەشە:** مەقیژێنە!



(ئەندری بێدەنگ دەبێ)

لە مێشکتدا ناتوانی بەجۆرێکی تر بیر بکەیتەوە؟ ئەندری، من وەکو مەسیحی پێم وتی، کە خۆشم دەوێی، بەڵام بە داخەوە دەبێ پێتی بڵێم، هەمووتان جۆرە نەریتێکی خراپتان هەیە: هەرچ شتێکتان بەسەر بێ لەم ژیانەدا، هەموو شتێک و هەر شتێک تەنیا دەیگێڕنەوە بۆ ئەوەی، کە ئێوە جوولەکەن. ئێوە بەم فرە هەستەوەرییەتانەوە بە ڕاستی شتەکە ئاسان ناکەن.

(ئەندری بێدەنگ دەبێ و ڕووی وەردەگێڕێ)

تۆ دەگری.

(ئەندری لە پرمەی گریان دەدا، مێشکی هەرەس دێنێ)

چی ڕووی دا؟ وەڵامم بدەرەوە. چی بووە؟ من لێت دەپرسم، چی ڕووی داوە. ئەندری! قسە بکە. ئەندری؟ تۆ هەڵدەلەرزی. باربلین چیی بە سەر هاتووە؟ تۆ عەقڵت لە دەست داوە. چۆن دەتوانم یارمەتیت بدەم، ئەگەر تۆ قسە نەکەی؟ وەرەوە سەر خۆت. ئەندری! گوێت لێیە؟ ئەندری! خۆ تۆ پیاوی. تۆ! من نازانم.

**ئەندری:** باربلینەکەم.

(ئەندری دەستی لەسەر ڕووی لا دەبا و داڵغە لێ دەدا)

ناتوانێ منی خۆش بوێ، کەس ناتوانێ، من خۆشم ناتوانم خۆمم خۆش بوێ...

(بەردەستێکی کڵێسا بە جلوبەرگی نزاوە دێتە ژوورێ)

دەتوانم ئێستا بڕۆم؟

(بەردەستەکەی کڵێسا قۆپچەکانی قەشە دەکاتەوە)

**قەشە:** لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانی لێرە بمێنیتەوە.

(بەردەستەکەی کڵێسا قەشە بۆ نوێژی دەستەجەمعی جل لەبەر قەشە دەکا)

تۆ خۆت دەیڵێی. ئەوانی تر چۆن دەتوانن ئێمەیان خۆش بوێ، ئەگەر ئێمە خۆمان خۆش نەوێ؟ خوای گەورە دەڵێ: ئەوانی ترت وەکو خۆت خۆش بوێ. دەڵێ: وەکو خۆت. ئێمە دەبێ خۆمان قبووڵ بکەین، ئەندری، ئا ئەمەیە، کە تۆ نایکەی. بۆچی دەتەوێ وەکو ئەوانی تر وابی؟ تۆ لەوان عاقڵتری، بڕوام پێ بکە، تۆ وریاتری. لەبەرچی ناتەوێ بڕوا بکەی؟ پریشکێکە لە ناختدا. بۆچی لەگەڵ ئەم گەلحۆیانە تۆپتۆپانێ دەکەیت و لەسەر چیمەنەکان هاتوهاوار دەکەی، تەنیا بۆ ئەوەی ئەندۆرایی بی؟ هەموو حەزیان لە تۆ نییە، دەزانم. دەشزانم بۆ. پریشکێک لە ناختدایە. تۆ بیر دەکەیتەوە. بۆچی بوونەوەر نەبێ، کە عەقڵیان لە هەست زیاتر هەبێ؟ من دەڵێم: هەر لەبەر ئەمەیە سەرسامم پێتان. بۆ وا سەیرم دەکەی؟ پریشکێکە لە ناختاندا. بیر لە ئاینشتاین بکەرەوە! ئەوانەی تریش نازانم ناویان چییە. سپینۆزا.

**ئەندری:** ئێستا بۆم هەیە بڕۆم؟

**قەشە:** ئەندری، هیچ مرۆڤێک ناتوانێ لە پێستی خۆی بێتە دەرێ، نە هیچ جوولەکەیەک نە هیچ مەسیحییەک. هیچ کەس. خوا دەیەوێ بەو جۆرە بین، کە خەڵقی کردووین. لێم تێ دەگەی؟ ئەگەر بڵێن جوولەکە ترسنۆکە، ئەمجا بزانە: تۆ ترسنۆک نیت،



ئەندری، ئەگەر دەتەوێ ئەوە قبووڵ بکەی کە جوولەکەی. بەپێچەوانەوە. تۆ تەنیا بەجۆرێکی تری وەکو لە ئێمە. گوێت لێمە؟ من دەڵێم: تۆ ترسنۆک نیت. تەنیا ئەگەر بتەوێ وەکو هەموو ئەندۆراییەکانی تر بی، ئەوا ترسنۆکیت...

(ئۆرگۆنێک دەست بە لێدان دەکا)

**ئەندری:** ئێستا بۆم هەیە بڕۆم؟

**قەشە:** بیری لێ بکەرەوە، ئەندری، تۆ خۆت چیت وت: چۆن ئەوانی تر دەتوانن تۆ قبووڵ بکەن، ئەگەر تۆ خۆت خۆت قبووڵ نەکەی؟

**ئەندری:**

ئێستا بۆم هەیە بڕۆم...

**قەشە:**

ئەندری، لێم تێ گەیشتی.

پێشەوەی شانۆ

(قەشە دەچێتە سەر چۆک)

تۆ نابێ وێنە بۆ خوا پەیدا بکەی، کە پەروەردگارتە، نابێتیش وێنە بۆ مرۆڤان پەیدا بکە کە خوا خوڵقاندوونی. منیش ئەو کاتە گوناهبار بووم. ویستم بە خۆشەویستی بەرەو ڕووی ببمەوە، کاتێ قسەم لەگەڵیدا کرد. منیش وێنەیەکی ئەوم کرد، منیش کۆت و پێوەندم کرد، منیش ئەوم بردە لای ستوونەکە.





## وێنەی هەشتەم

(گۆڕەپانەکەی ئەندۆرا. تەنیا دوکتۆر دانیشتووە، ئەوانی تر بەپێوە وەستاون: ساقی، دارتاشەکە، سەربازەکە، خەلفەکە، کەسەکە، کە ڕۆژنامە دەخوێنێتەوە)

**دوکتۆر:** من پێتان دەڵێم: هێمن ببنەوە!

**سەرباز:** بۆچی مرۆڤ ناتوانێ هێرش بەرێتە سەر ئەندۆرا؟

(دوکتۆر چرووتێک دادەگیرسێنێ)

من دەڵێم: شەیتان بە لەعنەت بی!

**ساقی:** پێویست دەکا بڵێم، کە لە ئەندۆرا ژوورێکی ڕێکوپێک نییە؟ من ساقیم. مرۆڤ ناتوانێ ژنێکی نامۆ لە بەر ئاستانەدا بکاتە دەرێ– (کەسەکە بە دەم ڕۆژنامە خوێندنەوەوە پێ دەکەنێ)

چی ترم بۆ دەمێنێتەوە؟ خانمێک وەستاوە و دەپرسێ، ئایا ژوورێکی ڕێکوپێک هەیە؟.

**سەرباز:** خانمێک، گوێتان لێیە!

**دارتاش:** خانمێکی ئەوبەرەوە؟

**سەرباز:** ئەو کاتەی دەقلیشێتەوە دەبێ کەسانی وەکو ئێمە تا دوا پیاو بجەنگێ، ئەویش خزمەتی دەکا!

(تف دەکاتە سەر جادەکە)

من دەڵێم: شەیتان بە لەعنەت بی.

**دوکتۆر:** بەس مەورووژێن.

(مژ لە جگەرەکەی دەدا)

بڕوام پێ بکەن من زۆر بە دنیادا گەڕاوم. من ئەندۆراییم، ئەمە ئاشکرایە، بە دڵ و بە گیان. ئەگینا بۆ وڵات نەدەگەڕامەوە، ئێوە خەڵکی باشن، ئەگینا پرۆفیسۆرەکەتان دەستبەرداری هەموو پێگەی زانکۆکانی دنیا نەدەبوو–

(بە دەم خوێندنەوەی ڕۆژنامەوە، کەسەکە پێ دەکەنێ)

**ساقی:** چی هۆیەک هەیە بۆ تەوس؟

**کەسەکە:** کێ هەتا دوا پیاو تێ دەکۆشێ؟

**سەرباز:** من.

**کەسەکە:** لە ئینجیلدا نووسراوە، ئەوانەی دوایی دەبنە یەکەم، یان بەپێچەوانەوە، نازانم، ئەوانەی یەکەم دەبنە ئەوانەی دواتر.

**سەرباز:** دەیەوێ بەمە چی بڵێ؟

**کەسەکە:** من تەنیا پرسیار دەکەم.

**سەرباز:** هەتا دوا پیاو، ئەمە فەرمانە. مردن باشترە لە ژێردەستی، ئەمە لە هەموو سەربازگەیەکدا نووسراوە. ئەمە فەرمانە. با بێن، کارێکیان پێ دەکرێ با بە دەواری شڕی نەکردبێ...

(بێدەنگییەکی کورت)

**دارتاش:** بۆچی ناتوانن هێرش بکەنە سەر ئەندۆرا؟

**دوکتۆر:** دەزانم، بارودۆخەکە ئاڵۆزە.

**دارتاش:** هەتا ئێستا هەرگیز وا ئاڵۆز نەبووە.

**دوکتۆر:** ئەوا چەندان ساڵە وایە.



**دارتاش:** بۆچی ئەوان لەشکریان لەسەر سنوور هەیە؟

**دوکتۆر:** ئەوەی ویستم بیڵێم: من بە دنیادا زۆر گەڕاوم. دەتوانن بڕوا بە شتێکم بکەن: لەسەر ڕووی زەمین هیچ گەلێک نییە وەکو ئێمە خۆشەویست بێ. ئەمە حەقیقەتە.

**دارتاش:** وایە.

**دوکتۆر:** با چاو لەو حەقیقەتە ببڕین، با لە خۆمان بپرسین: وڵاتێکی وەکو ئەندۆرا دەتوانێ چیی بەسەر بێ؟ با جارێک زۆر بابەتی بین.

**ساقی:** ئەمە ڕاستە، ئەمە ڕاستە.

**سەرباز:** چی ڕاستە؟

**ساقی:** هیچ گەلێک وەکو ئێمە خۆشەویست نییە.

**دارتاش:** وایە.

**دوکتۆر:** خۆشەویست گوزارشت نییە. من خەڵکم تووش بووە، کە هەر نازانن ئەندۆرا لە کوێیە، بەڵام هەموو منداڵێک لە دنیادا دەزانێ، کە ئەندۆرا گەنجینەیەکە، گەنجینەیەکی ئاشتی و ئازادی و مافی مرۆڤە.

**ساقی:** زۆر ڕاستە.

**دوکتۆر:** ئەندۆرا چەمکێکە، ئەندۆرا نموونەیەکە، ئەگەر ئێوە تێ بگەن، ئەمە مانای چییە.

(مژ لە چرووتەکەی دەدا)

من دەڵێم: ناوێرن.

**سەرباز:** لەبەر چی نا، لەبەر چی نا؟

**ساقی:** لەبەرئەوەی ئێمە نموونەین.

**سەرباز:** بەڵام ئەوان سەردەستن.

**ساقی:** لەبەرئەوەی ئێمە وا خۆشەویستین.

(گەلحۆکە جانتایەکی ژنانە دەهێنێ و دای دەنێ)

**سەرباز:** ئەوەتا فەرموو!

(گەلحۆکە دەڕوا)

**دارتاش:** لێرە چیی دەوێ؟

**خەلفە:** ژنە سیخوڕە!

**سەرباز:** ئەی چیی تر بێ؟

**خەلفە:** ژنە سیخوڕە!

**سەرباز:** ئەمیش خزمەتی دەکا.

(کەسەکە پێ دەکەنێ)

هەردەم ئاوا گەلحۆیانە دەم دامەپچڕە.

**کەسێک:** ژنە سیخوڕ باشە.

**سەرباز:** ئەگەر ژنە سیخوڕ نەبێ دەبێ چیی تر بێ؟

**کەسێک:** ناوترێ ژنە سیخوڕ، بگرە سیخوڕ، ئەگەرچی بارودۆخەکە ئاڵۆز بێ و کەسێکی مێینە بێ.

**دارتاش:** بە ڕاستی لە خۆم دەپرسم، لێرە بە دوای چیدا دەگەڕێ.

(گەلحۆکە جانتایەکی تری ژنانە دەهێنێ)

**سەرباز:** فەرموو! فەرموو!

**شاگرد:** بە لەقەوە بچنە سەر شتەکان.



**ساقی:** هەر ئەمەمان کەم بوو.

(گەلحۆکە جارێکی تر دەڕوا)

ئەم گەلحۆیە، لە جیاتی جەنتاکان بەرێتە سەرەوە، جارێکی تر دەڕوا، منیش دەبمە جێگەی سەرنجی هەموو خەڵکەکە–

(کەسێک پێ دەکەنێ)

من خائین نیم. وا نییە، پرۆفیسۆر، وا نییە؟ ئەمە ڕاستی نییە. من ساقیم. من یەکەم کەس دەبم، کە بەرد فڕێ دەدا. بەڵێ! هێشتا مافی میوانداریەتی لە ئەندۆرا هەیە، مافێکی کۆن و پیرۆزی میوانداریەتی. وا نییە، پرۆفیسۆر، وا نییە؟ ساقییەک ناتوانێ بڵێ نە، هەرچی چەندە بارودۆخەکە ئاڵۆز بێ، ئەوە هەر ئەگەر ژن بێ هەر ناتوانێ هیچ بڵێ.

(کەسێک پێ دەکەنێ)

**خەلفە:** ئەگەر پارەیشی هەبێ!

(کەسێک پێ دەکەنێ)

**ساقی:** شتێک نییە پێی پێ بکەنیت، گەورەم.

**کەسێک:** ژنە سیخوڕ.

**ساقی:** واز لە جانتاکانی بهێنن!

**کەسێک:** ژنە جاسووس زۆر باشە.

(گەلحۆکە پاڵتۆیەکی ژنانە دەهێنێ و دای دەنێ)

**سەرباز:** ئەوەتا فەرموو.

(گەلحۆکە جارێکی تر دەڕوا)

**دارتاش:** لەبەر چی دەڵێن، ناتوانرێ هێرش بکرێتە سەر ئەندۆرا؟

**دوکتۆر:** من کەس گوێم لێ ناگرێ.

(مژ لە چرووتەکەی دەدا)

وام زانی گوێم لێ دەگیرێ.

(مژ لە چرووتەکەی دەدا)

وتم ناوێرن. هەر چی چەندە زرێپۆشی زۆر و لە سەرووی ئەوەشەوە پەڕەشووتی زۆریان هەبێ، بۆیان نالوێ. یان وەکو پێرینی شاعیری گەورەمان، جارێکیان وتوویەتی: چەکی ئێمە بێگوناهیمانە. یان بەپێچەوانەوە: بێگوناهیمان چەکمانە. لە چ شوێنێک لە دنیادا کۆمارێکی تر هەیە بتوانێ ئەمە بڵێ. دەپرسم: لە کوێ؟ میللەتێکی وەکو ئێمە، کە دەتوانێ لە هەموو میللەتێکی تر پتر پشت بە ویژدانی دنیا ببەستێ، گەلێکی بێ گوناه–

(ئەندری لە پشتەوە دەردەکەوێ)

**سەرباز:** چۆن دزە دەکا.

(ئەندری خۆی ون دەکا، لەبەرئەوەی هەموو سەیری دەکەن)

**دوکتۆر:** ئەندۆراییەکان، دەمەوێ شتێکتان پێ بڵێم. هیچ گەلێکی دنیا بە سەریدا نەدراوە، بەبێ ئەوەی یەکێک نەیتوانیبێ سەرکۆنەی هەڵەیەکی بکا. دەتوانن بە چی سەرکۆنەی ئێمە بکەن؟ تاقە شتێکی کە دەتوانێ تووشی ئەندۆرا بێ، ناحەقییە، ناحەقییەکی ناپەسەند و ئاشکرا. پرکێشیی ئەمە ناکەن. سبەینێ هێندە کەم وەکو دوێنێ. لەبەرئەوەی هەموو دنیا بەرگریمان لێ دەکا. یەکسەر. لەبەرئەوەی هەموو ویژدانی دنیا لەگەڵ ئێمەدایە.



**دوکتۆر:** (هەروەکو پێشووتر ڕۆژنامە دەخوێنێتەوە):

یەکسەر.

**ساقی:** ئێستا دەمت داخە!

(کەسێک پێ دەکەنێ، ڕۆژنامەکە هەڵدەگرێتەوە)

**دوکتۆر:** تۆ کێی؟

**کەسێک:** کەسێکی خۆشنوود.

**دوکتۆر:** گاڵتەوگەپەکەت لێرە لە جێی خۆیدا نییە.

(خەلفەکە جانتاکان بەر شەق دەدا)

**ساقی:** ڕاوەستێ!

**دوکتۆر:** ئەوە چییە؟

**ساقی:** بۆ خاتری خوا!

(کەسێک پێ دەکەنێ)

**دوکتۆر:** قسەی قۆڕ. تەنیا چاوەڕوانی ئەوە دەکەی. قەڵسکردنی گەشتیارانی ئەندۆرا! بۆ ئەوەی بیانوویەکیان دژی ئێمە هەبێ! بێ ماناییەکی ئاوها! کە من بە ئێوە دەڵێم: هێمن ببنەوە! ئێمە بەهانەیان بە دەستەوە نادەین– با سیخوڕ و میخوڕ لەولاوە بوەستێ.

(ساقی جانتاکان ڕاست دەکاتەوە)

**سەرباز:** من دەڵێم: شەیتان بە لەعنەت بی!

(ساقی جانتاکان پاک دەکاتەوە)

**دوکتۆر:** بۆ خۆشبەختیی کەس نەیبینی...

(خانمەکە دێ. بێدەنگی. خانم لەلای مێزێکی خاڵییەوە

دادەنیشێ. ئەندۆراییەکان لێی ورد دەبنەوە، لە کاتێکدا دەستکێشەکانی دادەکەنێ)

من پارە دەدەم.

**دارتاش:** منیش.

(دوکتۆر هەڵدەستێ و دوور دەکەوێتەوە، بەوەی لە بەردەم خانمدا شەپقەکەکەی لەسەر دێنێتە خوارێ؛ دارتاشەکە ئاماژەیەک بۆ شاگردەکە دەکا، کە ئەویش دوای بکەوێ)

**خانم:** لێرە هیچ ڕووی داوە؟

(کەسێک پێ دەکەنێ)

دەتوانم شتێک بخۆمەوە؟

**ساقی:** بە خۆشحاڵییەوە، خانم-

**خانم:** مرۆڤ لێرە چی دەخواتەوە؟

**ساقی:** خانم ئێمە هەموو شتێکمان هەیە.

**خانم:** باشترین شت پەرداخێک ئاوە.

**ساقی:** بە خۆشحاڵییەوە، خانم-

(کەسێک پێ دەکەنێ)

ئەو بەڕێزە کەسێکی خۆشنوودە.

(کەسێک دەڕوا)

**خانم:** ژوورەکە، جەنابی ساقی، زۆر ڕێکوپێکە، زۆر ڕێکوپێک.

(ساقی سەری دادەنەوێنێ و دەڕوا)

**سەرباز:** برەندییەکیش بۆ من!

(سەربازەکە دەمێنێتەوە و دادەنیشێ، بە دەمی داچەقاوەوە چاو



لە خانم دەبڕێ. لە پێشەوە بە دەستی ڕاستدا ئەندری لەسەر ئۆرکستریۆنەکە دەردەکەوێ و دراوێکی ئاسنی تێ دەکا)

**ساقی:** هەمدیسانەوە ئەم سندووقی گیزەگیزە!

**ئەندری:** من پارە دەدەم.

**ساقی:** هیچی ترت لە مێشکدا نییە؟

**ئەندری:** نەخێر.

(لە کاتێکدا هەموو کات هەمان قەوان لێ دەدرێتەوە: خانم لەسەر کاغەزێک دەنووسێ، سەربازەکە بە دەمی داچەقاوەوە چاوی تێ دەبڕێ، خانم کاغەزەکە قەد دەکا و بەبێ ئەوەی سەیری بکا، لەگەڵ سەربازەکە قسە دەکا)

**خانم:** لە ئەندۆرا ژن نییە؟

(گەلحۆکە دەگەڕێتەوە)

تۆ مامۆستایەک دەناسی ناوی کان بێ؟

(گەلحۆکە سەر دەلەقێنێ و بزە دەیگرێ)

ئەم کاغەزەی بۆ بەرە.

(سێ سەربازی تر و خەلفەکە دەردەکەون)

**سەرباز:** گوێتان لەوە بوو؟ ئەو ژنە دەپرسێ، ئایا لە ئەندۆرا ژن هەیە؟

**خەلفە:** چیت وت؟

**سەرباز:** -نە، بەڵام پیاو هەیە!

**خەلفە:** وات وت؟

**سەرباز:** ئایا لەبەرئەوە بۆ ئەندۆرا هاتووە، لەبەرئەوەی لەوبەرەوە پیاو نییە.

**خەلفە:** وات وت؟

**سەرباز:** وام وت.

(زەردەخەنە دەیانگرێ)

ئەوەتانێ. وەکو پەنیر زەرد هەڵگەڕاوە! دەیەوێ تێم هەڵدا...

(ئەندری دێت، مۆسیقا تەواو دەبێ)

دەستگیرانەکەت چۆنە؟

(ئەندری یەخەی سەربازەکە دەگرێ)

ئەوە چی دەکەی؟

(سەربازەکە خۆی لە دەستی ئەندری دەکاتەوە)

مالوومێک مەتەڵی داود و عیملاقی[٦] بۆ گێڕاوەتەوە، ئێستا دەیەوێ دەوری داود ببینێ. (زەردەخەنە دەیانگرێ) با بڕۆین.

**ئەندری:** فێدری–

**خەلفە:** چۆن دەمی تەتەڵە دەکا!

**ئەندری:** بۆ ئاشکرات کردم؟

**سەرباز:** با بڕۆین.

(ئەندری دەدا بە کڵاوی سەر سەربازەکەدا و دەیخاتە خوارەوە)

ئاگات لە خۆت بێ!

(سەربازەکە کڵاوەکە لەسەر جادەکە هەڵدەگرێتەوە و دەیتەکێنێ)

ئەگەر تۆ وات بە خەیاڵی خۆتدا هێنابێت بەوەی من لەبەر خاتری تۆ دەمەوێ خۆم بخەمە زیندانەوە–

(٦) داود بچووک و بێ دەسەڵات بە قۆچەقانییەوە بەسەر عیملاقی سەردەست و خاوەن دەسەڵاتدا سەرکەوت. (و)



**خەلفە:** چیی دەوێ؟

**ئەندری:** ئێستا سووکایەتیم پێ بکە.

**سەرباز:** با بڕۆین.

(سەربازەکە کڵاوەکەی لە سەر دەکا، ئەندری جارێکی تر لە سەری دەخاتە خوارەوە، ئەوانی تر پێ دەکەنن، سەربازەکە لە پڕ بۆکسێک لە ئەندری دەدا، ئەندری دەکەوێ)

داود، قۆچەقانییەکەت لە کوێیە؟

(ئەندری هەڵدەستێتەوە)

داود، داود دەی!

(ئەندریش لە پڕ بۆکسێک لە سەربازەکە دەدا، سەربازەکە دەکەوێ)

جوولەکەی لەعنەتی–!

**خانم:** نە! نە! هەموو دژی یەکێک. نە!

(سەربازەکانی تر ئەندری بە توندی دەگرن، بەجۆرێکی سەربازەکە خۆی دەرباز دەکا. سەربازەکە لە ئەندری دەدا، لە کاتێکدا ئەوانی تر گرتوویانە. ئەندری بە بێدەنگی بەرگریی دەکا، لەپڕ خۆی قورتار دەکا. خەلفەکە لە پشتەوە شەقێکی لێ دەدا. کاتێ ئەندری وەردەچەرخێتەوە، سەربازەکە لە پشتەوە دەیگرێ. ئەندری دەکەوێ. هەر چوار سەربازەکە و خەلفەکە لە هەموو لایەکەوە بە شەق تێی هەڵدەدەن، هەتا هەست بە خانم دەکەن کە هاتووە بۆ لایان)

**سەرباز:** هەر ئەمەمان کەم بوو، لە بەرچاوی نامۆیەک خۆمان بە پەند بکەین.

(سەربازەکە و ئەوانی تر گوم دەبن)

**خانم:** تۆ کێی؟

**ئەندری:** من ترسنۆک نیم.

**خانم:** ناوت چییە؟

**ئەندری:** ئەوان هەموو کات دەڵێن من ترسنۆکم.

**خانم:** نە، دەستت مەخە سەر برینەکە.

**ساقی:** (ساقییەکە بە سینییەکەوە دێ، کە سوراحی و پەرداخی لە سەرە)

چی ڕووی داوە؟

**خانم:** دوکتۆرێک بێنە.

**ساقی:** ئەمەش لە بەردەم هوتێلەکەمدا-!

**خانم:** بمدەرێ.

(خانم سوراحییەکە دەبا و دەستەسرەکەی دەردەهێنێ، لە پاڵ ئەندریدا لە سەر چۆک دادەنیشێ، ئەندری هەوڵ دەدا ڕاست ببێتەوە)

بە پۆستاڵ شەقیان تێ هەڵدا.

**ساقی:** خانم ئەمە مەحاڵە!

**خانم:** تکات لێ دەکەم، وا لێرە مەوەستێ، دوکتۆرێک بێنە.

**ساقی:** خانم، لێرە عادەت نییە...

**خانم:** تەنیا پاکت دەکەمەوە.

**ساقی:** خەتای خۆتە. بۆچی هەموو کات کە سەربازەکان لێرە بن دێیت بۆ ئێرە...



**خانم:** سەیرم کە!

**ساقی:** من ئاگەدارم کردیتەوە.

**خانم:** خۆشبەختانە چاوت بریندار نەبووە.

**ساقی:** خەتای خۆیەتی، هەموو کات دەچێتە سەر سندووقە گیزەگیزکەرەکە، من ئاگەدارم کردەوە، خەڵکەکە شپرزە دەکا...

**خانم:** ناتەوێ دوکتۆر بێنی؟

(ساقییەکە دەڕوا)

**ئەندری:** ئێستا هەموو دژی منن.

**خانم:** ئازارت هەیە؟

**ئەندری:** من هیچ دوکتۆرێکم ناوێ.

**خانم:** برینەکە گەیشتووەتە سەر ئیسقان.

**ئەندری:** من دوکتۆرەکە دەناسم.

(ئەندری هەڵدەستێتەوە)

دەتوانم بڕۆم، تەنیا ناوچەوانمە.

(خانم هەڵدەستێ)

خانم، جلەکەت! -خوێناویم کردی.

**خانم:** بمبە بۆ لای باوکت.

(خانم قۆڵی ئەندری دەگرێ، لەسەرخۆ دەڕۆن، لە کاتێکدا ساقی و دوکتۆر دێن)

**دوکتۆر:** قۆڵ لە نێو قۆڵدا؟

**ساقی:** بە پۆستاڵ لێیان دا، من بە چاوی خۆم بینیم، من لە ژوورەوە بووم.

(دوکتۆر چرووتێک دەخاتە دەمی)

هەموو کات دەچێتە سەر سندووقی گیزەگیزەکە، من پێم گوت، ئەمە خەڵکی دەشڵەژێنێ.

**دوکتۆر:** خوێن؟

**ساقی:** من بینیم خوێنی لێ دەهات.

(دوکتۆر چرووت دەکێشێ)

ئێوە هیچ ناڵێن.

**دوکتۆر:** ئەمە شتێکی زۆر ناخۆشە.

**ساقی:** ئەو دەستی پێ کرد.

**دوکتۆر:** من هیچ شتێکم دژی ئەم گەلە نییە، بەڵام کاتێک یەکێک لەوان دەبینم هەست بە ئارامی ناکەم. مرۆڤ هەرچی چۆنێ ڕەفتار بکا، هەڵەیە. ئەی من چیم گوت؟ ناتوانن واز لەوە بهێنن، هەردەم داوای ئەوە دەکەن، کە ئێمەمانان خۆمان وەکو جێی متمانە بسەلمێنین. وەکو هیچ کاری ترمان نەبێ! کەس بەخۆشییەوە ویژدانی خراپی نییە، بەڵام هەموو کات چاوەڕوانی ئەوەن. دەیانەوێ، کە مرۆڤ ناحەقییان بەرامبەر بکا. تەنیا چاوەڕوانی ئەوەن...

(وەردەسووڕێتەوە بۆ ئەوەی بڕوا)

ئەو خوێنە کەمە بسڕەوە. هێندە بە ناو دنیادا بڵاوی مەکەرەوە! پێویست ناکا بە هەموو کەسێک بڵێن، کە بە چاوی خۆتان چیتان بینیوە.



## پێشەوەی شانۆ

(مامۆستا و خانم لە پێش خانووە سپییەکەی پێشوودا وەستاون)

**خانم:** تۆ وتت، کە گوایە کوڕەکەمان جوولەکەیە.

(مامۆستا بێدەنگە)

بۆچی ئەم درۆیەت بە دنیادا بڵاو کردەوە؟

(مامۆستا بێدەنگە)

ڕۆژێک بەقاڵێکی ئەندۆرایی بە سەردان هات، زۆر قسەی کرد. بۆ ئەوەی ستایشی ئەندۆرا بکا، لە هەموو شوێنێک چیرۆکی هەژێنەری مامۆستایەکی ئەندۆرایی گێڕایەوە، کە ئەوسا، لە کاتی کوشتنە زۆرەکەدا، منداڵێکی جوولەکەی ڕزگار کردووە، کە وەکو کوڕی خۆی پەروەردەی دەکا و بەخێوی دەکا. یەکسەر نامەیەکم نووسی: تۆ ئەو مامۆستایەی؟ داوای وەڵامم کرد. پرسیم: تۆ دەزانی، کە چیت کردووە؟ چاوەڕوانی وەڵام بووم. وەڵام نەهات. لەوانەیە هەرگیز نامەکەمت بە دەست نەگەیەشتبێ. بڕوام بەوە نەدەکرد، کە ترسم لێی هەبوو. بۆ دووەم جار نامەم نووسی، سێیەم جار. چاوەڕوانی وەڵام بووم. ئاوا کات بەسەرچوو... بۆچی ئەم درۆیەت کرد؟

**مامۆستا:** بۆچی، بۆچی، بۆچی!

**خانم:** تۆ ڕقت لێم دەبووەوە، لەبەرئەوەی من ترسنۆک بووم، کاتێ

منداڵەکە لەدایک بوو. لەبەرئەوەی من لە خەڵکەکەی خۆمان دەترسام. کاتێ تۆ بۆ سەر سنوور هاتی، وتت، منداڵێکی جوولەکەیە، کە تۆ لە ئێمەت ڕزگار کردووە. لەبەر چی؟ لەبەرئەوەی تۆیش ترسنۆک بووی، کاتێ بۆ ماڵ گەڕایتەوە. لەبەرئەوەی تۆیش لە خەڵکەکەی خۆتان دەترسای.

(وچان)

وا نەبوو؟

(وچان)

لەوانەیە ویستبێتت وای پێشان بدەی، کە ئێوە بە تەواوی لە ئێمە جیاوازن. لەبەرئەوەی ڕقت لێم دەبووەوە. بەڵام لێرە بەجۆرێکی تر نین، دەیبینی، زۆر بەجۆرێکی تر نین.

(مامۆستا بێدەنگ دەبێ)

وتی دەیەوێ بچێ بۆ ماڵەوە و هێنامی بۆ ئێرە؛ کاتێ ماڵەکەتی بینی، وەرسووڕایەوە و ڕۆیشت، نازانم بۆ کوێ.

**مامۆستا:** من دەیڵێم کە کوڕی منە، کوڕی ئێمەیە، گۆشت و خوێنی ئێوەیە—

**خانم:** بۆچی ناڕۆی؟

**مامۆستا:** ئەی ئەگەر ڕاستییان نەوێ؟

(وچان)





## وێنەی نۆیەم

(ژوورێک لەلای مامۆستا، خانم دانیشتووە، ئەندری وەستاوە)

**خانم:** ئەندری، لەبەرئەوەی نایانەوێت پێتی بڵێم، من بۆچی هاتووم، ئێستا دەستکێشەکانم لە دەست دەکەم و دەڕۆم.

**ئەندری:** خانم، من تاقە وشەیەک چییە تێ ناگەم.

**خانم:** بەم زووانە هەموو شتێک تێ دەگەی.

(یەکێک لە دەستکێشەکانی لە دەست دەکا)

دەزانی کە تۆ جوانی؟

(هەراوزەنا لە کۆڵانەوە دێت)

جنێویان پێ دای و خراپ مامەڵەیان لەگەڵ کردی، ئەندری، بەڵام ئەمە کۆتاییی دێ. ڕاستی حوکمیان بەسەردا دەکا، تۆش، ئەندری، تاقە کەسێکی لێرە کە پێویست ناکا لە ڕاستی بترسێ.

**ئەندری:** چ ڕاستییەک؟

**خانم:** من خۆشحاڵم کە توانیم چاوم پێت بکەوێ.

**ئەندری:** خانم بەجێمان دەهێڵن؟

**خانم:** داوام لێ کراوە ئێرە بەجێ بهێڵم.

**ئەندری:** کە ئێوە دەڵێن، هیچ وڵاتێک لە ئەندۆرا خراپتر نییە و هیچ وڵاتێکیش لە ئەندۆرا باشتر نییە، بۆچی لێرە نامێننەوە؟

**خانم:** دەتەوێ بمێنمەوە؟

(دەنگەدەنگ لە کۆڵانەوە دێ)

دەبێ بڕۆم، من خەڵکی ئەوبەرەوەم، تۆ گوێت لێیە من چۆن ڕقیان هەڵدەستێنم. ژنێکی ڕەش! ئاوا لێرە ناومان دەبەن، من دەزانم...

(دەسکێشەکەی تر لە دەست دەکا)

لەوانەیە بمەوێ زۆر شتی ترت پێ بڵێم، ئەندری، زۆر شتیشت لێ بپرسم، بە دوور و درێژیی قسەت لەگەڵ بکەم. بەڵام یەکتر دەبینینەوە، من ئومێدم وایە...

(ئامادەیە)

یەکتر دەبینینەوە.

(جارێکی تر جلەکانی دەگۆڕێ)

لێرە گەورە بووی.

**ئەندری:** بەڵێ.

**خانم:** دەبێ ئێستا بڕۆم

(بە دانیشتن دەمێنێتەوە)

کاتێ من لە تەمەنی تۆدا بووم– ئەمە زۆر خێرا بەسەر دەچێ، ئەندری، تۆ ئێستا بیستی و ناتوانی باوەڕ بکەی: مرۆڤ یەکتر دەبینێ، مرۆڤ عاشق دەبێ، مرۆڤ لە یەک جیا دەبێتەوە، ژیان لە پێشەوەیە، ئەگەر مرۆڤ سەیری ئاوێنە بکا، لە پڕ ژیان لە پشتەوەیە، مرۆڤ بەجۆرێکی تر خۆی نایەتە بەرچاو، بەڵام لە پڕ ئەوانی ترن، کە ئێستا تەمەنیان بیستە... کاتێ من لە



تەمەنی تۆدا بووم: باوکم ئەفسەر بوو، لە شەڕدا کوژرا بوو، من دەزانم، چۆن بیری دەکردەوە و من نەمدەویست وەکو ئەو بیر بکەمەوە. ئێمە دنیایەکی ترمان دەویست. ئێمە وەکو تۆ گەنج بووین، ئەوەی فێر کرابووین کوشندە بوو، ئێمە ئەمەمان دەزانی. ئێمە ڕقمان لە دنیا دەبووەوە بەو جۆرەی هەیە، ئێمە دیواودەر دەمانبینی و دەمانویست پڕکێشیی دنیایەکی تر بکەین. پڕکێشیشمان کرد. نەماندەویست لە خەڵک بترسین. بە هیچ جۆرێک. نەماندەویست درۆ بکەین. کاتێ بینیمان، کە ئێمە لە ترس تەنیا بێدەنگ بووین، ڕقمان لە یەکتر بووەوە. دنیایەکەی ترمان درێژەی نەکێشا. بەسەر ئەو سنوورەدا گەڕاینەوە کە لێوەی هاتبووین، کاتێ ئێمە وەکو تۆ گەنج بووین...

(هەڵدەستێ)

لێم تێ دەگەی چی دەڵێم؟

**ئەندری:** نە

(خانم دەچێ بۆ لای ئەندری و ماچی دەکا)

بۆچی ماچم دەکەی؟

**خانم:** من دەبێ بڕۆم. یەکتر دەبینینەوە؟

**ئەندری:** هیوادارم.

**خانم:** من هەردەم حەزم دەکرد، کە من هەرگیز دایک و باوکی خۆم نەناسیبایە. هیچ مرۆڤێک کاتێک ئەو دنیایە دەبینێ کە بۆیان بە جێ هێشتووە لە دایک و باوکی تێ ناگا.

(مامۆستا و دایک دێنە ژوورێ)

من دەڕۆم، بەڵێ من لە ڕۆیشتندام.

(بێدەنگی)

ئەوا دەڵێم ماڵئاوا.

(بێدەنگی)

من دەڕۆم، بەڵێ ئێستا دەڕۆم...

(خانم دەچێتە دەرێ)

**مامۆستا:** لەگەڵی بڕۆ! بەڵام نەک لە گۆڕەپانەکەوە، لە پشتەوە بڕۆ.

**ئەندری:** بۆچی لە پشتەوە؟

**مامۆستا:** بڕۆ!

(ئەندرێ دەچێتەوە دەرەوە)

قەشە پێی دەڵێ. ئێستا لێم مەپرسە! تۆ لێم تێ ناگەی، لەبەرئەوە هەرگیز پێم نەگوتی.

(دادەنیشێ)

ئێستا دەیزانی.

**دایک:** دەبێ ئەندری چی بڵێ؟

**مامۆستا:** ئەو بڕوای بە من نییە.

(هەراوزەنا لە کۆڵانەوە دێت)

ئومێدەوارم خەڵکە هەرچی و پەرچییەکە وازی لێ بهێنن.

**دایک:** کان، من لەوە زیاتر تێ دەگەم، کە تۆ دەیڵێی. تۆ ئەو ژنەت خۆش ویست، بەڵام منت خواست لەبەرئەوەی من ئەندۆراییم. تۆ خیانەتت لە هەموومان کرد، لە پێش هەمووشیانەوە لە



ئەندری. جنێو بە ئەندۆراییەکان مەدە، تۆ خۆت یەکێکی لەوان.

(قەشە دێتە ژوورێ)

بەڕێزیان ئەرکێکی قورسیان لەم ماڵەدا هەیە. بەڕێزیان بۆ ئەندرییان ڕوون کردەوە، جوولەکە چییە و دەبێ قبووڵی بکا. ئێستا قبووڵی کردووە. ئێستا دەبێ بەڕێزیان پێی بڵێن، ئەندۆرایی چییە و دەبێ قبووڵی بکا.

**مامۆستا:** تۆ ئێستا بە تەنیا بەجێمان بهێڵە!

**دایک:** خوا دەستی بە پشتتانەوە بگرێ باوە بەنەدیکت.

(دایک دەچێتە دەرەوە)

**قەشە:** من هەوڵم دا، بەڵام بێ ئاکام بوو، مرۆڤ ناتوانی قسەیان لەگەڵ بکا، هەموو وشەیەکی مەنتیقی پەستیان دەکا. پێم وتن، دەبێ بچنەوە بۆ ماڵەوە و خەریکی کاروباری خۆیان بن. خۆ کەسیش نازانێ لە ڕاستیدا چییان دەوێ.

(ئەندری دەگەڕێتەوە)

**مامۆستا:** بۆچی گەڕایتەوە؟

**ئەندری:** وتی، دەیەوێ بە تەنیا بڕوا.

(دەستی پێشان دەدا)

ئەمەی پێشکێش کردم.

**مامۆستا:** –ئەڵقەکەی؟

**ئەندری:** بەڵێ.

(مامۆستا بێدەنگ دەبێ، ئەمجا هەڵدەسێ)

ئەم خانمە کێیە؟

**مامۆستا:** ده من بەڕێی دەکەم.

(مامۆستا دەڕوا)

**قەشە:** بە چی پێ دەکەنی؟

**ئەندری:** ئێرەیی دەبا!

**قەشە:** دانیشە.

**ئەندری:** ئێوە هەمووتان چیتان بەسەر هاتووە؟

**قەشە:** ئەندری، ئەمە بۆ پێکەنین نییە.

**ئەندری:** بەڵام مایەی پێکەنینە.

(ئەندری سەیری ئەڵقەکە دەکا)

ئەمە گەوهەری زەردە یان دەبێ چی بێ؟

**قەشە:** ئەندری. ئێمە دەبێ بە یەکەوە قسە بکەین.

**ئەندری:** جارێکی تریش؟

(ئەندری پێ دەکەنێ)

ئەو کاتەی پەتەکان دەئاڵۆزکێن، هەموو وەکو لێبووک ڕەفتار دەکەن، ئێوەش، بەڕێز.

(ئەندری جگەرەیەک دەردەهێنێ)

جاران دۆستی باوک بووە؟ مرۆڤ ئەو هەستەی لەلا دروست دەبێ، ئێوە ئەو هەستەتان لەلا دروست نابێ؟

(ئەندری جگەرە دەکێشێ)

ژنێکی نایابە.

**قەشە:** دەمەوێ شتێکت پێ بڵێم.



**ئەندری:** مرۆڤ ناتوانێ بە پێوە گوێ لەو باسە بگرێ؟

(ئەندری دادەنیشێ)

دەبێ سەعات دوو لە دووکان بم. ژنێکی نایاب نییە؟

**قەشە:** خۆشحاڵم کە بە دڵتە.

**ئەندری:** هەموو خۆیان ڕەق کردووە

(ئەندری جگەرە دەکێشێ)

دەیانەوێ پێم بڵێن، مرۆڤ نابێ بچێ بۆ لای سەربازێک و کڵاوەکەی لە سەر بخاتە خوارەوە، کە مرۆڤ بزانێ جوولەکەی، نابێ مرۆڤ بەهیچ جۆرێک ئەمە بکا، من خۆشحاڵم بەوەی ئەوەم کردووە، من شتێکی لێوە فێر بووم کە بۆ من سوودی هەیە، ئێستا لە کاتی ئەو گفتوگۆیەمانەوە هیچ ڕۆژێک ناگوزەرێ، بەبێ ئەوەی هیچ فێر نەبم، کە بۆ من هیچ سوودی نەبێ، بەڕێز، چەندە کەم بڕوام بە وشە باشەکانتە، لەو بڕوایەدام مەبەستتان باشە. ئێوە بە پیشە مەسیحین، بەڵام من لە ڕۆژی لەدایکبوونەوە جوولەکەم، لە بەرئەوە ئێستا کۆچ دەکەم.

**قەشە:** ئەندری–

**ئەندری:** ئەگەر بۆم بلوێ.

(ئەندری جگەرەکەی دەکوژێنێتەوە)

بیرم لەوە نەکردبووەوە ئەم شتە بۆ هیچ کەسێک باس بکەم.

**قەشە:** دانیشە!

**ئەندری:** ئەم ئەڵقەیە یارمەتیم دەدا.

تەنیا شتێک ئێوەی خاوەن شکۆ بتوانن یارمەتیمی پێ بدەن ئەوەیە، کە لەبارەی ئەو شتەوە بێدەنگ بن، بۆ هیچ کەسێکی تری نەگێڕنەوە.

(ئەندری هەڵدەستێ)

دەبێ بڕۆم.

(ئەندری پێ دەکەنێ)

من شپرزەییەکم تێدایە، دەزانم، ڕێزدار، زۆر حەقتانە...

**قەشە:** تۆ قسە دەکەی یان من قسە دەکەم؟

**ئەندری:** ببوورە.

(ئەندری دادەنیشێ)

گوێم لێیە.

**قەشە:** ئەندری–

**ئەندری:** ئێوە هێندە شکۆدارن!

**قەشە:** من هاتووم بۆ ئەوەی ڕزگارت بکەم.

**ئەندری:** گوێم لێیە.

**قەشە:** ئەندری، منیش هیچم لەبارە نەدەزانی، کاتێ جاری ڕابردوو من و تۆ بە یەکەوە قسەمان کرد. چەندان ساڵ و چەندان ڕۆژە هەردەم گوتراوە، منداڵێکی جوولەکەی ڕزگار کردووە، کارێکی مەسیحیانە، بۆچی دەبوو بڕوای پێ نەکەم! بەڵام ئێستا، ئەندری، دایکت هاتووە–

**ئەندری:** کێ هاتووە؟

**قەشە:** خانم.



(ئەندری بەرز دەبێتەوە)

ئەندری– تۆ جوولەکە نیت.

(بێدەنگی)

تۆ بڕوا بەوە ناکەی کە پێت دەڵێم؟

**ئەندری:** نەخێر.

**قەشە:** واتە لەو بڕوایەدای من درۆ دەکەم؟

**ئەندری:** خاوەن شکۆ، مرۆڤ هەستی پێ دەکا.

**قەشە:** مرۆڤ هەست بە چی دەکا؟

**ئەندری:** ئایا مرۆڤ جوولەکەیە یان نا.

(قەشە هەڵدەستێ و لە ئەندری نزیک دەبێتەوە)

دەستم لێ مەدە. دەستەکانتان! من ئیتر حەزم لەوە نییە.

**قەشە:** گوێت لێ نییە من چیت پێ دەڵێم؟

(ئەندری بێدەنگ دەبێ)

تۆ کوڕی ئەوی.

(ئەندری پێ دەکەنێ)

ئەندری ئەمە ڕاستییە.

**ئەندری:** چەند ڕاستیتان هەیە؟

(ئەندری جگەرەیەک دەردەهێنێ، کە ئەمجا لە بیری دەچێ)

ئێوە ناتوانن ئەمە لەگەڵ مندا بکەن...

**قەشە:** بۆچی باوەڕمان پێ ناکەی؟

**ئەندری:** باوەڕکردنم بە ئێوە وشکی کردووە.

**قەشە:** ئەمە دەڵێم و بە پیرۆزیی ڕوحم سوێند دەخۆم، ئەندری تۆ کوڕی ئەوی، کوڕی ئێمەی، جوولەکە لە ئارادا نییە.

**ئەندری:** بەڵام زۆر باسی ئەوە کرا...

(دەنگەدەنگێکی زۆر لە کۆڵانەوە دێ)

**قەشە:** چی ڕووی داوە؟

(بێدەنگی)

**ئەندری:** لەوەتەی گوێم لێ دەبێ، کە پێم دەڵێن، گوایە من جیاوازترم، من چاودێریی ئەوەم کرد، ئایا بەو جۆرەیە کە دەیڵێن. وایە، خاوەن شکۆ: من بەجۆرێکی تر. پێیان وتم هاوشێوەکەم چۆن دەجووڵێتەوە، واتە ئاوها و ئاوها، نزیکەی هەموو ئێوارەیەک چوومە بەردەم ئاوێنە. حەقیانە: من ئاوها و ئاوها دەجووڵێمەوە. من بەجۆرێکی تر ناتوانم. ئاگەداری ئەوەیش بووم، ئایا ڕاستە، کە من هەموو کات بیر لە پارە دەکەمەوە، کە ئەندۆراییەکان چاودێریم بکەن و بیر بکەنەوە، ئێستا بیر لە پارە دەکەمەوە، جارێکی تریش حەقیانە: من هەموو کات بیر لە پارە دەکەمەوە. ئاوهایە. من پرکێشیم نییە، هەوڵم دا، بەڵام بێ ئاکام بوو: من ئازایەتیم نییە، بگرە ترسم هەیە. پێیان وتم هاوشێوەکانم ترسنۆکن. ئاگەداری ئەمەیش بووم. زۆر کەس ترسنۆکە، بەڵام من دەزانم، ئەگەر ترسنۆک بم. نەمدەویست ئەم واقیعە بزانم، چییان پێ دەوتم، بەڵام ئاوهایە. بە پۆستاڵ لێیان دام، ئاوهایە، وەکو دەیڵێن: وەکو ئەوان هەست ناکەم. من وڵاتم نییە. خاوەن شکۆیان وتیان، مرۆڤ دەبێ ئەوە قبووڵ بکا، من ئەوەم قبووڵ کرد. ئێستا نۆرەی ئێوەیە، شکۆدار،



جوولەکەکەتان قبووڵ بکەن.

**قەشە:** ئەندری–

**ئەندری:** خاوەن شکۆ، ئێستا من قسە دەکەم.

**قەشە:** تۆ دەتەوێ جوولەکە بی؟

**ئەندری:** من جوولەکەم. ماوەیەکی زۆر نەمدەزانی جوولەکەبوون چ مانایەکی هەیە، ئێستا دەیزانم.

(قەشە بە داماوی دادەنیشێ)

من نە دەمەوێ دایکم هەبێ، نە باوک، بۆ ئەوەی نە مەرگی ئەوان بە ئازار و دڕدۆنگییەوە بە سەر مندا بدا، نە مەرگی من بە سەر ئەواندا. نە خوشک و نە ژن: بەم زووانە هەموو شتێک دادەڕزێ، ئەوسا نە سوێند و نە دڵسۆزیمان دادمان دەدا. من دەمەوێ بەم زووانە ڕوو بدا. من پیرم. متمانەم لە دەست داوە، وەکو دان یەک لە دوای یەک. من لە خۆشیدا هاوارم کرد، هەتاو بە سەوزی لە دارەکانی دەدا، ناوی خۆم وەکو کڵاوێک دەدایە دەم باکان، کە هیی کەس نییە ئەگەر هیی من نەبێ، بەردێک دەکەوێتە خوارەوە، من دەکوژێ. من ناحەق بووم، بەڵام بەو جۆرە نا کە ئەوان بیریان دەکردەوە، هەموو کاتێک. من دەمویست لەسەر حەق بم و مژدە بێنم. ئەوانەی دوژمنم بوون حەقیان بوو، ئەگەرچی حەقی ئەوەیان نەبوو، چونکە لە کۆتاییی تێڕوانیندا مرۆڤ ناتوانێ حەق بە خۆی بدا. من ئیتر پێویستم بە دوژمنی تر نییە، ڕاستی بەسە. هەر کاتێک هەست بە ئومێد دەکەم دەترسێم. ئومێدەواریم هەرگیز پێ نەکەوتووە. ڕادەچڵەکێم کە پێ بکەنم و من ناتوانم بگریم. خەمباریم بەسەر

ئێوە هەمووتاندا هەڵم دەگرێ و من دەکەوم. چاوەکانم لە خەمگینیدا گەورە بوونە، خوێنەکەم هەموو شتێک دەزانێ، دەمەوێ بمرم. بەڵام من ترسێکی زۆرم لە مەرگ هەیە. بەزەیی نییە–

**قەشە:** ئێستا خۆت گوناهبار دەکەی.

**ئەندری:** ئەو مامۆستا پیرە دەبینی، چۆن فەوتاوە و دەڵێ، جارێک کوڕێکی گەنج بووە و ئارەزوویەکی گەورەی هەبووە. باربلین دەبینی. هەموویان، هەموویان، تەنیا من نەبێ. سەربازەکان دەبینی. هەموو نەفرەتی. خۆتان دەبینن. ئەمڕۆ دەزانن چی دەکەن، شکۆدار، ئەگەر لە بەرچاوی ئێوە بمبەن، لەبەرئەوەیە لێم ورد دەبنەوە، چاوە زۆر زۆر باشەکانتان. نزا دەکەن. بۆ من و بۆ خۆتان. نزاکەتان تەنانەت یارمەتیی خۆشتان نادا، لەگەڵ ئەوەیشدا دەبنە خائین. ڕەحم دەنگۆیەکی هەمیشەییە، هەتاو بە سەوزی لە درەختەکان دەدا، لەگەڵ ئەوەیشدا کە بمبەن.

(مامۆستا دێتە ژوورێ، جلەکانی ونجڕ ونجڕە)

**قەشە:** چی بووە؟!

(مامۆستا دەکەوێ)

قسە بکە!

**مامۆستا:** مرد.

**ئەندری:** خانم–؟

**قەشە:** چۆن ڕووی دا؟

**مامۆستا:** –بەردێک.



**قەشە:** کێ هاویشتی!

**مامۆستا:** –ئەندری، دەڵێن، ساقی بە چاوی خۆی بینیویەتی.

(ئەندری دەیەوێ ڕابکا، مامۆستا توند دەیگرێ)

ئەو لێرە بوو، ئێوە شایەدن.

(کەسەکە دەچێتە ناو دۆلآبی شایەتییەوە)

**کەسێک:** من دانی پێدا دەنێم: بە هیچ جۆرێک نەسەلماوە، کێ ئەو کاتە بەردەکەی بۆ نامۆکە هاویشت. من خۆم ئەو کاتژێرە لە گۆڕەپانەکە نەبووم. نامەوێ کەس تاوانبار بکەم. من دادوەری دنیا نیم. ئەوەی پێوەندیی بەو کوڕە گەنجەکەوە هەبێ: بێگومان بیرم دەکەوێتەوە. زۆرجار دەچووە سەر ئۆرکستریۆنەکە، بۆ ئەوەی بەخشیشەکەی بە فیڕۆ بدا، کاتێ هاتن بردیان بەزەییم پێیدا هاتەوە. کاتێ سەربازەکان هاتن بردیان چییان لێی کرد، نازانم، ئێمە تەنیا گوێمان لە قیژەی بوو... لەو بڕوایەدام، مرۆڤ دەبێ جارێک بتوانێ لە بیر بکا.



## وێنەی دەیەم

(گۆڕەپانی ئەندۆرا، ئەندری بە تەنیا دانیشتووە)

**ئەندری:** من دەزانم، لە هەموو شوێنێکەوە دەبینرێم. دەبێ بمبینن...

(جگەرەیەک دەردەهێنێ)

من بەردەکەم نەهاویشتووە!

(جگەرە دەکێشێ)

با بێن، هەموو ئەوانەی بە چاوی خۆیان بینیوویانە، با لە ماڵەکانیانەوە بێن، ئەگەر دەوێرن، با بە پەنجە ئاماژە بۆ من بکەن.

(دەنگێک دەچرپێنێ)

بۆچی لە پشتی دەروازەوە دەچرپێنی؟

(دەنگێک دەچرپێنێ)

کە تۆ دەچرپێنی هیچ وشەیەک تێ ناگەم.

(جگەرە دەکێشێ)

من لە ناوەڕاستی گۆڕەپانەکەدا دانیشتووم، بەڵێ، سەعاتێکە. هیچ کەسێک لێرە نییە. وەکو قڕی تێ کەوتبێ. هەموو لە ژێرزەمیندان. سەیر دێتە بەرچاو. تەنیا چۆلەکەکان بە سەر تەلەکانەوەن.

(دەنگێک دەچرپێنێ)

بۆ دەبێ خۆم بشارمەوە؟

(دەنگێک دەچرپێنێ)

من بەردەکەم نەهاویشتووە.

(جگەرە دەکێشێ)

لە کازیووەوە بە ناو کۆڵانەکانتاندا دەگەڕێم. بە تاق و تەنیا. هەموو دووکانەکان داخراون، هەموو دەرگەکان داخراون. تەنیا سەگ و پشیلە لە ئەندۆرای وەکو بەفر سپیتاندا بە دەرەوەیە...

(دەنگی بڵندگۆیەک دەبیسترێ کە بە سەر ئۆتۆمۆبێلێکەوە لەوێوە تێ دەپەڕێ، بەبێ ئەوەی مرۆڤ لە وشەکان تێ بگا، بە دەنگی بەرز و بە زایەڵە)

نابێ تفەنگ هەڵگری. گوێت لێیە؟ تەواو.

(مامۆستا دێتە پێشەوە، تفەنگێکی بە دەستەوەیە)

**مامۆستا:** ئەندری–

(ئەندری جگەرە دەکێشێ)

بە درێژاییی شەوەکە بە دواتدا دەگەڕێین–

**ئەندری:** باربلین لە کوێیە؟

**مامۆستا:** من لەناو دارستانەکە بووم.

**ئەندری:** من لە دارستان چی بکەم؟

**مامۆستا:** ڕەشەکان لێرەن.

(گوێ دەگرێ)

بێدەنگ بە.

**ئەندری:** گوێت لە چییە؟



(مامۆستا میلی تفەنگەکە دەهێنێتەوە)

– چۆلەکەیە، جگە لە چۆلەکە هیچی تر نییە.

(جریوەی مەل دێت)

**مامۆستا:** تۆ ناتوانی لێرە بمێنێتەوە.

**ئەندری:** ئەی لە کوێ دەتوانم بمێنمەوە؟

**مامۆستا:** ئەمە بێ مانایە تۆ دەیکەی. ئەمە شێتییە–

(قۆڵی ئەندری دەگرێ)

ئێستا وەرە.

**ئەندری:** من ئەو بەردەم نەهاویشتووە–

(خۆی لە دەستی مامۆستا ڕادەپسکێنێ)

من ئەو بەردەم نەهاویشتووە.

(دەنگەدەنگ دێت)

**مامۆستا:** ئەوە چی بوو؟

**ئەندری:** پەنجەرە بوو.

(بە پێ جگەرەکەی دەپلیقێنێتەوە)

خەڵکی لە پشتی دەرێچەی پەنجەرەکانەوەن.

(جگەرەیەکی تر دەردەهێنێ)

ئاگرت پێیە؟

(لە دوورەوە دەنگی تەپڵ دەبیسترێ)

**مامۆستا:** گوێت لە دەنگی تەقە بوو؟

**ئەندری:** لە هەموو کاتێک بێدەنگترە.

**مامۆستا:** من نازانم ئێستا چی ڕوو دەدا؟

**ئەندری:** موعجیزە ڕوو دەدا.

**مامۆستا:** مەبەستت چییە؟.

**ئەندری:** مردن باشترە لە ژێردەستی.

(جارێکی تر دەنگی بڵندگۆیەک دەبیسترێ کە بە سەر ئۆتۆمۆبێلێکەوە لەوێوە تێ دەپەڕێ)

هیچ ئەندۆراییەک پێویست ناکا لە هیچ بترسێ.

گوێت لێیە؟

ئارامی و نەزم/ هەموو خوێنڕشتنێک/ بە ناوی ئازادییەوە/

هەر کەسێک چەک هەڵگرێ یان چەک بشارێتەوە/ سوپاسالار/

هیچ ئەندۆراییەک پێویست ناکا لە هیچ بترسێ...

(بێدەنگی)

لە ڕاستیدا بەو جۆرەیە کە مرۆڤ دەیتوانی وێنای بکا. ڕێکوپێک وایە.

**مامۆستا:** ئەوە باسی چی دەکەی؟

**ئەندری:** باسی خۆبەدەستەوەدانی ئێوە دەکەم.

(سێ پیاو بەبێ چەک بەسەر گۆڕەپانەکەدا تێ دەپەڕن)

تۆ دوا کەسی تفەنگی بە شانەوە بێ.

**مامۆستا:** سەگی چەپەڵینە.

**ئەندری:** هیچ ئەندۆراییەک پێویست ناکا لە هیچ بترسێ.

(جریوەی مەل دێت)

ئاگرت پێ نییە؟



(مامۆستا لە پشتەوە لە پیاوەکان دەڕوانێ)

سەرنجت دا چۆن دەڕۆن؟ سەیری یەکتر ناکەن. چۆن بێدەنگن! ئەگەر کاتی هاتبێ. هەر کەسێک تێبینیی ئەوە دەکا، کە هەرگیز بڕوای بە هیچ نەبووە. لەبەرئەوە ئەمڕۆ وا سەیر دەڕۆن. هەر وەکو درۆزن.

(دوو پیاو بەبێ چەک بە گۆڕەپانەکەدا دەڕۆن)

**مامۆستا:** کوڕم—

**ئەندری:** هەمدیسان دەست پێ مەکەرەوە.

**مامۆستا:** ئەگەر بڕوا بە من نەکەی لەناو دەچیت.

**ئەندری:** من کوڕی تۆ نیم.

**مامۆستا:** مرۆڤ ناتوانێ باوکی خۆی هەڵبژێرێ. چی بکەم، بۆ ئەوەی تۆ بڕوام پێ بکەی؟ چیی تر؟ لە هەر کوێیەک بوەستم و بۆ هەر کوێ بڕۆم، پێیان دەڵێم، لە قوتابخانە بە منداڵەکانم گوت، کە تۆ کوڕی منی. چیی تر؟ خۆم هەڵواسم بۆ ئەوەی تۆ بڕوام پێ بکەی؟ من لێت دوور ناکەومەوە.

(لە تەنیشت ئەندرییەوە دادەنیشێ)

ئەندری—

(ئەندری سەیری سەرەوەی خانووەکان دەکا)

سەیری کوێ دەکەی؟

(ئالایەکی ڕەش هەڵدەکرێ)

**ئەندری:** چەندیان پێ خۆشە.

**مامۆستا:** لە کوێ ئەو ئالایانەیان دەست کەوتووە؟

**ئەندری:** ئێستا تەنیا پێویستیان بە قۆچی قوربانییەکە.

(ئالای دووەم هەڵدەکرێ)

**مامۆستا:** وەرەوە بۆ ماڵەوە؟

**ئەندری:** سوودی نییە، باوکە، کە جارێکی تر بیگێڕیتەوە. چارەنووسی تۆ چارەنووسی من نییە، چارەنووسی منیش چارەنووسی تۆ نییە.

**مامۆستا:** تاقە شایەتەکەم مرد.

**ئەندری:** باسی ئەو مەکە!

**مامۆستا:** تۆ ئەڵقەکەی ئەوت لە پەنجەدایە–

**ئەندری:** ئەوەی تۆ کردت هیچ باوکێک نایکا.

**مامۆستا:** ئەمە لە کوێوە دەزانی؟

(ئەندری گوێ دەگرێ)

دەڵێن ئەندۆراییییەک، هیچی لەگەڵ ئەو بەرەوەدا نییە و منداڵیش ئەوە هەر نە. من لێیان دەترسام، بەڵێ لە ئەندۆرا دەترسام، لەبەرئەوەی ترسنۆک بووم–

**ئەندری:** مرۆڤ گوێ دەگرێ.

**مامۆستا:** (سەیری دەوروبەری خۆی دەکا و بەرەو ڕووی خانووەکان هاوار دەکا): لەبەرئەوەی ترسنۆک بووم! (جارێکی تر بە ئەندری): لەبەرئەوە وام گوت. ئەو کاتە ئاسانتر بوو، منداڵێکی جوولەکەت هەبێ. جێی شانازی بوو. دەستیان بە سەرتدا دەهێنا، لە سەرەتاوە دەستیان بە سەرتدا دەهێنا، چونکە دڵیان بەوە خۆش دەبوو، کە وەکو ئەوانەی ئەوبەرەوە نین.



(ئەندری گوێ دەگرێ)

گوێت لێیە، باوکت چی دەڵێ؟

(دەنگی دەریچەی پەنجەرەیەک دێ)

با گوێ بگرن.

(دەنگی دەریچەی پەنجەرەیەک دێ)

ئەندری–

**ئەندری:** بڕوات پێ ناکەن.

**مامۆستا:** لەبەرئەوەی تۆ بڕوا بە من ناکەی!

(ئەندری جگەرە دەکێشێ)

تۆ بەبێ گوناهیتەوە، بەڵێ، تۆ بەردەکەت نەهاویشت، جارێکی تر بیڵێرەوە، تۆ بەردەکەت نەهاویشت، بەڵێ تۆ بە گەورەیی بێگوناهیتەوە، وەکو جوولەکەیەک سەیرم بکە، بەڵام تۆ کوڕی منی، بەڵێ، کوڕی من، ئەگەر بڕوام پێ نەکەی دەفەوتێی.

**ئەندری:** من فەوتاوم.

**مامۆستا:** تۆ دەتەوێ من ببم بە تاوانبار!.

(ئەندری سەیری دەکا)

دە بیڵێ!

**ئەندری:** چی؟

**مامۆستا:** دەبێ من خۆم هەڵواسم، دە بیڵێ.

(لە دوورەوە مۆسیقای مارش دەبیسترێ)

**ئەندری:** بە مۆسیقاوە دێن.

(جگەرەیەکی تر دەردەهێنێ)

من یەکەم کەس نیم کە فەوتاوە. هیچ سوودی نییە تۆ چی دەڵێی. من دەزانم کێ باوک و باپیرمە. هەزاران و سەدان هەزار بە ستوونەوە مردوون، چارەنووسیان چارەنووسی منە.

**مامۆستا:** چارەنووس!

**ئەندری:** تۆ لەمە تێ ناگەی، لەبەرئەوەی تۆ جوولەکە نیت–

(سەیری کۆڵان دەکا)

بە تەنیا بەجێم بهێڵە.

**مامۆستا:** تەماشای چی دەکەیت؟

**ئەندری:** چۆن تفەنگ فڕێ دەدەن و لەسەر یەک کەڵەکیان دەکەن.

(سەرباز دەردەکەوێ، چەک کراوە، تەنیا تەپڵێکی بە دەستەوەیە، مرۆڤ گوێی لێ دەبێ، چۆن تفەنگ فڕێ دەدرێ؛ سەربازەکە بۆ دواوە قسە دەکا):

**سەرباز:** من وتم، بەڵام بە ڕێکوپێکی! وەکو لە سوپادا.

(دێت بۆ لای مامۆستا)

ئەو تفەنگە بێنە.

**مامۆستا:** نەخێر.

**سەرباز:** فەرمانە.

**مامۆستا:** نەخێر.

**سەرباز:** هیچ ئەندۆراییەک پێویست ناکا لە هیچ بترسێ.

(دوکتۆر، ساقی، دارتاش، خەلفەکە و کەسێک دەردەکەون، هەموویان بێ چەکن)

**مامۆستا:** سەگی چەپەڵینە! ئێوە هەمووتان! هیچوپووچینە! هەتا دوا



پیاو. هیچوپووچ!

(مامۆستا میلی تفەنگەکەی دەهێنێتەوە و دەیەوێ تەقە لە ئەندۆراییەکان بکا، بەڵام سەربازەکە دێتە ناوەوە، پاش کەمێک زۆرانبازیی بێدەنگ، مامۆستا چەک دەکرێ و سەیری دەوروبەری خۆی دەکا)

–کوڕەکەم! کوڕەکەم کوا؟

(مامۆستا دەکەوێ)

**کەسێک:** ئەوە چیت بەسەر هاتووە؟

(لە پێشی شانۆوە لەلای ڕاستەوە لەسەر ئۆرکستریۆنەکە ئەندری دەردەکەوێ و پارەی تێ دەکا، کە میلۆدییەک لێ دەدرێ و بە کاوەخۆ لە بەرچاو دیار نامێنێ)

پێشەوەی شانۆ

(لە کاتێکدا ئۆرکستڕۆنەکە لێ دەدا: دوو سەرباز بە جلی سەربازیی ڕەشەوە، هەریەکەو بە چەکێکی ئەوتۆماتیکییەوە، پاسەوانیی دەکەن و دێن و دەچن)



## وێنەی یازدە

(لە بەردەم ژوورەکەی باربلیندا. ئەندری و باربلین. لە دوورەوە دەنگی تەپڵ دەبیسترێ)

**ئەندری:** زۆر جار لە گەڵیدا خەوتی؟

**باربلین:** ئەندری.

**ئەندری:** دەپرسم زۆرجار لەگەڵیدا خەوتی ئەو کاتەی من لە ئاستانەکەدا هەڵتروشکابووم و قسەم دەکرد. پێش هەڵاتنمان!

(باربلین بێدەنگە)

لێرە ڕاوەستابوو: بە پێی پەتی، دەزانی، بە قایشی کراوەوە–

**باربلین:** بێدەنگ بە!

**ئەندری:** وەکو مەیموون سینگی مووی پێوەیە.

(باربلین بێدەنگە)

پیاوە!

(باربلین بێدەنگە)

زۆرجار لەگەڵیدا خەوتی؟

(باربلین بێدەنگە)

تۆ بێدەنگی.. ئەی ئەمشەو باسی چی بکەین؟ تۆ دەڵێی، من ئێستا نابێ بیری لێ بکەمەوە. دەبێ بیر لە داهاتووم بکەمەوە، بەڵام من داهاتووم نییە.. من تەنیا دەمەوێ بزانم چەند جار بوو.

(باربلین هەنیسک دەدا)

بەردەوام دەبێ؟

(باربلین هەنیسک دەدا)

بە ڕاستی بۆچی من دەمەوێ ئەوە بزانم؟ چ پێوەندییەکی بەمنەوە هەیە؟ تەنیا بۆ ئەوەی جارێکی تر هەست و سۆزم بۆت هەبێ.

(ئەندری گوێ دەگرێ)

بێدەنگ بە!

**باربلین:** هەموو شتەکە وا نییە.

**ئەندری:** نازانم ئەوان لە کوێ بە دوامدا دەگەڕێن–

**باربلین:** تۆ ناحەقی، ئەوەندە ناحەقی.

**ئەندری:** کە بێن من داوای لێبووردن دەکەم...

(باربلین هەنیسک دەدا)

وام زانی ئێمە یەکترمان خۆش دەوێ. بۆچی ناحەق، من تەنیا دەپرسم چۆنە ئەگەر یەکێک پیاو بێ. بۆ هێندە ناسک؟ من تەنیا دەپرسم، لەبەرئەوەی تۆ ژنم بووی. مەگری! تۆ دەتوانی ئێستا پێم بڵێی، کە خۆت بە خوشکم دەزانی.

(ئەندری دەست بە قژی باربلیندا دەهێنێ)

من لە ڕادەبەدەر چاوەڕوانی تۆ بووم...

(ئەندری گوێ دەگرێ)

**باربلین:** بۆیان نییە ئازارت بدەن.

**ئەندری:** کێ ئەو بڕیارە دەدات



**باربلین:** من لات دەمێنمەوە.

(بێدەنگی)

**ئەندری:** ئێستا جارێکی تر ترسم لێ دەنیشێ–

**باربلین:** برا!

**ئەندری:** لە پڕ. ئەگەر بزانن من لە ماڵەوەم و کەس نەدۆزنەوە، ماڵەکە گڕ تێ بەردەدەن، ئەمە زانراوە و لە خوارەوە لە کۆڵانەکە چاوەڕێ دەکەن، تا ئەو کاتەی جوولەکەکە لە پەنجەرەوە باز دەدا.

**باربلین:** ئەندری تۆ جوولەکە نیت.

**ئەندری:** ئەی لەبەر چی دەتەوێ بمشاریتەوە؟

(لە دوورەوە دەنگی تەپڵ دەبیسترێ)

**باربلین:** وەرە ژوورەکەی منەوە.

(ئەندری سەر ڕادەوەشێنێ)

**باربلین:** کەس نازانێ لێرە ژوورێکی تریش هەیە.

**ئەندری:** –جگە لە پایدار.

(دەنگی تەپڵ نامێنێ)

بەسەر چووە.

**باربلین:** چی دەڵێی؟

**ئەندری:** ئەوەی دێت، هەمووی ڕووی داوە. من دەڵێم بە سەرچووە. سەرم لە کۆشی تۆدا. لە بیرتە؟ هەرگیز کۆتایی نایەت. سەرم لە کۆشی تۆدا. لە ڕێگەتاندا کۆسپ بووم؟ من ناتوانم لەوە تێ بگەم. ئا بەڵێ! من دەتوانم لەوە تێ بگەم. چیم وت، کاتێ من

خۆم نەمابووم؟ بۆچی پێ ناکەنیت؟ تۆ تەنانەت پێشناکەنیت. هێندە بەسەرچوو، هێندە بە سەرچوو! من هەر هەستیشم پێ نەکرد کە پایدار لە باوەشتایە، قژت بە دەستییەوەیە. با وابێ! خۆ هەموو شتێک بەسەرچووە...

(دەنگی تەپڵ لە نزیکەوە)

ئەوان هەست دەکەن ترس لە کوێیە.

**باربلین:** –بە ئێرەدا تێ دەپەڕن.

**ئەندری:** ئابڵووقەی ماڵەکە دەدەن.

(لە پڕ دەنگی تەپڵەکان نامێنێ)

ئەوە منم ئەوان بە دوایدا دەگەڕێن، تۆ زۆر باش ئەوە دەزانی، من برات نیم. درۆکردن هیچ سوودێکی نییە. زۆر درۆ کراوە. (بێدەنگی). ماچم بکە!

**باربلین:** ئەندری–

**ئەندری:** خۆت ڕووت بکەرەوە!

**باربلین:** تۆ شێت بووی، ئەندری.

**ئەندری:** ئێستا ماچم بکە و لە ئامێزم بگرە.

(باربلین بەرگری دەکا)

گرینگ نییە.

(باربلین بەرگری دەکا)

تۆ هێندە خۆت دڵسۆز پێشان مەدە–

(دەنگی شکاندنی شووشەی پەنجەرەیەک)

**باربلین:** ئەوە چی بوو؟



**ئەندری:** – ئەوان دەزانن من لە کوێم.

**باربلین:** مۆمەکە بکوژێنەوە!

(دەنگی شکاندنی شووشەی پەنجەرەیەکی تر)

**ئەندری:** ماچم بکە!

**باربلین:** نە. نە...

**ئەندری:** ناتوانی ئەوە لەگەڵ مندا بکەیت لە کاتێکدا تۆ ئەوە لەگەڵ هەموو کەسێکدا دەکەیت، ئاسوودە و ڕووت؟ لە دەستم دەرناچیت. چیی لەگەڵ ئەوانی تردا جیاوازە؟ دە بیڵێ. چی لەگەڵ ئەوانی تردا جیاوازە؟ ژنی سەرباز، من ماچت دەکەم! یەکێک زیاتر یان کەمتر، ناز مەکە. چی لەگەڵ جیاوازە ئەوانی تردا؟ بیڵێ! قژەکەت وەڕەس دەبێ، کاتێ من ماچی دەکەم؟

**باربلین:** برام–

**ئەندری:** بۆ شەرم لە من دەکەی؟

**باربلین:** ئێستا وازم لێ بێنە!

**ئەندری:** ئێستا، بەڵێ، ئێستا یان هەرگیز، من تۆم دەوێ، بەڵێ، ئاسوودە و ڕووت، بەڵێ، خوشکە، بەڵێ، بەڵێ، بەڵێ–

(باربلین دەقیژێنێ)

بیر لە گێلاسە کێوی بکەرەوە

(ئەندری وەکو یەکێکی لە هۆش خۆ چوو قۆپچەکانی بلوزەکەی باربلین دەکاتەوە)

بیر لە گێلاسە کێوییەکانمان بکەرەوە–

**باربلین:** تۆ شێتی!

(زەنگی دەرگە لێ دەدرێ)

گوێت لێ بوو؟ تۆ فەوتای، ئەندری، ئەگەر بڕوا بە ئێمە ناکەی. خۆت بشارەوە.

(دووبارە زەنگی دەرگە لێ دەدرێ)

**ئەندری:** بۆچی خۆمان ژارخوارد نەکرد، باربلین، کاتێ هێشتا منداڵ بووین، ئێستا درەنگە...

(زرموکوت لە دەرگەی دەرەوە دەدرێ)

**باربلین:** بابە دەرگە ناکاتەوە.

**ئەندری:** چەند هێواش.

**باربلین:** چی دەڵێی؟

**ئەندری:** دەڵێم شتەکان چەند هێواش دەڕۆن.

(زرموکوت لە دەرگەی دەرەوە دەدرێ)

**باربلین:** خوای گەورە، کە تۆ خوای ئێمەی، کە تۆ خوای ئێمەی، خوای گەورە، خوای مەزن، کە تۆ لە ئاسمانی، خوایە، خوایە، کە تۆ خۆتی- خوایە...

(شەقەی دەرگەی دەرەوە دێ)

**ئەندری:** بە تەنیا بەجێم بهێڵە. بەڵام خێرا. بلووزەکەت بەرە. ئەگەر تۆ لەلای من بدۆزنەوە باش نییە. بەڵام خێرا. بیر لە قژەکەت بکەرەوە.

(دەنگ لەناو ماڵەکەدا، باربلین مۆمەکە دەکوژێنێتەوە، دەنگی پۆستاڵ، سەربازەکە بە تەپڵ و دوو سەربازی تر کە جلی سەربازیی ڕەشیان لە بەردایە، دەردەکەون، لایتێکی گەورەیان



پێیە: باربلین بە تەنیا لە بەردەم ژوورەکەدایە)

**سەرباز:** لە کوێیە؟

**باربلین:** کێ؟

**سەرباز:** جوولەکەکەمان.

**باربلین:** هیچ جوولەکەیەک لێرە نییە.

(سەربازەکە پاڵ بە باربلینەوە دەنێ و دەچێ بۆ لای دەرگەکە)

واز بێنە!

**سەرباز:** بیکەرەوە.

**باربلین:** فریامان کەون! فریامان کەون! (ئەندری لە دەرگەکەوە دێتە دەرێ)

**سەرباز:** ئەوەتانێ.

(دەستی ئەندری دەبەسترێ)

**باربلین:** دەست بە براکەمەوە مەدەن، برای منە-

**سەرباز:** ئەوە لە پشکنینی جوولەکە بەدەردەکەوێ.

**باربلین:** پشکنینی جوولەکە؟

**سەرباز:** پێشمان کەوە.

**باربلین:** ئەوە چییە؟

**سەرباز:** بۆ پێشەوە. هەموو دەبێ بێن بۆ پشکنینی جوولەکە. بۆ پێشەوە.

(ئەندری دەبرێ)

قەحپەی جوولەکە!

## پێشەوەی شانۆ

(دوکتۆر دەچێتە کابینەی شایەتییەوە)

**دوکتۆر:** من دەمەوێ لە کورتی بیبڕمەوە، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر شت دەبێ ڕاست بکرێتەوە، کە ئەمڕۆ باسی دەکرێ. لە پاشان هەموو کات ئاسانە بزانرێ، مرۆڤ دەبوو چۆن ڕەفتار بکا، جگە لەوەش، کە من، ئەوەی پێوەندیی بە کەسی خۆمەوە هەبێ، بە ڕاستی نازانم، بۆچی دەبوو بەجۆرێکی تر ڕەفتار بکەم. ئێمەمانان چیمان کردووە؟ بەشێوەیەکی گشتی هیچ. من دوکتۆری گشتی بووم، کە ئەمڕۆش هەر دوکتۆری گشتیم. ئەو شتەی کە ئەو کاتە گوتوومە لە بیرم نەماوە، ئەمە ڕەوشتی منە، ئەندۆراییـیەک ئەوە دەڵێ کە بیری لێ دەکاتەوە- بەڵام من دەمەوێ لە کورتی بیبڕمەوە... دانی پێدا دەنێم: ئێمە ئەو کاتە هەموو بە هەڵەدا چووبووین، کە بێگومان بە جێگەی داخی دەزانم. چەند جاری تر دەبێ بیڵێم؟ من لە گەڵ سامناکیدا نیم، من هەرگیز لەگەڵ سامناکیدا نەبووم. من ئەو کوڕە گەنجەم تەنیا دوو- یان سێ جار بینیبوو. ئەو شەق و تێهەڵدانەی گوایە دواتر ڕووی داوە، من نەمبینیبوو. لەگەڵ ئەوەیشدا بێگومان مەحکوومی دەکەم. من تەنیا دەتوانم بڵێم، کە گوناهی من نییە، با جارێ لەوە گەڕێین، کە ڕەفتاری (کە بە داخەوە مرۆڤ ناتوانێ لێی بێدەنگ بێ) پتر و پتر "با بە کراوەیی بیڵێین"



شتێکی جوولەکانەی هەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو کوڕە گەنجە، لەوانەیە وەکو ئێمەمانان ئەندۆراییـیەک بووبێ. من بە هیچ جۆرێک نکووڵی لەوە ناکەم، کە ئێمە وەکو بڵێی بەر جۆرە شەوارەیەکی هەنووکەیی کەوتین. لە بیرمان نەچێ، سەردەمێکی پشێو بوو. ئەوەی پێوەندیی بە کەسی منەوە هەیە، هەرگیز لە بەدمامەڵەکردن بەشداریم نەکردووە و داوای ئەوەشم لە هیچ کەسێک نەکردووە. دەتوانم لە بەردەم گشت خەڵکدا جەختی لێ بکەمەوە. چیرۆکێکی تراجیدییە، بێگومان. من گوناهم نییە، کە ئەمە ڕووی داوە. من لەو بڕوایەدام بە ناوی هەمووانەوە قسە دەکەم، ئەگەر من، بۆ ئەوەی بە کۆتایی بگەم، جارێکی تر دووبارەی دەکەمەوە، کە ئێمە تەنیا دەتوانین بۆ ڕەوتی شتەکان-ئەو کاتە- بە داخەوە بین.

## وێنەی دوازدە

(گۆڕەپانی ئەندۆرا. گۆڕەپانەکە بە سەربازی جلڕەش دەورە دراوە. سەربازەکان ئامادەن و ڕەق ڕاوەستاون، لە جێی خۆیان جووڵە ناکەن. ئەندۆراییەکان وەکو مێگەلی ناو کۆز، بە بێدەنگی چاوەڕوانن چی ڕوو دەدا. ماوەیەکی زۆر هیچ ڕوو نادا. تەنیا بە چرپە قسە دەکەن)

**دوکتۆر:** مەشڵەژێن. کاتێ پشکنینی جوولەکە تەواو دەبێ، هەموو شتێک وەکو جاران دەمێنێتەوە. هیچ ئەندۆراییەک پێویست ناکا لە هیچ بترسێ، ئەمەمان بە نووسراوی هەیە. من بە دوکتۆری گشتی دەمێنمەوە، ساقی بە ساقێتی دەمێنێتەوە، ئەندۆرا ئەندۆرا دەمێنێتەوە...

(لە تەپڵ دەدرێ)

**خەلفە:** ئێستا پەڕۆ ڕەشەکان دابەش دەکرێن.

(پەڕۆ ڕەشەکان دابەش دەکرێ)

**دوکتۆر:** بەر لە هەموو شتێک هیچ بەرهەڵستییەک مەکەن.

(باربلین دەردەکەوێ، وەکو شێت لە گرووپێکەوە دەچێ بۆ لای گرووپێکی تر، باڵی ئەو خەڵکانە ڕادەوەشێنێ، ئەوان پشتی تێ دەکەن، بە چرپە شتێک دەڵێ. دەڵێی هیچ کەسێک لێی تێ ناگا)

**ساقی:** ئێستا لە پڕ دەڵێن ئەوە خۆی نییە.

**کەسێک:** ئەوە چییە ئەوانە دەیڵێن؟



**ساقی:** کە هەو هیچ یەکێک نییە.

**دوکتۆر:** بەڵام مرۆڤ هەر بە یەکەم نیگا دەیبینێ.

**کەسێک:** کێ ئەوە دەڵێ؟

**ساقی:** مامۆستاکە.

**دوکتۆر:** ئێستا بۆمان دەردەکەوێ.

**ساقی:** بەهەرحاڵ ئەو بەردەکەی هاویشت.

**کەسێک:** بەڵگە هەیە؟

**ساقی:** بەڵگە؟

**دوکتۆر:** ئەگەر ئەو هەو نییە. ئیتر بۆچی خۆی دەشارێتەوە؟ لە چی شتێک دەترسێ؟ بۆچی وەکو ئێمەمانان نایە بۆ گۆڕەپانەکە؟

**ساقی:** زۆر ڕاستە.

**دوکتۆر:** بۆچی دەبێ هەو نەبێ؟

**ساقی:** زۆر ڕاستە.

**کەسێک:** دەڵێن هەموو شەوەکە بە دوایدا گەڕاون.

**دوکتۆر:** دۆزییانەوە.

**کەسێک:** منیش نامەوێ لە پێستی ئەودا بم.

**ساقی:** بەهەرحاڵ ئەوە ئەو بوو بەردەکەی هاویشت–

(بێدەنگ دەبن، لەبەرئەوەی سەربازێکی ڕەش دێت، دەبێ پەڕۆ ڕەشەکان وەرگرن. سەربازەکە دەڕوا)

**دوکتۆر:** چۆن ئەم پەڕۆیانە بە سەر سەرجەمی گەلدا دابەش دەکەن: بە بێ وشەیەکی بەرز! من بەمە دەڵێم ڕێکخستن. سەیری ئەوە بکەن! چۆن سەر دەگرێ.

**کەسێک:** بەڵام بۆگەنیان دێ.

(بۆنی پەڕۆکانیان دەکەن)

ئارەقەی ترسە...

(باربلین دێ بۆ لای گرووپی دوکتۆر و ساقی، قۆڵیان دەگرێ و بە چرپە قسە دەکا، پشتی تێ دەکەن، هێشتا سەرگەردانە)

چی دەڵێ؟

**دوکتۆر:** ئەمە بێ مانایە.

**ساقی:** ئەمە زۆر گران لە سەری دەکەوێ.

**دوکتۆر:** تەنیا ئێستا بەرهەڵستی مەکەن.

(باربلین دێت بۆ لای گرووپێکی تر، قۆڵیان دەگرێ و بە چرپە قسە دەکا، پشتی تێ دەکەن، هێشتا سەرگەردانە)

**ساقی:** بەڵگە! ئێ من بە چاوی خۆم بینیم! ئالێرە، بەتەواوەتی ئالێرەدا! بەڵگە! ئەو دەپرسێت بەڵگە هەیە. ئەگینا دەبێ کێ ئەو بەردەی هاوێشتبێ؟

**کەسێک:** من تەنیا پرسیار دەکەم.

**ساقی:** ڕەنگە یەکێک لە ئێمە؟

**کەسێک:** من لەوێ نەبووم.

**ساقی:** بەڵام من!

(دوکتۆر پەنجەی دەخاتە سەر دەمی)

ئایا من بەردەکەم وەشاند؟

**دوکتۆر:** بێدەنگ بە.

**ساقی:** -من؟



**دوکتۆر:** نابێ قسە بکەین.

**ساقی:** لێرە، بە تەواوی لەم شوێنە، فەرموو، بەردەکە لێرە کەوتبوو، خۆ من خۆم بینیم، بەردێکی گەورە، تەنیا یەک بەرد، ئاوها دەستی دایە-

(ساقی بەردێک هەڵدەگرێ)

-ئاوها...

(دارتاش دێتە پێشەوە)

**دارتاش:** چی ڕووی داوە؟

**دوکتۆر:** تەنیا خۆتان سەغڵەت مەکەن.

**دارتاش:** ئەم پەڕۆ ڕەشانەتان بۆ چییە؟

**دوکتۆر:** پشکنینی جوولەکە.

**دارتاش:** چییان لێ بکەین؟

(سەربازە ڕەشەکان، کە گۆڕەپانەکەیان ئابڵۆقە داوە لە پڕ تفەنگەکانیان پێشان دەدەن: ڕەشێک لە جلوبەرگی مەدەنیدا، بە هەنگاوی خێرا و کورت بە سەر گۆڕەپانەکەدا دەڕوا)

**دوکتۆر:** ئەوە ئەو هات.

**دارتاش:** کێ؟

**دوکتۆر:** پشکنەری جوولەکە.

(سەربازەکان تفەنگەکانیان بە توندی بە لای پێیاندا دەدەن)

**ساقی:** -ئەی ئەگەر هەڵە بکا!

**دوکتۆر:** ئەو هەڵە ناکا.

**ساقی:** -ئەی دوایی چی؟

**دوکتۆر:** بۆ دەبێ هەڵە بکا؟

**ساقی:** –بەڵام ئەگەر لە حاڵەتێکدا: ئەوسا چی دەبێ؟

**دوکتۆر:** نیگایەکی تایبەتی هەیە. پشتی پێ ببەستن! بە بۆن دەیزانێت.
تەنیا بە ڕۆیشتن دەیبینێ، ئەگەر یەکێک بە گۆڕەپانەکەدا بڕوا.
لە پێیاندا دەیبینێ.

**کەسێک:** لەبەرئەوەیە دەبێ پێڵاوەکانمان دابکەنین؟

**دوکتۆر:** پشکنەری جوولەکە مەشقی پێ کراوە.

(باربلین جارێکی تر دەردەکەوێتەوە و بە دوای ئەو گرووپانەدا دەگەڕێ کە هێشتا لەلایان نەبووە، خەلفەکە دەدۆزێتەوە، قۆڵی دەگرێ و بە چرپە قسە دەکا، شاگردەکە خۆی ڕادەپسکێنێ)

**خەلفە:** تۆ وازم لێ بێنە!

(دوکتۆر چرووتێک دەخاتە دەمی)

ئەمە شێت بووە. دەڵێ، نابێ کەس بە سەر گۆڕەپانەکەدا بڕوا، ئەوسا دەبێ هەموومان بەرن. دەیەوێ ئاماژەیەک بکا. ئەمە تێک چووە.

(سەربازێکی ڕەش دەبینێ، کە دوکتۆر جگەرە دەکێشێ، دەچێ بۆ لای دوکتۆر، سونگەیەکی ئامادە بە سەری تفەنگەکەوەیە، دوکتۆر دڵی دادەخورپێ، جگەرەکەی دەخاتە سەر جادەکە، بەپێ دەچێتە سەری و ڕەنگی زەرد هەڵگەڕاوە)

دەڵێن دۆزیوتانەتەوە...

(دەنگی تەپڵ)

ئێستا دەست پێ دەکا.



(پەڕۆکان دەکەنە سەریان)

**ساقی:** من پەڕۆی ڕەش لە سەر ناکەم!

**کەسێک:** بۆچی نا؟

**ساقی:** نامەوێ!

**خەلفە:** فەرمان فەرمانە.

**ساقی:** ئەمە بۆچی؟

**دوکتۆر:** ئەمە لە هەموو ئەو شوێنانە دەکرێ، کە یەکێک خۆی شاردبێتەوە. دە بیخۆن دەی. ئەگەر ئێمە یەکسەر ڕادەستمان بکردایە–

(گەمژە دەردەکەوێ)

**ساقی:** لەبەر چی گەمژەکە پەڕۆی ڕەشی لە سەر نییە؟

**کەسێک:** بڕوای پێ دەکەن کە ئەو نییە.

(گەمژەکە بە تەوسەوە زەردەخەنە دەکا و سەر دەلەقێنێ، دەڕوا، بۆ ئەوەی لە هەموو شوێنێک دەمامکدارەکان بپشکنێ و زەردەخەنەیان بۆ بکا. تەنیا ساقییەکە هێشتا بەبێ دەمامکە)

**ساقی:** من پەڕۆی ڕەش لە سەر ناکەم!

**دەمامکدار:** ئەمجا قامچیکاری دەکرێی.

**ساقی:** –من؟

**دەمامکدار:** ئەو یافتە زەردەکەی نەخوێندووەتەوە.

**ساقی:** لەبەر چی قامچیکاری؟

(دەنگی تەپڵ)

**دەمامکدار:** ئێستا دەست پێ دەکا.

**دەمامکدار:** تەنیا مەشڵەژێن.

**دەمامکدار:** ئێستا دەست پێ دەکا .

(دەنگی تەپڵ)

**ساقی:** من ساقییەکەم، بۆچی بڕوام پێ ناکەن؟ من ساقییەکەم،
هەموو منداڵێک دەزانێ من کێم، ئێوە هەمووتان،
ساقییەکەتان...

**دەمامکدار:** دەترسێ!

**ساقی:** نامناسنەوە؟

**ژنە دەمامکدارێک:**

دەترسێ، دەترسێ؟

(چەند دەمامکدارێک پێ دەکەنن)

**ساقی:** من پەڕۆی ڕەش لە سەر ناکەم...

**دەمامکدار:** دەدرێیتە بەر قامچی.

**ساقی:** من جوولەکە نیم.

**دەمامکدار:** دەیخەنە ئۆردووگاوە.

**ساقی:** من جوولەکە نیم.

**دەمامکدار:** یافتە زەردەکەی نەخوێندووەتەوە.

**ساقی:** نامناسنەوە؟ تۆ؟ من ساقییەکەم. تۆ کێی؟ ناتوانن ئەمە بکەن.
هۆو ئێوە لەوێ! من ساقییەکەم، من ساقییەکەم. نامناسنەوە؟
ئێوە ناتوانن هەر وا بە ئاسانی لەم تەنگانەیەدا پشتم لێ بکەن.
تۆ. من کێم؟

(ساقییەکە یەخەی مامۆستا دەگرێ، کە هەر ئێستا لەگەڵ



دایک بەبێ دەمامک دەردەکەون)

**مامۆستا:** تۆ ئەوەی کە بەردەکەی هاویشت؟

(ساقی بەردەکە دەخاتە سەر زەوییەکە)

لەبەر چی دەڵێی کە کوڕەکەی من کردوویەتی؟

(ساقییەکە بە پەڕۆ ڕەشەکە سەری دادەپۆشێ و تێکەڵاوی
ئەوانە دەبێ کە بە پەڕۆی ڕەش سەروچاوی خۆیان داپۆشیوە،
مامۆستاو دایک بە تەنیا وەستاون)

چۆن هەموویان سەروچاوی خۆیان داپۆشیوە.

(فیکەکێشان)

**دەمامکدار:** ئەمە چی دەگەیەنێ؟

**دەمامکدار:** پێڵاوەکانت داکەنە!

**دەمامکدار:** کێ؟

**دەمامکدار:** هەموو.

**دەمامکدار:** ئێستا؟

**دەمامکدار:** پێڵاو داکەنن، پێڵاو داکەنن.

**دەمامکدار:** بۆچی؟

**دەمامکدار:** لافیتە زەردەکەی نەخوێندووەتەوە..

(هەموو ئەو کەسانەی بە پەڕۆی ڕەش سەروچاویان داپۆشیوە
دەکەونە سەر چۆک بۆ ئەوەی پێڵاوەکانیان دابکەنن، بێدەنگی،
ماوەیەک دەخایەنێ)

**مامۆستا:** چۆن گوێڕایەڵ دەبن!

(سەربازێکی ڕەش دێ، مامۆستا و دایکیش دەبێ سەرو

پەڕۆیەکی ڕەش وەربگرن)

**دەمامکدار:** فیکەیەک واتە: پێڵاوەکانت داکەنە. لەسەر لافیتەکە نووسراوە. دوو فیکە واتە بکەوە ڕێ.

**دەمامکدار:** بە پێی پەتی؟

**دەمامکدار:** چی دەڵێ؟

**دەمامکدار:** پێڵاو داکەنە، پێڵاو داکەنە.

**دەمامکدار:** سێ فیکە واتە، سەرپۆشەکەت لابە.

**دەمامکدار:** بۆچی دەمامک لابرێ؟

**دەمامکدار:** هەموو شتێک لەسەر لافیتەکە نووسراوە.

**دەمامکدار:** چی دەڵێ؟

**دەمامکدار:** هەموو شتێک بە پێی یافتەکە.

**دەمامکدار:** دوو فیکە یانی چی؟

**دەمامکدار:** بکەوە ڕێ؟

**دەمامکدار:** لەبەر چی بە پێی پەتی؟

**دەمامکدار:** سێ فیکە واتە: پەڕۆکە لابە.

**دەمامکدار:** پێڵاوەکان چی لێ بکەین؟

**دەمامکدار:** بۆچی پەڕۆکە لابەین؟

**دەمامکدار:** پێڵاوەکان بۆ کوێ ببەین؟

**دەمامکدار:** پەڕۆکە لابەن واتە: ئەمە جوولەکەیە.

**دەمامکدار:** هەموو شتێک بە پێی یافتەکە.

**دەمامکدار:** هیچ ئەندۆراییەک پێویست ناکا لە هیچ شتێک بترسێ.



**دەمامکدار:** چی دەڵێ؟

**دەمامکدار:** هیچ ئەندۆراییەک پێویست ناکا لە هیچ بترسێ.

**دەمامکدار:** ئەی پێڵاوەکان بۆ کوێ ببەین؟

(مامۆستا، بەبێ دەمامک دەچێتە ناوەڕاستی دەمامکدارەکانەوە و تاقە کەسێکە بە پێوەیە)

**مامۆستا:** ئەندری کوڕی منە.

**دەمامکدار:** خەتای ئێمە چییە؟

**مامۆستا:** گوێتان لێیە چی دەڵێم؟

**دەمامکدار:** چی دەڵێ؟

**دەمامکدار:** گوایە ئەندری کوڕێتی.

**دەمامکدار:** ئەی بۆ خۆی دەشارێتەوە؟

**مامۆستا:** من دەڵێم: ئەندری کوڕی منە.

**دەمامکدار:** بەهەرحاڵ ئەو بەردەکەی هاویشتووە.

**مامۆستا:** کێ لە ئێوە ئەمە دەڵێ؟

**دەمامکدار:** پێڵاوەکان بۆ کوێ ببەین؟

**مامۆستا:** بۆچی درۆ دەکەن؟ یەکێک لە ئێوە ئەمەی کردووە. بۆچی دەڵێن کە کوڕەکەی من ئەمەی کردووە—

(دەنگی تەپڵ)

کێ لەناویاندا بکوژەکەیە لێی ناکۆڵرێتەوە. دای دەپۆشن! ناتانەوێ بیزانن. دای دەپۆشن! کە یەکێک لەوساوە بە دەستی بکوژەوە خزمەتتان دەکا، پێی قەڵس نابن. خۆشگوزەرانی هەموو شتێکە! ساقی بە ساقێتی دەمێنێتەوە، پزیشکی گشتی

به پزیشکی گشتی دەمێنێتەوە. سەیریان بکە! چۆن بە ڕەزم و نەزم پێڵاوەکانیان ئامادە دەکەن. هەموو شتێک بە پێی لافیتە! بەڵام یەکێک لەوان بکوژە نەگریسەکەیە. دای پۆشن! تەنیا ڕقیان لەو کەسە دەبێتەوە، کە بیریان دەخاتەوە–

(دەنگی تەپڵ)

ئێوە گەلێکن! خوای گەورەی ئاسمان، کە لە بەختی ئێوەدا نییە، ئێوە گەلێکن!

(سەربازەکە بە تەپڵەکەیەوە دەردەکەوێ)

**سەرباز:** ئامادەن؟

(هەموو دەمامکدارەکان هەڵدەستنە سەر پێ، پێڵاوەکانیان بە دەستەوەیە)

پێڵاوەکان لە گۆڕەپانەکە دەمێننەوە، بەڵام بە ڕێکوپێکی. وەکو سوپا. تێ گەیشتن؟ پێڵاو لە پاڵ پێڵاوەوە. دەی؟ سوپا بەرپرسیارە لە هێمنی و نەزم. ئەمە چۆن هەستێک دروست دەکا! من گوتم: پێڵاو لە پاڵ پێڵاوەوە. لێرە نابێ نقە بکرێ.

(سەربازەکە ڕیزی پێڵاوەکان دەپشکنێ)

ئەمانەی ئێرە!

**دەمامکدار:** من ساقییەکەم.

**سەرباز:** زۆر لە دواوەیە!

(دەمامکدارەکە پێڵاوەکانی ڕێک دەخا)

من جارێکی تر فەرمانەکان دەخوێنمەوە.

(بێدەنگی)



«هاووڵاتییانی ئەندۆرا! پشکنینی جوولەکە هەڵسانە بە کارێکی پێویست بۆ پاراستنی دانیشتووان لە ناوچە ئازادکراوەکان، بەتایبەتی بۆ هێنانە ئارای هێمنی و نەزم. هیچ ئەندۆراییەک پێویست ناکات لە هیچ شتێک بترسێ، بۆ ڕینوێنییەکانی جێبەجێکردن سەیری یافتە زەردەکان بکەن». ئارامی! «ئەندۆرا ١٥ی ئەیلوول. فەرماندەی گشتی». –بۆچی پەڕۆت لە سەر نییە؟

**مامۆستا:** کوڕەکەم لە کوێیە؟

**سەرباز:** کێ؟

**مامۆستا:** ئەندری لە کوێیە؟

**سەرباز:** لێرەیە، خەم مەخۆ، بە ناو تۆڕەکەدا تێ نەپەڕیوە، مارش دەکا. بە پێی پەتی وەکو هەموو ئەوانی تر.

**مامۆستا:** تێ گەیشتی من چیم گوت؟

**سەرباز:** ڕێک بن! لەوەی پێشتانەوە نزیک ببنەوە!

**مامۆستا:** ئەندری کوڕی منە.

**سەرباز:** ئێستا بۆمان دەردەکەوێ–

(دەنگی تەپڵ)

خۆتان ڕێک بخەن.

(سەرپۆشدارەکان خۆیان ڕێک دەخەن)

دەی، هاووڵاتییانی ئەندۆرا، تێ گەیشتن: تاقە وشەیەک قسە ناکرێ، کاتێ پشکنینی جوولەکە دەست پێ دەکا. ئەمە ڕوونە؟ لێرە بە ڕێکوپێکی کار دەکرێ، ئەمە گرینگە. کە فیکە

دەکێشرێ: لە جێی خۆتان ڕاوەستێن. تێ گەیشتن؟ داواتان لێ ناکرێ ڕێک ڕاوەستێن. ئەمە ڕوونە؟ ڕێک ڕاوەستان تەنیا لە سوپادا دەکرێ، چونکە مەشق دەکرێ. هەر کەس جوولەکە نەبێ، ئازادە. واتە: یەکسەر دەچنە سەر کاری خۆتان. من لە تەپڵەکە دەدەم.

(سەربازەکە لە تەپڵ دەدا)

یەک بە دوای یەکدا. هەر کەسێ ڕانەوەستێ کاتێ پشکنەری جوولەکە فیکە لێ دەدا یەکسەر بە گوللە دەکوژرێ. ئەمە ڕوونە؟

(زرنگەی زەنگ)

**مامۆستا:** لەم کاتەدا قەشە لە کوێیە؟

**سەرباز:** بۆ جوولەکەکە نزا دەکا!

**مامۆستا:** قەشە ڕاستی دەزانێ–

(سەیرکەری جوولەکە دەردەکەوێ)

**سەرباز:** بێدەنگی!

(سەربازە ڕەشەکان چەکەکانیان نمایش دەکەن و بەو شێوە وەستانە دەمێننەوە هەتا پشکنەری جوولەکە وەکو کارمەندێکی سادە ڕەفتار دەکا، لە ناوەڕاستی گۆڕەپانەکەدا لەسەر کورسییەک دادەنیشێ. سەربازەکان چەکەکانیان لە تەک پێڵاوەکانیانەوە داناوە. پشکنەری جوولەکە چاویلکەکەی لە چاو لادەبا، پاکی دەکاتەوە، جارێکی تر لە چاوی دەکاتەوە. ئێستا مامۆستا و دایکیش سەپۆشیان لە سەر کردووە. پشکنەری جوولەکە چاوەڕێ دەکا، هەتا زرنگەی زەنگ کۆتایی دێ، ئەمجا



ئاماژە دەکا؛ دوو فیکە)

یەکەم!

(کەس لە جێی خۆی ناجووڵێ)

دەی، بۆ پێشەوە، دەی!

(گەمژەکە یەکەم کەسە کە دەڕوا)

تۆ نا!

(پێکەنینی ترس لەناو سەرپۆشدارەکانەوە بەرز دەبێتەوە)

بێدەنگی!

(لێدانی تەپڵ)

چی ڕووی داوە، بە لەعنەت بن، ئێوە دەبێ وەکو هەموو کات بە گۆڕەپانەکەدا بڕۆن. دەی بۆ پێشەوە!

(کەس لە جێی خۆی ناجوولێتەوە)

هیچ ئەندۆراییەک پێویست ناکا بترسێ...

(باربلین، بە سەرپۆشەوە دەچێتە پێشەوە)

بۆ ئێرە!

(باربلین دەچێتە بەردەم پشکنەری جوولەکە و پەڕۆ ڕەشەکە فڕێ دەداتە بەردەم پۆستاڵەکەی)

ئەمە چییە؟

**باربلین:** ئەمە ئاماژەکەیە.

(جووڵە دەکەوێتە ناو دەمامکدارەکانەوە)

پێی بڵێ: هیچ ئەندۆراییەک بە گۆڕەپانەکەدا ناڕوا! هیچ یەکێک لە ئێمە! دەبێ ئێمە بەر قامچی بدەن. پێی بڵێ! دەبێ

هەموومان گوللەباران بکەن.

(دوو سەربازی ڕەش باربلین بە توندی دەگرن، کە بەبێ ئاکام بەرهەڵستی دەکا. کەس نابزوێ. سەربازە ڕەشەکانی چواردەور میلی تفەنگەکانیان هێناوەتەوە. هەموو شتێک بێدەنگە. باربلین پەلکێش دەکرێ)

**سەرباز:** ... دەی ئێستا. یەک لە دوای یەک. دەبێ قامچیکاریتان بکەین؟ یەک لە دوای یەک.

(ئێستا دەست بە ڕۆیشتن دەکەن)

لەسەرخۆ، لەسەرخۆ!

(ئەوەی تێ دەپەڕێ سەرپۆشە ڕەشەکە لە سەری دەکاتەوە)

وتم، سەرپۆشەکان قەد دەکرێن. بەڵام بە ڕێکوپێکی! ئایا ئێمە لێرە لە پشتیری بەرازداین؟ دروشمی شکۆداری دەچێتە لای ڕاستی سەرەوە. دەبێ بێگانەکانمان چۆن بیر بکەنەوە.

(ئەوانی تر زۆر لەسەرخۆ دەڕۆن)

بەڵام بۆ پێشەوە بۆ ئەوەی پشوو بدەین.

(پشکنەری جوولەکە بە ئاگەدارییەوە لە ڕۆیشتنیان ورد دەبێتەوە، بەڵام بەبێ پەروایی ڕاهاتوویی و دڵنیایی خۆی وەڕەس دەبێ. یەکێک پێی لە بەردێک هەڵدەکەوێ)

سەیری ئەمە کەن!

**دەمامکدار:** من ناوم پرادەرە.

**سەرباز:** بەردەوام بن.

**دەمامکدار:** ئەوە کێ بوو پێی خستە بەر پێم؟



**سەرباز:** کەس.

(دارتاشەکە سەرپۆشەکەی لا دەبا)

بەردەوام بن، دەڵێم، بەردەوام بن. ئەوی تر. هەر کەسێک تێ پەڕی یەکسەر پێڵاوەکانی دەبا. دەبێ هەموو شتێکتان پێ بوترێ، خوای گەورە، وا هەست دەکەم لە باخچەی منداڵاندام؟

(لێدانی تەپڵ)

**دارتاش:** یەکێک پێی خستە بەر پێم.

**سەرباز:** بێدەنگیی!

(کەسێک بە ئاراستەیەکی هەڵەدا دەڕوا)

وەکو مریشک، هەر وەکو مریشک.

(هەندێ لەوانەی تێ پەڕیون لەژێر لێوەوە پێ دەکەنن)

**دەمامکدار:** من پزیشکی گشتیم.

**سەرباز:** باشە، باشە.

(دوکتۆر سەرپۆشەکەی لادەبا)

پێڵاوەکانت ببە.

**دوکتۆر:** من ناتوانم ببینم ئەگەر پارچەپە ڕۆیەک بە سەروچاومەوە بێ. من وا ڕانەهاتووم. چۆن دەتوانم بڕۆم ئەگەر زەوییەکە نەبینم!

**سەرباز:** بەردەوام بن، دەڵێم، بەردەوام بن.

**دوکتۆر:** ئەمە زۆر ناپەسەندە.

**سەرباز:** ئەوی تر.

(دەنگی تەپڵ)

ناتوانن پێڵاوە لەعنەتییەکانتان لە ماڵەوە لە پێ کەن؟ وتم هەر

کەسێ ئازادە پێڵاوەکەی ببا و ون بێ. چییە بە دەوروبەردا وەستاون و بە چاوی زەقەوە سەیر دەکەن؟

(لێدانی تەپڵ)

ئەوی تر.

**دوکتۆر:** پێڵاوەکانم لە کوێن؟ یەکێک پێڵاوەکانی منی بردووە. ئەمانە پێڵاوی من نین.

**سەرباز:** بۆ ئەو پێڵاوانە دەبەی؟

**دوکتۆر:** لە جێگەکەی من دانراون.

**سەرباز:** واتە وەکو باخچەی منداڵان!

**دوکتۆر:** گوایە ئەمانە پێڵاوی منن؟

(لێدانی تەپڵ)

من بەبێ پێڵاوەکانم ناڕۆم.

**سەرباز:** ئێستا کێشە دروست مەکە.

**دوکتۆر:** من بە پێی پەتی ناڕۆم. من ڕانەهاتووم. بە ئەدەبیش قسە لەگەڵ من بکە. من ئەم تۆنی دەنگە قبووڵ ناکەم.

**سەرباز:** بەڵام چی ڕووی داوە؟

**دوکتۆر:** من کێشە دروست ناکەم.

**سەرباز:** من نازانم ئێوە چیتان دەوێ.

**دوکتۆر:** پێڵاوەکانم.

(پشکنەری جوولەکە ئاماژەیەک دەکا؛ فیکەیەک لێ دەدرێ)

**سەرباز:** من لە کاردام.

(دەنگی تەپڵ)



ئەوی تر.

(کەس ناجووڵێ)

**دوکتۆر:** ئەمانە پێڵاوی من نین!

(سەرباز پێڵاوەکانی لە دەست دەسێنێ)

من سکاڵا دەکەم، بەڵێ، من سکاڵا دەکەم، یەکێک پێڵاوەکانی لەگەڵ پێڵاوەکانی مندا گۆڕیوە، تەنیا یەک هەنگاو ناڕۆم، ئەگەر یەکێکیش لێم تووڕە بێ، ئەوا هەر ناڕۆم.

**سەرباز:** ئەم پێڵاوانە هیی کێن؟

**دوکتۆر:** من ناوم فێرێرە–

**سەرباز:** ئەم پێڵاوانە هیی کێن؟

(پێڵاوەکان دەخاتە سەر سەکۆکە)

بۆمان دەردەکەوێ!

**دوکتۆر:** من باش دەزانم هیی کێن.

**سەرباز:** بەردەوام بن!

(لێدانی تەپڵ)

یەکێکی تر.

(کەس ناجووڵێ)

**دوکتۆر:** –دۆزیمنەوە.

(کەس ناجووڵێ)

**سەرباز:** کێی تر ترسی هەیە؟

(جارێکی تر یەک بە دوای یەکدا دەڕۆن، شێوەو ڕێبازەکە زۆر باش بەڕێوە دەچێ، بەجۆرێک دەبێتە مایەی وەڕسی. یەکێک

لەوانەی تێ پەڕیوە و لە بەردەم پشکنەری جوولەکەدا پەڕۆکەی لە سەر خۆی دەکاتەوە خەلفەکەیە)

**خەلفە:** نیشانەی شکۆداری چۆنە؟

**کەسێک:** لە سەرەوە لە دەستە ڕاستەوە.

**خەلفە:** ئایا تێپەڕ بووە؟

(جوولەکە پشکنەرەکە جارێکی تر ئاماژە دەکا؛ سێ فیکە لێ دەدرێ)

**سەرباز:** ڕاوەستە!

(سەرپۆش لەسەرەکە دەوەستێ)

پەڕۆکە لابە

(سەرپۆش لەسەرەکە ناجوولێ)

پەڕۆکەت لابە، جوولەکە، گوێت لێ نییە.

(سەربازەکە دەچێ بۆ لای سەرپۆش لەسەرەکە و پەڕۆکە لە سەری دادەماڵێ، کەسێکە، لە ترسدا ئەبڵەق بووە)

ئەو نییە. تەنیا لەبەرئەوە ئاوەها دێتە بەرچاو چونکە دەترسێ.

ئەو نییە. مەترسێ! ئەو زۆر بەشێوەیەکی تر دێتە بەرچاو، کە زەوقی هەبێ...

(پشکنەری جوولەکە هەڵدەستێتە سەر پێ، بە دەوری کەسێکدا دەسووڕێتەوە، بە درێژی و کارمەندانە لێی ورد دەبێتەوە– بێ لایەنانە– بە ویژدانەوە. کەسێک بە ئاشکرا شێوەی خۆی دەگۆڕێ. پشکنەری جوولەکە قەڵەمێک دەخاتە ژێر چەناگەی)

مرۆڤ، سەرت بەرزکەرەوە، وەکو کەسێک سەیر مەکە!



(پشکنەری جوولەکە لە پێی ورد دەبێتەوە، دادەنیشێتەوە و ئاماژەیەکی بێ پەروایانە دەکا)

مرۆڤ، بڕۆ!

(ئاپۆرەکە هێور دەبێتەوە)

**دوکتۆر:** بە هەڵەدا ناچێ. چیم وت؟ هەرگیز هەڵە ناکا، نیگایەکی تایبەتی هەیە...

(تەپڵ لێ دەدرێ)

**سەرباز:** یەکێکی تر.

(جارێکی تر بە ڕەوتی قاز دەڕۆن)

ئەم چەپەڵییە چییە، تاقە یەک دەستەسڕی خۆتان پێ نییە، کە ئارەقە بکەن، دەبێ بڵێم.

(دەمامکدارێک بەردەکە هەڵدەگرێ)

های، ئەوە چی دەکا؟

**دەمامکدار:** من ساقیم–

**سەرباز:** بۆ خەمی ئەم بەردەتە؟

**دەمامکدار:** من ساقیم– من– من–

(ساقی بە دەمامکەوە دەمێنێتەوە)

**سەرباز:** لەبەرئەوە خۆتان پیس نەکەن!

(لێرە و لەوێ قاقای پێکەنین دێ، وەکو چۆن مرۆڤ بە فیگەرێکی تەوسئامێز پێ دەکەنێ، ئەم دڵخۆشییە پڕ لە ترسە بە سێ فیکە دەپچڕێ کە بە ئاماژەی پشکنەری جوولەکە لێ دەدرێن)

ڕاوەستە!

(مامۆستا سەرپۆشەکە لادەبا)

تۆ نا، ئەوەی ئەوێ، ئەوی ترە!

(سەرپۆش لەسەرەکە ناجووڵێ)

سەرپۆشەکە لابە.

(جوولەکە پشکنەر هەڵدەستێتە سەر پێ)

**دوکتۆر:** نیگایەکی هەیە. چیم وت؟ بە ڕەوت دەیناسێتەوە...

**سەرباز:** سێ هەنگاو بچۆ پێشەوە!

**دوکتۆر:** دۆزییەوە...

**سەرباز:** سێ هەنگاو بۆ دواوە!

(سەرپۆشدارەکە بە قسەی دەکا)

پێ بکەنە!

**دوکتۆر:** بە پێکەنین دەیناسێتەوە...

**سەرباز:** پێ بکەنە! یان تەقە دەکەن.

(سەرپۆشدارەکە هەوڵ دەدا پێ بکەنێ)

بەرزتر!

(سەرپۆشدارەکە هەوڵ دەدا پێ بکەنێ)

**دوکتۆر:** ئەگەر ئەمە پێکەنینی جوولەکانە نەبێ...

(سەربازەکە پاڵ بە سەرپۆشدارەکەوە دەنێ)

**سەرباز:** سەرپۆشەکە لابە، جوولەکە، سوودی نییە. سەرپۆشەکە لابە.
ڕووت پێشان دە. یان تەقە دەکەن.



**مامۆستا:** ئەندری؟

**سەرباز:** هەتا سێ دەژمێرم.

(دەمامکدارەکە ناجووڵێ)

یەک–

**مامۆستا:** نە!

**سەرباز:** دوو–

(مامۆستا سەرپۆشەکەی لە سەر دەکاتەوە)

سێ...

**مامۆستا:** کوڕەکەم!

(جوولەکە پشکنەر بە دەوری ئەندریدا دێ و لێی ورد دەبێتەوە)

کوڕی منە!

(پشکنەری جوولەکە سەیری پێی دەکا، ئەمجا ئاماژەیەک دەکا، هەر وەکو پێشوو تر بێ پەروا، بەڵام ئاماژەیەکی تر، دوو سەربازی ڕەش ئەندری دەگرن)

**دارتاش:** با بڕۆین.

(دایک دەچێتە پێشەوە و پەڕۆکە دەکاتەوە)

**سەرباز:** ئێستا ئەو چیی دەوێ؟

**دایک:** من ڕاستی دەڵێم.

**سەرباز:** ئەندری کوڕی تۆیە؟

**دایک:** نەخێر.

**سەرباز:** گوێتان لێیە؟ گوێتان لێیە؟

**دایک:** بەڵام ئەندری کوڕی مێردەکەمە–

**دارتاش:** دەبێ بیسەلمێنێ.

**دایک:** ئەمە ڕاستییە. ئەندری بەردەکەی نەهاویشتووە، ئەمەش دەزانم، چونکە ئەندری لە ماڵەوە بوو کاتێ ئەوە ڕووی دا. سوێند دەخۆم. من خۆم لە ماڵەوە بووم. ئەمە دەزانم و سوێند بە خوا دەخۆم، خوای گەورە، کە بۆ هەموو کات دادوەرمانە.

**ساقی:** درۆ دەکا.

**دایک:** بەری دەن!

(پشکنەری جوولەکە جارێکی تر هەڵدەستێ)

**سەرباز:** بێدەنگی!

(پشکنەری جوولەکە جارێکی تر دەچێتەوە بۆ لای ئەندری و پشکنینەکە دووبارە دەکاتەوە، ئەمجا گیرفانەکانی ئەندری وەردەگێڕێتەوە، چەند پارچە پارەیەکی ئاسن دەکەون، ئەندرۆراییەکان خۆیان لەو پارانە لادەدەن کە خل دەبنەوە، وەکو خۆیان لە ئاگرپژێن لابدەن، سەربازەکە پێ دەکەنێ)

پارەی جوولەکە.

**دوکتۆر:** ئەو هەڵە ناکا...

**مامۆستا:** پارەی جوولەکەی چی؟ پارەی ئێوە، پارەی ئێمە. ئەی ئێوە خۆتان چی پارەیەک لە گیرفاتاندایە؟

(پشکنەری جوولەکە دەست لە قژەکەی ئەندری دەدا)

بۆ بێدەنگی؟

(ئەندری زەردەخەنە دەکا)



کوڕی منە، نابێ بمرێ، کوڕەکەم، کوڕەکەم!

(پشکنەری جوولەکە دەڕوا، ڕەشەکان چەکەکانیان پێشان دەدەن؛ سەربازەکە ڕێبەری دەگرێتە دەست)

**سەرباز:** ئەم ئەڵقەیەت لە کوێ بوو؟

**دارتاش:** شتی بە نرخیشی هەیە...

**سەرباز:** بێنە!

**ئەندری:** نەخێر.

**سەرباز:** دەڵێم بێنە!

**ئەندری:** نە تکایە...

**سەرباز:** یان پەنجەت دەپەڕێنن.

**ئەندری:** نەخێر! نەخێر!

(ئەندری بەرهەڵستی دەکا)

**دارتاش:** چۆن بۆ شتە بە بەهاکانی تێ دەکۆشێ...

**دوکتۆر:** با بڕۆین...

(ئەندری بە سەربازی ڕەش دەورە دراوە و نابینرێ، کاتێ قیژە و هاواری دەبیسترێ، ئەمجا بێدەنگی. ئەندری دەبرێ)

**مامۆستا:** خۆتان مەلاس دەن. بڕۆنەوە بۆ ماڵەوە. ئێوە لەبارەی هیچ شتێک نازانن. ئێوە نەتانبینی. قێزتان بێتەوە. بچنەوە بۆ ماڵەوە و لە بەردەم ئاوێنەکانتان بڕشینەوە.

(ئەندۆراییەکان بە هەموو ئاراستەکاندا بڵاوەی لێ دەکەن، هەر کەسەو پێڵاوی خۆی دەبا)

**سەرباز:** ئەو ئیتر پێویستی بە پێڵاو نییە.

(سەربازەکە دەڕوا)

**کەسێک:** جوولەکەی بەستەزمان.

(کەسێک دەڕوا، ئەوانی تر بە ئاراستەی مەیخانەکە دەڕۆن)

**دارتاش:** برەندییەک بۆ من.

**دوکتۆر:** بۆ منیش برەندییەک.

**دارتاش:** پێڵاوەکانی هێشتا لێرەن.

**دوکتۆر:** با بچینە ژوورەوە.

**دارتاش:** مەسەلەی پەنجەکە زۆر بوو...

(دارتاش، دوکتۆر و ساقی دەچنە ناو مەیخانەکەوە. دیمەنەکە تاریک دەبێ. ئۆرکسترۆنەکە لە خۆوە دەست بە مۆسیقالێدان دەکا، هەمان ئەو قەوانەی پێشوو. کە دیمەنەکە ڕووناک دەبێتەوە، باربلین کەوتووەتە سەرچۆک و قیری گۆڕەپانەکە سپی دەکا. باربلین سەری تاشراوە. قەشە دەردەکەوێ. مۆسیقا دەوەستێ)

**باربلین:** من بۆیەی سپی دەکەم، من بۆیەی سپی دەکەم.

**قەشە:** باربلین!

**باربلین:** خاوەن شکۆ بۆچی دەبێ ماڵەکەی باوکم سپیی نەکەم؟

**قەشە:** تۆ قسەی هەڵەتوپەڵەت دەکەی.

**باربلین:** من بۆیەی سپی دەکەم.

**قەشە:** ئەمە خانووی باوکت نییە باربلین.

**باربلین:** من بۆیەی سپی دەکەم، من بۆیەی سپی دەکەم.

**قەشە:** هیچ سوودی نییە.



**باربلین:** هیچ سوودی نییە.

(ساقی دەردەکەوێ)

**ساقی:** ئەوە لێرە چی دەکا؟

**باربلین:** پێڵاوەکانی لێرەن.

(ساقی دەیەوێ پێڵاوەکانی بهێنێ)

ڕاوەستێ!

**قەشە:** عەقڵی لە دەست داوە.

**باربلین:** من بۆیەی سپی دەکەم، من بۆیەی سپی دەکەم. ئێوە لێرە چی دەکەن؟ ئەگەر ئێوە نابینن من چی دەبینم، ئەوا دەبینن: من بۆیەی سپی دەکەم.

**ساقی:** واز بێنە!

**باربلین:** خوێن، خوێن، لە هەموو شوێنێ.

**ساقی:** ئەمانە مێزی منن!

**باربلین:** مێزی من، مێزی تۆ، مێزی ئێمە.

**ساقی:** با واز بێنێ!

**باربلین:** تۆ کێی؟

**قەشە:** من هەموو هەوڵێکم دا.

**باربلین:** من بۆیەی سپی دەکەم، من بۆیەی سپی دەکەم، بۆ ئەوەی ئەندۆرایییەکی سپیمان هەبێ، بکوژینە، ئەندۆرایییەکی وەکو بەفر سپی، من هەمووتان سپی دەکەم– هەموو.

(سەربازی پێشوو دەردەکەوێ)

دەبێ وازم لێ بێنێ، خاوەن شکۆ، چاوی لە من بڕیوە، خاوەن

شکۆ، من مارە بڕاوم.

**سەرباز:** تینوومە.

**باربین:** نامناسێتەوە.

**سەرباز:** ئەمە کێیە؟

**باربلین:** باربلینی سۆزانیی جوولەکەیە.

**سەرباز:** ون بە لە بەرچاوم!

**باربلین:** تۆ کێی؟

(باربلین پێ دەکەنێ)

تەپڵەکەت لە کوێیە؟

**سەرباز:** پێ مەکەنە!

**باربلین:** براکەمت بۆ کوێ برد؟

(دارتاش لەگەڵ خەلفەکەدا دەردەکەوێ)

لە کوێوە دێن، ئێوە هەمووتان، بۆ کوێ دەچن، ئێوە هەمووتان، بۆ ناچنەوە بۆ ماڵەوە، ئێوە هەمووتان، ئێوە هەمووتان، خۆتان هەڵناواسن؟

**دارتاش:** چی دەڵێ؟

**باربلین:** ئەویش!

**ساقی:** تێک چووە.

**سەرباز:** لێرەی دوور خەنەوە.

**باربلین:** من بۆیەی سپی دەکەم.

**دارتاش:** ئەمە یانی چی؟



**باربلین:** من بۆیەی سپی دەکەم، من بۆیەی سپی دەکەم.

(دوکتۆر دەردەکەوێ)

پەنجەیەکتان نەبینوە؟

(دوکتۆر زمانی بەستراوە)

پەنجەیەکتان نەبینوە.

**سەرباز:** بەڵام ئێستا بەسە!

**قەشە:** وازی لێ بێنە.

**ساقی:** بێزارکەرێکی گشتییە.

**دارتاش:** با وازمان لێ بێنێ.

**ساقی:** ئێمە چی بکەین؟

**خەلفە:** من ئاگەدارم کردووەتەوە.

**دوکتۆر:** من لەو بڕوایەدام جێگەی شێتخانەیە.

(باربلین خەیاڵ بردوویەتییەوە)

**قەشە:** باوکی لە پۆلدا خۆی هەڵواسیوە. بە دوای باوکیدا دەگەڕێ، بە دوای قژەکەی خۆیدا دەگەڕێ، بە دوای براکەیدا دەگەڕێ.

(هەموویان جگە لە قەشە و باربلین دەچنە ناو مەیخانەکەوە)

باربلین، گوێت لێیە، کێ قسەت بۆ دەکا؟

(باربلین قیرەکە سپی دەکا)

من هاتووم بۆ ئەوەی بتبەمەوە بۆ ماڵەوە.

**باربلین:** من بۆیەی سپی دەکەم.

**قەشە:** من باوکە بەنەدیکتم.

(باربلین قیرەکە سپی دەکا)

من باوکە بەنەدیکتم.

**باربلین:** باوکە بەنەدیکت، تۆ لە کوێ بووی کاتێ براکەمیان وەکو ئاژەڵی سەربڕین برد، وەکو ئاژەڵی سەربڕین، لە کوێ؟ باوکە بێنێدیکت ڕەش بووی...

(قەشە بێدەنگ دەبێ)

باوکە مرد.

**قەشە:** باربلین، دەزانم.

**باربلین:** ئەی قژەکەم؟

**قەشە:** من هەموو ڕۆژێک دوعا بۆ ئەندری دەکەم.

**باربلین:** ئەی قژەکەم؟

**قەشە:** قژەکەت، باربلین، جارێکی تر درێژ دەبێتەوە–

**باربلین:** وەکو گژوگیا لە گۆڕەکانەوە.

(قەشە دەیەوێ باربلین لەگەڵ خۆیدا بەرێ، بەڵام لە پڕ باربلین ڕادەوەستێ و دەگەڕێتەوە بۆ لای پێڵاوەکان)

**قەشە:** باربلین– باربلین...

**باربلین:** پێڵاوەکانی لێرەن. دەستیان لێ مەدەن! کە جارێکی تر دەگەڕێتەوە، پێڵاوەکانی لێرەن.



ناوەڕۆک

پێشەکی ..... 5
وێنەی یەکەم ..... 13
دیمەنی دووەم ..... 49
وێنەی سێیەم ..... 55
وێنەی چوارەم ..... 64
وێنەی پێنجەم ..... 78
وێنەی شەشەم ..... 80
وێنەی حەوتەم ..... 89
وێنەی هەشتەم ..... 98
وێنەی نۆیەم ..... 114
وێنەی دەیەم ..... 128
وێنەی یازدە ..... 138
وێنەی دوازدە ..... 147